# شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری

## بەرکولێک لە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی

**دیدار و کۆکردنەوە**

سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

**دارِشتن و پێداچوونەوە**

دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک)

لە بڵاوکراوەکانی

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٢

- **ناوی کتێب**: شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری
- **دیدار و کۆکردنەوە:** سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی
- **داڕشتن و پێداچوونەوە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)
- **دیزاینی ناوەوە و بەرگ:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)
- **ساڵ و شوێنی چاپ:** ٢٠٢٢- هەولێر
- **چاپخانە:** دانیشفەڕ
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٨٢) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

لەناو کورددا نەبوو پەیمان شکاندن

لە کوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

هێمن موکریانی

**پێشکەشە بە:**

- گیانی بەرزەفڕی ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگارییخوازی کورد

- ئەوانەی بە چـــالاکییە بێ هاوتاکانیـــان ژیانیـــان لە چەتە و چڵکاوخۆرەکانی داگیرکار هەراسان کردبوو

# ناوەڕۆک


• پێشەکی .......................................................................... ٩

• ڕەچەڵەکی بنەماڵەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان ........................ ١٣

• شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان کێیە؟ ........................................ ١٩

• شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و پێشمەرگایەتی ........................... ٢٣

• چەند چالاکییەکی پارتیزانی ................................................ ٢٩

• مەفرەزەی پارتیزانی پێشمەرگە بەرانبەر دوژمن و سیخوڕەکان ......... ٥١

• خەسلەتە پێشمەرگایەتییەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان ..................... ٥٥

• ڕۆڵی ڕێکخستەکان لە ئەنجامدانی چالاکییەکان ........................... ٦١

• پێکەوەنانی خێزان و چالاکیی پێشمەرگایەتی ................................ ٦٧

• خەمی دایکی پێشمەرگە و لە دەستدانی دوو جگەرگۆشە ................ ٧٧

• چۆنیەتی شەهیدبوونی دکتۆر و پێنج هاوسەنگەرەکەی .................. ٨٣

• وەفای سەرۆک بارزانی بەرانبەر کەسوکاری شەهیدی قارەمان دکتۆر عەبدولڕەحمان ........................................................................ ٩٣

• دکتۆر عەبدولڕەحمان لە دیدی هاوڕێبازاکانییەوە ........................... ٩٧

• پێنج شەهیدە هاوسەنگەرەکان ................................................... ١١١

• کۆتایی ...................................................................................... ١٢١

• ئەلبوومی وێنەکان ...................................................................... ١٢٣


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

لە دیرۆکی بزاڤی ڕزگارییخوازی کورددا، قوتابیانی قوتابخانەی بـارزانی کە لە ئەدەبیـاتی خەبـاتی ڕزگارییـدا بە قوتابخـانەی کـوردایەتی نـاسراوە، بـێ هەژمار تەمەن و ژیانی خۆیان بە ڕزگـاریی نیشـتیمان بەخشـیوە و بە خـوێن ناوی خۆیان لە تۆماری شەهیدان تۆمـار کـردووە. ئەو کەڵەمێـرانە لە قۆنـاغە سەختەکانی خەباتدا، بە چـالاکییە ئاشـکرا و نهێنییەکانیـان، دژ بە دامودەزگـا داپلۆسێنەرەکان و چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم، لە لایەک ببوونە مۆتەکەی ژیانیـان، لە لایەکــی دی، دەزگاکــانی ڕژێمــی داگیرکــاریش بە هەمــوو شــێوازێک بە دوایانەوە بوون، بۆئەوەی لە دەرفەتێکی نـامەردانەدا شۆڕشـگێڕانی ڕزگـاریی کوردستان بخەنە داوی خۆیان و دەرگای قوتابخـانەی کـوردایەتی بـۆ هەتـایە دابخەن، بەڵام لە سایەی قارەمانیەتی ئەو شۆڕشگێڕە گیان لەسـەر دەسـتانەی ڕێبازی کوردایەتی، ڕژێم و بەشێکی زۆر لە دەسـتوپێوەندەکانیان کەوتـنە بەر نەفرەتی خوا، گەلی کوردیش سەربەرزانە لەسەر خـاکی نیشـتیماندا، خەبـات بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و باڵاکردنی دەسکەوتەکان دەکـات کە بە خـوێنی وشــک نەبــووی ڕۆڵەکــانی و قارەمــانیەتی پێشــمەرگە کۆڵنەدەرەکـانی بە دەستهاتوون.

ئەم پەرتووکە باس لە چیرۆکـی پێشـمەرگەیەکی ڕێبـازی بـارزانی و پـارتی

دیموکراتی کوردستان شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری دەکات، کە لە تەمەنێکی زوودا تێکەڵاوی سیاسەت و پێشمەرگایەتی دەبێت و بە چالاکییە کەموێنەکانی ئۆقرەی لە ڕژێم و چڵکاوخۆرەکانی بڕیبوو. بە قسەی هاوسەنگەرانی، دەشت و دۆڵەکانی ناوچەی سیدەکان، خەلان، مێرگەسۆر، شێرۆکیان، هەریر، دیانا، باڵەکایەتی و هەولێر، لە هەموو کەس باشتر شایەدی بۆ قارەمانیەتی شەهید عەبدولڕەحمان زراری دەدەن، تا لە پیلانێکدا بە چاوساغی و بەشداری گەلەجاشێک، لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لە گوندی جەرا، چواردەوریان دەگرن و هەر شەش پێشمەرگەی قارەمان (دکتۆر عەبدولڕەحمان، ئازاد، کاکەڕەش، فەرەیدون، غەفار و ئەبو هاشم) شەهید دەکەن. هەرچەندە دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری بە برینداری هەوڵی خۆدەربازکردن دەدات، بەڵام سەردەستەی چەتەکان بە شوێن چۆڕاوی خوێندا دەڕوات، تا لە ژێر دارێک دەیدۆزێتەوە، بە گوتەی شایەدحاڵەکان، سەرەتا داوای لێدەکات خۆی بە دەستەوە بدات، بەڵام شەهید عەبدولڕەحمان، ئەوەی بە زاریدا دێت، نایگێڕێتەوە و پێی دەڵێ: "پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی بە خۆبەدەستەوەدان ڕانەهاتووە و مردن لەپێناو نیشتیمان لەلای خەڵاتی خواییە، ئەگەر خۆت بە مەرد دەزانی، بمکوژە". سەردەستەی چەتە، لەبری ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و هەڵوەستەیەک لە سەر ناپاکییەکانی بکات، بە خوێنساردی بە دەستی خۆی شەهیدی دەکات. دواتر تەرمی پیرۆزیان بە هەلیکۆپتەر دەگوازنەوە فڕۆکەخانەی سەربازیی دیانا. دڕندە و چەتەکانی دوژمن، بە مردوویش هەترەشیان لە پێشمەرگە چووبوو، بۆیە لە ئاسمانەوە تەرمی پیرۆزیان هەڵدەدەنە خوارەوە.

ئەوەی لە سەرمایەی مادی و مەعنەوی لە لای کەسوکارەکەی ماوەتەوە، جگە لە شانازیکردن بە بوێری ڕۆڵەکەیان، کچە تاقانەکەی و ئەو جلکە خوێناوییەی شەهیدە کە تا ئێستاش پاراستوویانە.

لە پاڵ نووسینەوەی مێژوو، بە دیکیومێنت کردن و بڵاوکردنەوە و ڕاستکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەری کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەرکێکی دیکەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، نووسینەوە و بە زیندوو هێشتنەوەی مێژووی خەباتی شەهیدانە کە خوێنی خۆیان بە ڕزگاریی کوردستان بەخشیوە.

لەم سۆنگەوە، هەموو هەوڵێکی خۆمان دا دەستمان بە وردەکارییەکانی ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی ئەو قارەمانەی پارتی و بارزانی، شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان سلێمان قادر زراری بگات، چوونکە عادەتەن بیرەوەرییەکان لە زاری کەسی یەکەمەوە بێت، وردەکاری زیاتری تێدایە، بە ناچاری بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی خەباتە پاک و بێگەردەکەی، پەنامان بردە بەر ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ هاوسەنگەران و هەڤاڵانی شەهیدی نەمر، وێڕای ئەوەی هەموو هەوڵێکمان دا، بەڵام ڕەنگە هێشتا زۆر بەسەرهاتی دیکە مابێت، ئێمە پەیمان پێ نەبردبێت، یان دەستمان پێیان ڕانەگەیشتبێت.

ئەوەی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو قارەمانە، لە زاری هاوسەنگەرانیەوە بیستمان، وێڕای چالاکیە بوێرانەکانی دژ بە دوژمن و چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم، ئەو ڕاستیەشمان بۆ دەرکەوت، گەلێک خاوەنی ئەو ڕۆڵە چاونەترس و بوێرانە بێت، هەر دەبێت بە مافە سرووشتییەکانی بگات، بەڵام لە هەمووان بە سوێتر و ناخهەژێنتر، چۆنیەتی شەهیدبوونی ئەو

کەڵەمێـــردەی ڕێبـــازی بـــارزانییە، دیـــارە بە چاوســـاغی و دەستکێشـــی چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم و دوژمنـانی ئـازادیی کوردسـتان، لە پیلانێکـدا خـۆی و هەڤـاڵانی شـەهید کـران و بە خـوێنی ئـاڵی خۆیـان بـانگی ئازادییـان بـۆ کوردستانی بەخوێن سـووربوو، نووسـی و ئێمەیـان لە ژیـانی ژێردەسـتەیی و هاووڵاتی پلە دوو ڕزگار کرد، بۆیە یادکردنەوە و نووسینەوەی خەبـاتە بەرز و لەبیرنەکراوەکانیان ئەرکی ئـێمەیە، بـۆئەوەی نەوەکـانی ئێسـتا و داهـاتوو لە ڕاستی چۆنیەتی هاتنەئارای ئەو ئازادییە بگەن کە ئەمڕۆ هەیە.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دکتـۆر عەبـدولڕەحمان و گشـت شـەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)**

**هەولێر- ٢٠٢٢**

مكتبة النمري كتب

# ڕەچەڵەکی بنەماڵەی شەهید
# دکتۆر عەبدولڕەحمان

بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان، بە حوکمی هۆکارگەلێکی بەدەر لە توانا، کارێکی ئاسان نەبوو، تەنانەت لەبەرئەوەی نازناوەکەی بەناوی گوندی زرارای دەڤەری بارزانەوە بوو، زۆر کەس وایان هزر دەکرد کە لە بنەڕەتەوە خەڵکی ئەو دەڤەرەیە، بەڵام لەبەرئەوەی نووسینەوە و تۆمارکردنی ژیاننامە و چالاکییەکانی شەهیدان، لە کاری لە پێشینەمانە، بۆئەوەی نەوەی ئێستا و داهاتوو بە کەڵەمێرەکان ئاشنا بکەین، ڕادەستی زەحمەتییەکان نەبووین و لە سۆراغ و گەڕان بەردەوام بووین، بۆ ساغکردنەوەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی، سەرەنجام توانیمان خاتوو جیهان سلێمان قادری خوشکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و لە لایەنی کەسوکاری دایکییەوە، چەند خزمێکی نزیکی بدۆزینەوە و بە پوختی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی بۆ ئێوەی خۆشەویست بنووسینەوە.

بنەماڵەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان لە بنەڕەتەوە، خەڵکی گوندی شەمامەری دەشتی شەمامکن و دزەیین، کاتێک سلێمانی باوکی، تەمەنی تەنیا حەوت بەهار دەبێت، دایک و باوکی (خەجیج و قادر) لە دەست دەدات و بێ سەرپەرشت دەمێنێتەوە. وەک ئاداب و ئەرکێکی کۆمەڵگای

کوردەواری، مامێکی دەیگرێتە خۆ و بەخێوکردنی لە ئەستۆ دەگرێت. کاتێک هەراش دەبێت و ڕاست و چەپی خۆی دەناسێ، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و لەسەر پێ خۆوەستان، ڕوو لە شاری مووسڵ دەکات کە ئەوکات دەرفەتی کارکردن تێیدا فرەبوو، پاشان دەبێتە پۆلیس. دواتر لە ساڵی ١٩٤٧ دەگواسترێتەوە مێرگەسۆر و لەوێ دەستبەکار دەبێت و دەبێتە خۆشەویستی خەڵک و بە ڕەفتارە کوردەوارییەکانی جێگەی خۆی لەناو خەڵکەکە دەکاتەوە.

سلێمان قادر کە دوور لە سۆز و باوەشی میهرەبانی دایک و باوکی ژیاوە، پێشتر دووجار هاوسەرگیری کردووە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ منداڵێکی لێ پەیدا بێ، هەردوو هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکەن و ڕەبەن دەمێنێتەوە. کاتێک کارەکەی دەگواسترێتەوە مێرگەسۆر، لەوێ هاوڕێیەتی لەگەڵ شێخۆ ئیبراهیم زراری[1] پەیدا دەکات و دەبێتە جێی خۆشەویستی شێخۆ. لە ئەنجامی ئەو دۆستایەتییە، کاتێک شێخۆ زراری، سلێمان قادر هەڵدەسەنگێنێ و دەکەوێتە بەر دڵی، بیر لەوەی بیر لە خزمایەتی و دوورونزیکی نێوانیان بکاتەوە کە ئەوکات لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری

---

١- شێخۆ ئیبراهیم زراری، خەڵکی گوندی زرارای سەر بە قەزای مێرگەسۆرە، یەکێك لە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان و سوپای بەرگریکاری کۆماری کوردستان لە مەهاباد و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە، لە دایکەوە باپیری شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانە. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول گەڕاوەتەوە گوندەکەیان. ساڵی ١٩٧٩ بە بڕیارێکی شۆڤێنانەی حکومەتی بەعس، لەگەڵ تەواوی خەڵکی دەڤەرەکە ڕاگوێزراونەتە ئۆردوگای زۆرەملێی دیانا و هەمان ساڵ کۆچی دوایی کردووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

باوبوو، بە پەسندی دەزانێ عەیشێ خانی کچی پێشکەش بکات. بەرەنجامی ئەو هاوسەرگیرییەی نێوان خەجیج زراری و سلێمان شەمامکی، خوای گەورە، چوار منداڵی چاوگەشیان بەناوەکانی (عەبدولڕەحمان، شوکریە[1]، ئازاد و جیهان[2]) پێ دەبەخشێ، ئێستا لەو چوار منداڵە، تەنیا خاتوو جیهان لە ژیاندا ماوە.

سلێمان قادر شەمامکی، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی، پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، دوای ماوەیەکماڵەکەشی دەگوازێتەوە گەڵاڵە[3]، بەڵام

---

١- شوکریە سلێمان قادر: ساڵی ١٩٥٥ لە قەزای مێرگەسۆر سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، هاوسەرگیری کردبوو و خاوەنی پێنج کچ و سێ کوڕ بووە، لە ٣٠-٣-٢٠٢١ لە قەزای شەقڵاوە بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

٢- جیهان سلێمان قادر، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڵاڵەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی ئێران دەبێت و ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێنەوە و سەرەتا لە لایەن حکومەتی بەعس نەفی ناسریە دەکرێن، پاشان ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕینەوە و لە هەولێر نیشتەجێ دەبن، لە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٨٠دا بەهۆی ئەوەی دکتۆر عەبدولڕەحمانی برای پێشمەرگە بووە، لەگەڵ خوالێخۆشبوو دایکی چەندینجار دەستگیر دەکرێن و ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن. ساڵی ١٩٨٣ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کامەران عەبدوڵا کاوانی پێکهێناوە و خاوەنی پێنج کوڕ و چوار کچە و ئێستا بە دەست ئازاری نەخۆشی شێرپەنجەوە دەناڵێنێ. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

٣- شارەدێی گەڵاڵە دەکەوێتە سنووری باڵەکایەتی، سەرەتا ناوی (باڵەک) بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ گەڵاڵە و ڕووبەری ئەم ناحیەیە ٤٤٦، ٦ کم دووجایە. ئەم ناحیەیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا پێگەیەکی تایبەتی هەبوو. لە (١٩٨١/٨/٨)

کاتێک ساڵی ١٩٧٤ فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەوسای عێراق، گەڵاڵە بۆمباران دەکەن، بە ماڵ و منداڵەوە ڕوو لە وڵاتی ئێران دەکات و ئاوارە دەبێت.

وەک ئاماژەمان پێدا، بنەماڵەی سلێمان قادر، لە بنەڕەتەوە خەڵکی دەشتی شەمامکی سەر بە پارێزگای هەولێرن، پێناچێت کەسی نزیکیان لە ژیاندا مابێت، جگە لە برازایەکی سلێمان بەناوی ئیبراهیم، ئەویش دوای نسکۆی شۆڕش لە ئەنجامی ڕێککەوتنە شوومەکەی (ڕێککەوتنی جەزائیر[١])،

---

لەلایەن ڕژێمەوە تەواوی خەڵکی گەڵاڵە بۆ ئۆردوگای گەڵاڵەلە سەنتەری قەزای سۆران ڕاگوێزرا و چۆلکرا، بەڵام لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستان گەڵاڵە وەک سەرەتایەک ئاوەدان کرایەوە. لە ڕووی کارگێڕیەوە سەربە قەزای (چۆمان)ەو نزیکەی یەک کیلۆمەترونیو لە ڕێگای هاملتۆن و نزیکەی (٧) کیلۆمەتریش لە سەنتەری قەزای چۆمانەوە دوورە، شوێنە گەشتوگوزارییەکانی بریتین لە (گۆڕەدێر، باخەلان، کانیەزیل، بێرەش)ە، هەروەها کێوەکانی (شاخی ڕەش، شاخی سپی، بەری تاوسکان، شاخی سێلم، کێوی سۆری دەران، کێوی بەرسەرتیل، چیای بەردی غەربووکێ، شاخی کاریتە، شاخی دوکنەوسێ، کێوی بەردی کۆزێ، چیای بەردەبووک) لە خۆدەگرێت. هەردوو ڕووباری (شیوێ تەنگی، کوێستانی گەڵاڵە)ی پێدا ڕەت دەبێ.

١- ڕێککەوتنی جەزائیر: لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی، بۆ بۆ یەکەمینجار بە یەکدەنگ و یەکڕەنگ، شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بەناوی شۆڕشی ئەیلوول لە سەرانسەری کوردستانی باشوور دەستی پێکرد، دوای هەوڵەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ دامرکاندنەوەی بڵێسەی شۆڕش، دواجار ڕژێمی ئەوسای عێراق لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بە ناچاری ملی بۆ داخوازییەکانی شۆڕشی ئەیلوول دا و ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول واژوو کرد، بەڵام دوای چوار ساڵ، لە ڕێککەوتننامەکە پەشیمان بووەوە و دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە، پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول شکستیان بە هێرش و پەلامارەکانی سوپای

"ئیبراهیم"یش وەک زۆر خەڵکی دیکەی لایەنگری شۆڕشی ئەیلوول، ئاوارەی ئێران دەبێت، سەرەتا لە زێوە دادەنیشت، پاشان لە شەڕی بەرەی شنۆ بەشدار دەبێت و شەهید دەبێت، تا ئێستاش نازانرێت تەرمەکەی چی بەسەر هاتووە.

لە دیدارێکدا، فریاد شێخۆ زراری[1] خاڵی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان، بەم شێوەیە باسی تێکەڵاوبوونی بنەماڵەکەیان لەگەڵ بنەماڵەی سلێمان قادر دەکات: "خوالێخۆشبوو شێخۆ زراری باوکم، چوار خێزانی هەبوو، بەڵام دوو لە خێزانەکانی خوای گەورە منداڵی پێ نەبەخشیبوون، لە خێزانی یەکەم (خەجیج بێرسیاقی) واتە عەیشێی دایکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و حەسەنی هەبوو کە هەردووکیان لە ژیاندا نەماون.

لە خێزانێکی دیکەیدا بەناوی مەریم کانیبۆتی، فریاد و حەسەن و زوبێر و

---

عێراق هێنا. سەرەنجام سەدام حوسێن کە ئەوکات جێگری سەرکۆماربوو لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، بۆ لێدان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، بە نێوبژیوانی هواری بۆمدیان سەرۆکی ئەوکاتەی جەزائیر، تەواوی مەرجەکانی شای ئێرانی قبوڵکرد کە بەشێکی گرینگی بواری دەریایی و ئاوییەکانی دا بە ئێران.

١- فریاد شێخۆ ئیبراهیم: ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی زرارا سەر بە قەزای مێرگەسۆر، پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٧٣ خولی بەکارهێنای چەکی بینووە. ساڵی ١٩٧٨ بە بڕیاری شۆڤێنانەی حکومەتی بەعس ڕاگوێزراونەتەوە ئۆردوگای زۆرەملێی دیانا. ساڵی ١٩٨١ ئاوارەی ئێران بووە و هەمان ساڵ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان کردووە. لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە کوردستان لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبێت. ساڵی ٢٠٠٧ بە پلەی مولازمی یەکەم خانەنشین بووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

پێنج کچ بەناوەکانی (غوربەت و هەیبەت و خەزم و نسرەت و قیمەت)ی هەبوو. لەوانە هەیبەتی خوشکیشم لە ژیاندا نەماوە. هەر بەهۆی ئەو خزمایەتیەش، شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان نازناوی گوندەکەی ئێمەی هەڵگرت و لە نێو پێشمەرگە و خەڵکی دەڤەرەکە بە عەبدولڕەحمان زراری ناسراوبوو".

هەواڵنامەی کتێب

## شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان کێیە؟

عەبدولڕەحمان سلێمان قادر، ناسراو بە (دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری) ساڵی ١٩٥٢، لە قەزای مێرگەسۆر لە دایکێکی بارزانی، بەناوی عەیشێ شێخۆ ئیبراهیم، خەڵکی گوندی زرارای دەڤەری بارزان و باوکێکی دزەیی بەناوی سلێمان قادر، خەڵکی گوندی شەمامەری دەشتی شەمامکی سەر بە پارێزگای هەولێر، چاوی بە ئاوهەوای کوردستان ڕۆشن بووەتەوە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە مێرگەسۆر تەواوکردووە، دواتر لە کاتی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە مەبەستی بینین و وەرگرتنی لە خولێکی تایبەت بە برینپێچی، ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات و بڕوانامەی برینپێچی وەردەگرێت، پاشان لە حاجی ئۆمەران دەبێتە برینپێچی پێشمەرگە. پێشناوی دکتۆریشی لەوەوە بۆ هاتووە و لەناو پێشمەرگە بە "دکتۆر" بانگ دەکرا.

بەو پێیەی باوکی، واتە سلێمان قادر پێشمەرگە بووە و پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش هەبووە، هەروەها زۆر هۆگری ماڵی شێخۆی باپیری بووە، نازناوی زراریشی لە ماڵباتی باپیری لە دایکییەوە هەڵگرتووە. سەرەنجام لە تەمەنێکی زوودا تێکەڵاوی حزبایەتی و پێشمەرگایەتی دەبێت و تا بە غەدر شەهیدبوونی، بێ پسانەوە لە ڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە خەبات بەردەوامبووە.

خاتوو جیهان، خوشکە بچووکی، لەبارەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان،

هەولێرنامەی کێتێ

لە زاری دایکییەوە، ئەوە ئاشکرا دەکات، شەهید هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە، ئەوکاتەی تەمەنی تەنیا ١٠-١٢ ساڵێک بووە، تێکەڵاوی کار و چالاکیی پارتایەتی بووە و دەڵێ: "دوای ئەوەی بە ناچاری گەڵاڵەمان بەرەو ئێران جێهێشت، سەرەتا لە خانێ نیشتەجێ بووین، پاشان چووینە زێوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ گەڕاینەوە نیشتیمان، بەڵام سەرەتا شەهید عەبدولڕەحمان نەگەڕایەوە. ئەوکاتەی ئێمە گەڕاینەوە، ئەو ژیانی ئاوارەیی هەڵبژارد، هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵیدا نەمابوو، بەتەواوی ئاگامان لە هەواڵی بڕابوو، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ باوکمان کۆچی دوایی کرد، شەهید عەبدولڕەحمان، بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی ئێمە گەڕایەوە نیشتیمان، بەڵام حکوومەت ئەوی نەفی ناسرییە کرد، واتە بۆ ناسرییەی دوورخستەوە.

لەبەرئەوەی کوردایەتی و پارتایەتی تێکەڵاوی ژیانی ببوو، لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا لە سەرووبانەوە مەجید دەربەندی[1]، لە ناو شاریش هەر خەریکی ڕێکخستن بوو، کاتێک دەزگای ئەمنی بەعس، مەجیدی هاوڕێیان

---

١- مەجید ئەحمەد دەربەندی، ساڵی ١٩٤٧ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٧ - ١٩٧٠ بەرپرسی گومرگی کێلەشین و ناوچەی سیدەکان بوو. دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە بڕیار و ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەڕاوەتەوە ناو سوپای عێراقی، دواتر بە تۆمەتی بەرپرسی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیوای ٢٧ی سوپای عێراقی دەستگیر دەکرێت و لە بەندیخانەی بەدناوی قەسر نهایە لە ژێر ئەشکەنجە لە مانگی ٩ی ١٩٧٤ شەهید دەکرێت. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

دەستگیر کرد و لە سێدارەیدا، پاشان بۆ چاوترساندنی خەڵکی تەرمەکەیان بە کەسوکارەکەی دایەوە، دکتۆر عەبدولڕەحمان خۆ بەدەستەوە نادات و لە دەرفەتێکدا خۆی دەگەیەنێتەوە شاخ و پەیوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە دەکات و لە لای حەمید ئەفەندی چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات".

هەر لەبارەی شووناس و کەسێتی دکتۆر عەبدولڕەحمان، فەرحان جەوهەر[1] دەڵێ: "دایکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان "عەیشە خان" دەکاتە خوارزای قادر ئاغای بێرسیاقی باپیرم و باوکم کوڕ خاڵی دایکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانە، ئەو ئێمەی بە خاڵی خۆی دەزانی و پەیوەندییەکی زۆر بەتینی لەگەڵماندا هەبوو".

لە لایەکی دیکەوە، دکتۆر حەمید دەربەندی، برای شەهید مەجید، باس لە چۆنیەتی ناسینی دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و تێکەڵاوبوونی دەکات و

---

١- فەرحان جەوهەر قادر: ساڵی ١٩٧٠ لە ناحیەی سیملان سەر بە قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە و بڕوانامەی دبلۆمی لە یاسا و کارگێری و بەکالۆریس لە مێژوو هەیە، ساڵی ١٩٧٥ بە ماڵەوە ئاوارەی ئێران دەبن، ساڵی ١٩٧٧ لە ئێران گەڕانەوە کوردستان و حکومەتی ڕژێمی عێراق بۆ باشووری عێراق، بەتایبەتی بۆ دیوانیە ڕایاندەگوێزێت و پاشان دەگەڕێندرێنەوە و لە ئۆردوگای هەریر نیشتەجێ دەکرێن، ساڵی ١٩٩١ دەبێتە ئەندام ناوچەی هەریری سەر بەلقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە کارگێری ناوچەی مێرگەسۆر و بلێ، ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٣ بەرپرسی دەزگای زاری کرمانجی بووە. ساڵی ٢٠١٣ دەبێتە ئەندام پەرلەمانی کوردستان، لە ئێستادا ڕاوێژکاری سیاسی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک).

دەڵێ: لە ڕێگەی شەهید مەجیـدی بـرا گەورەمەوە ئاشـنایەتیم لەگەڵ دکتـۆر عەبدولڕەحمان زراری پەیدا کرد و زۆرجار لە ماڵی ئێمە دەمایەوە، ئەوکـاتەی لە دەربەند بووین، هەروەها تابڵێی کەسێکی بە ورە و چاونەترس بوو.

هەواڵنامەی کتێب

# شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و پێشمەرگایەتی

دکتـۆر عەبـدولڕەحمان، لە سـەرەتای حەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوو لە شۆڕشـی ئەیلـوول، دەبێـتە پێشـمەرگە، دوای نسـكۆ، لە ئـاخروئۆخری سـاڵی ١٩٧٧ پاش کۆچی دوایی باوکی بە مەبەستی سەرپەرشـتیکردنی خێزانەکەیـان دەگەڕێـتەوە نیشـتیمان، بەڵام حکـومەت یەکسـەر بـۆ نـاسرییە لە باشـووری عێراق نەفی دەکـات، بـۆ یەکێکـی وەک دکتـۆر عەبـدولڕەحمان کە بە شـیری ڕێبـازی کـوردایەتی فرچـک درابـوو، ئەو مەبەستەشـی بـۆی گەڕابـوویەوە، نەهاتەدی، بۆیە هەڵکردن لەگەڵ ژیـانی بندەسـتی، بـۆی سـەخت و بەئـازار بوو، سەرەنجام بڕیـار دەدات، سـەرلەنوێ پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگەی گوڵان بکـاتەوە و لە هێـزەکەی حەمیـد ئەفەنـدی دەبێـتەوە پێشـمەرگە و بە زرینگی و لێوەشاوەیی دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

حەمیـد ئەفەنـدی[١] دەڵـێ: "پـێش بـوونی بە پێشـمەرگە ئـەوم دەناسـی، برادەرێکی خۆشەویست و مرۆڤێکی بە غیرەت و چاك و بە وەفا بوو".

---

١- حەمید حوسێن مەلا ناسراو بە (حەمید ئەفەندی)، ساڵی ١٩٣٤ لە سـیدەکان سـەربە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦١ بوووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و لەبەر قارەمانیەتی چەندین ئەرکی پێشمەرگایەتی وەك سەرلق و فەرماندەی بەتالێون و هێزی وەرگرتووە، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بووە، دواتر لـە

هەروەها دەڵێت: "لە سەرەتای بوونی بە پێشـمەرگە لـە شۆڕشـی گوڵانـدا لەگەڵ مندا بوو، پێشمەرگەیەکی زۆر زیرەك بوو، هەرچییەکی پێم ڕاسـپاردبا، بێ سلەمینەوە ئەنجامی دەدا، بۆ نموونە هەندێك جـار، بەهەر هۆکارێـک بـا، نەمدەتوانی بچم بۆ مەفرەزە، ئەو لە جیاتی من دەچوو، بەڵام خـۆی دەهاتـە لای من و دەیگوت من لە جیاتی تۆ دەچم، بۆیە زۆرجار ئەوم لە جیاتی خۆم دەنارد بۆ مەفرەزە".

دکتۆر عەبدولڕەحمان مەفرەزەی تایبەت بەناو شـارەکانی ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێـم بـوو، لە درێـژەی باسـکردن لە ڕۆڵ و چـالاکیە پێشـمەرگایەتییەکانی، دەڵـێ: "لـە سـەرەتایی دەسـتپێکی شۆڕشـی گوڵانـدا، چەنـد مـەفرەزەیەکمان هەبوون، شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان مەفرەزەی تایبەت بە ناوەوە بـوو، بە

---

لایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە گواستراتەوە کرمان. ساڵی ١٩٧٧ بە فەرمانی شەهید ئیدریس بارزانی لەگەڵ چەند پێشمەرگە گەڕاوەتەوە کوردستان، بەتایبەتی بۆ ناوچەی برادۆست. یەکێك لە بەشداربووەکانی شـەڕی بـازێ و هـەکاری بـووە. لـە سـاڵەکانی ١٩٧٨-١٩٨٠، فەرماندەی هێزی برادۆست بووە. لە شۆڕشی گوڵانـدا بەرپرسـی چەنـد لـق و ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و سـاڵی ١٩٨٨ لـە شـەڕی داسـتانی خواکوڕك فەرماندە و بەرپرسی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـووە. فەرمانـدەی بەشداربووی ڕاپەڕین و داستانی مێژوویی کۆڕێ بووە و لە سەر بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی کراوە بە فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ٢٠٠٠ بووەتە بەرپرسی دەزگای بـاڵای ئـەیلوول لـە شـەقڵاوە و سـاڵی ٢٠٠١ تـاکو ٢٠٠٤ وەزیری پێشمەرگەی کوردستان بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێجار بە سەختی بریندار بووە. لە ساڵی ١٩٩٦ مەدالیای بارزانیی پێ بەخشـراوە. لە ئاستی سـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پیرە پڵنگ نـاسراوە. ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای (پ.د.ك).

هەر ئەرکێکت ڕاسپاردبا، بێ مشتومڕ و خۆدزینەوە جێبەجێی دەکرد و سەدا سەد سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، چوونکە لە ناوەوە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ خەڵك هەبوو، هەروەها زۆریش بوێر و چاونەترس بوو. لە سەرووی هەمووشیەوە مرۆڤێکی عاقڵ و لەسەرخۆ و بێ هەڵەشە بوو".

دکتۆر عەبدولڕەحمان لەو پێشمەرگانە بوو، شارەزاییەکی زۆر باشی لە ناوچەکانی پێشمەرگایەتی، بەتایبەتی لە ناوچەی بارزان هەبوو. کاك ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، لە نزیکەوە دەیانناسی و ڕێزیان لە ئازایەتی و قارەمانیەتیەکەی دەگرت، لە ڕێگەی بەرپرسەکەیەوە لە چالاکییەکانی ئاگادار دەکرانەوە.

هەر لەوبارە حەمید ئەفەندی دەڵێ: "ئەو پیاوی ئەرکە سەختەکان بوو، چالاکیی لە هەندێ شوێن دەکرد کە زۆر سەخت و زەحمەت بوو، بۆ هەر چالاکییەک بچووبا، سەرکەوتنی مسۆگەر بوو، بە بیرم نایەت لە هیچ چالاکییەکدا شەرمەزار بووبێت، چوونکە لێکدانەوە و وریایی بۆ هەموو ئەگەرێک هەبوو".

فەرحان جەوهەر لە زاری باوکییەوە باس لە پێشمەرگایەتی و چاونەترسی دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: "پیاوێکی ئازا و بە هەڵوێست بوو، خۆشەویستی کوردستان هەموو ژیانی داگیرکردبوو، لە حەوزی سۆران دوژمنان لە ناوەکەی تۆقیبوون، زۆر بە لێزانی خۆی دەگەیاندە ناو شار و هەڕەشەی لە چڵکاوخۆرەکانی دوژمن دەکرد و تەنگی پێ هەڵچنیبوون. جێگەی ئومێدی شۆڕشگێڕان بوو، بۆیە حکوومەت بەردەوام بۆ شەهیدکردنی لە دۆزینەوەی پلان بوو.

جگە لە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بە شەڕی پارتیزانی، دکتۆر

عەبدولڕەحمان برینپێچێکی لێهاتووش بوو، لە بەهانەوەچوونی پێشمەرگە دریغی نەدەکرد. خۆشەوی مستەفا بیێلی[1] دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "کاتێ لەسەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ هەر یەک لە سەباح شێخانەیی و میرخان قادر شێخانەیی پەیوەندیم بە ڕیزی پێشمەرگەکانی گوڵانەوە کرد، لەبەرئەوەی ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر کەوتبوو، ڕێوبانەکان گیرابوون، لە ڕێگا تووشی پشت ئێشەیەکی سەخت بووم کە گەیشتینە بارەگای گەلی گۆستێ لەسەر سنووری تورکیا، لەناو دۆڵەکە خانووچکۆڵەیەک دروست کرابوو، لەوێ بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر پشت کەوتم، بەڵام دکتۆر عەبدولڕەحمان بە هانامەوە هات و نۆ دەرزی لێدام و بە هۆیەوە پشت ئێشەکەم چارەسەر بوو. هەر لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا، گوتی: "پاش ئەوەی چاک بوومەوە، لەگەڵ دکتۆر بە مەفرەزەیەکی چوار کەسی دەرچووین، ئەوکاتە حەمید ئەفەندی سەرپەرشتی دەکردین و عەبدولعەزیز قادر بەسێ جێگری بوو،

---

١- خۆشەوی مستەفا بیێلی: ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی بیێلی قەزای مێرگەسۆر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٢ بووەتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی شێرکاوە بریندار دەبێت و ساڵی ١٩٧٨ جارێکی دیکە دەبێتەوە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵان و هاوسەنگەرێکی نزیکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بووە، ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی داستانی خواکورکی کردوە و لەو داستانەشدا بریندار بووە، لە میحوەری سلێمانی لە دەربەندی بازیان بەشداریی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستان بووە، دوای ڕاپەڕین بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە لەشکری تایبەتی یەك بووە و ساڵی ١٩٩٧ دەگوازێتەوە سوپای بارزان تاکو ساڵی ٢٠٠٩ و پاشان بە پلەی موقەدەم خانەنشین بووە و وەکو خۆبەش لە شەڕی تیرۆریستانی داعشی بەشداریی کردووە و لە ١٨-١١-٢٠١٤ لە ڕەبیعە بەسەختی بریندار دەبێت، برایەکیشی بەناوی فەرماندە وەهاب مستەفا بیێلی هەر لەو شەڕەدا شەهید دەبێت. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

مەفـرەزەکەش لە لایەن خـودی دکتـۆر عەبـدولڕەحمان فەرمانـدەیی دەکـرا. مەبەسـتی هـاتنەخوارەوەی مەفرەزەکەشـمان گورزوەشـاندن بـوو لەو هێـزە سەربازییەی مۆڵگەی لە سەر پردی مەزنێ دانابوو.

عەبـدوڵا مەلا ڕەسـوڵ بـاس لەوە دەکـات کە لە سـەرەتای حەفتاکـانی سەدەی ڕابردوو لە ڕێگەی پارتایەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی ئاشنایەتی لەگەڵ دکتـۆر عەبـدولڕەحمان پەیـدا کـردووە و بـۆ مـاوەی یەکسـاڵ لە هەردوو ڕێکخراوی هەڵگـورد و زۆزک بەیەکەوە کاریـان کـردووە. هەروەهـا ئامـاژەی بەوەشدا، جگە لە کـاری پارتـایەتی بەردەوام بەهانـای خەڵکیشـەوە دەچـوو، بەردەوام پێداویستییە سەرەتاییەکانی پزیشکی پێبوو. ساڵی ١٩٨٠ دووبارە لە شـنۆ بەیەک شـاد بـووینەوە و پـێم گـوت، ئـێمە نـاوچەی بـاڵەکمان دامەزرانـدوەتەوە، حەز دەکەم پێکەوە کـار بکەیـن، بەڵام گـوتی، ئێسـتا لە ناوچەی برادۆستم و مەفرەزەیەکم دروست کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

# چەند چالاکییەکی پارتیزانی

لە دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان و دابەشکردنی میراتی عوسمانی لەسەر دەستی هێزی هاوپەیمانان، گەلی کورد بێ ویستی خۆی بە عێراقەوە لکێندرا، هەر لەوکاتییەوە بە هەموو شێوازێک خەباتی بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی کردووە و تەسلیمی ئەو دابەشکرایە نەبووە. کاتێکیش هەوڵە ئاشتیخوازەکانی لەگەڵ ڕژێمە حوکمڕانەکان، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان بە بنبەست گەیشتووە، دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە، واتە بەو زمانە ڕووبەڕووی داگیرکار بووەتە کە تێیدەگەیشتن. ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم لەوانەی بەرپرسیاریەتی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەیان هەبوو، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بوون، بەڵام چ لە شۆڕشی ئەیلوول و چ لە شۆڕشی گوڵاندا، زێدەباری ئەو ئیرادەیەی هەبوو، لە ڕێگەی خولی سەربازیی و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی جووڵانەوە ڕزگارییخوازەکانی جیهان، شارەزاییەکی باشیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی داگیرکار پەیدا کردبوو.

دوای نسکۆی شۆڕش، ئەو خەڵکەی گەڕانەوە، حکومەت بە مەبەستی تواندنەوە و دوورخستنەوەیان لە کوردستان، زۆربەیانی نەفی شارەکانی خوارووی عێراق کرد، بەڵام وەک ئەوەی حکومەت نەخشەی بۆ کێشابوو، ئەو مەبەستە گڵاوەی نەهاتەدی. شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان یەکێک لەو شۆڕشگێڕە نەفیکراوانە بوو کە ژیانی ژێردەستەیی و کۆیلایەتی ڕەتکردەوە و

جارێکی دیکە چەکی بەرگری کردەوە شانی و بووەوە بە پێشمەرگەی پارتی و بارزانی، بە جۆرێک تێهەڵچوویەوە، بە چالاکییەکانی هەترەشی دوژمن و چڵکاوخۆرەکانی بردبوو.

لەبەرئەوەی هێز و چەک و ژمارەی پێشمەرگە لە ئاستی شەڕی بەرەیی نەبوو، بۆیە پێشمەرگە بۆ هەراسانکردنی هێزی دوژمن و گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە جیهانی دەرەوە، پشتی بە مەفرەزەی بچووک دەبەست. لێرەوە لە دوو تـوێی ئەم پەرتووکە کە تایبەت بە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی و چالاکییەکانی مەفرەزە تایبەتییەکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و هاوسەنگارانییەتی، ئاماژە بەشێک لەو چالاکییانە دەدەین کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات دژ بە داگیرکار و چڵکاوخۆرەکان جێبەجێیان کردووە:

## چالاکیی گۆڕەتوو

ڕژێم تیمێکی ئەندازیاری تایبەت بە دروستکردنی ڕێگاوبانی، لەگەڵ یەک فیرقەی سەربازیی هێنابووە دەڤەرەکە کە لە پێنج ئەندازیار پێکهاتبوو، بۆئەوەی بە ئاسانی و بە تانک و زرێپۆشەوە بگات بە پێشمەرگە، مەبەستیشی دروستکردنی جادەیەکی سەربازی بوو، بۆ گوندی زێت و ناوچەکانی دەوروبەر، ئەندازیارەکان فرەڕەگەز بوون و لە ئوردنی، مسری، فەلەستینی و عەرەبی بەغدادی و کوردێک پێکهاتبوون.

بە پێچەوانەی خەڵکی دی، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم جۆرە چالاکییەی بۆ سەرانە وەرگرتن نەدەکرد، تەنیا وەکو کارتێک بەکاری دەهێنا، تا وڵاتانی جیهان ئاگایان لە دەنگی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بێت، چونکە ڕژێم لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە لە دەرەوە پرۆپاگەندەی

زۆری بڵاودەکردەوە کە گوایە ئۆتۆنۆمی بە کورد داوە و کێشەی کورد لە عێراق چارەسەربووە.

لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدان و ئامانجی ئەو چالاکییە (چالاکی گۆڕەتوو)، خۆشەوی مستەفا، بەمشێوەیە گێڕایەوە و گوتی:

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕشی گوڵان بە جیهانی دەرەوە، مەفرەزەیەکی تایبەت بە فەرماندەیی دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری کە لە عەبدوڵا حەسەن شێخانەیی، موعین کوڵەکی، مستەفا خۆشناو و محەمەد شورتە و چەند کەسێکی دیکە پێکهاتبوو، (بەداخەوە تەواوی ناوەکانیانم لەبیر نەماوە)، بە پلانێکی پارتیزانانەی تۆکمەوە، بە مەبەستی ڕفاندنی چەند ئەندازیارێکی بیانی دابەزینە ناو کۆمەڵگای گۆڕەتوو. کاتێک پلانەکە سەری گرت و ئەو ئەندازیارانە ڕفێندران، یەکێک لە ئەندازیارەکان کاتژمێرەکەی لەسەر مێزی ژوورەکەیان جێهێشتبوو، کاتێک سەربازێک دەچێتە ژوورەکە و کاتژمێرەکە لەسەر مێزەکە دەبینێ و ئەندازیارەکە خۆی لەو ناوە دیار نییە، یەکسەر تێدەگات کە شتێک ڕوویداوە، ڕاستەوخۆ ئەفسەرەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش دەستبەجێ وەخۆ دەکەون و دەکەونە سۆراغیان. چوونکە پێشمەرگەکان زۆر دوور نەکەوتبوونەوە، لە ئاکامدا ڕوبەڕووی مەفرەزەکەی پێشمەرگە دەبنەوە و شەڕە تەقە لە نێوان مەفرەزەکەی پێشمەرگە و هێزە سەربازییەکەی دوژمن ڕوودەدات، لەو پێکدادانەدا ئەندازیارێک و زیاتر لە شەست سەرباز دەکوژرێن و یەکێکیش لە ئەندازیارەکان بریندار دەبێت، بەڵام پێشمەرگە دەربازی دەکەن و لەگەڵ خۆیانی دەهێنن، پاشان بۆ چارەسەری ڕەوانەی ئێرانی دەکەن و دواتر بە فەرمانی سەرکردایەتی ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە ناو کەسوکاری.

هەر لەبارەی ئەو چالاکییەی گۆڕەتوو، عەبدولڕەحمان حاجی ڕەسووڵ ڕۆستایی[1] کە بەشداربوویەکی چالاکییەکە بوو، دەڵێ: یەکەم کەس بووم کە چوومە ژووری ئەندیازارەکان و بە زمانی عەرەبی لێمخوڕین "لە خەو هەستن"، یەکێکیان گوتی تۆ کێی؟ منیش گوتم: ئێمە پێشمەرگەین، هاتووین ئێوە لەگەڵ خۆمان بەرین، لەبەرئەوەی عەرەبیم دەزانی، دڵنیام کردنەوە کە ئێمە بۆ ئازاردانی ئێوە نەهاتووین، تەنیا دەمانەوێ لە ڕێگەی ڕفاندنی ئێوە دەنگی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بە ڕژێمەکەتان و جیهانی دەرەوە بگەیەنین و تەواو، "هەستن وەپێشم کەون، تا کار لە کار نەترازاوە".

لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا، باس لەوە دەکات، تەنانەت چایچییەکەشیان کە کوردێک بوو لەگەڵ خۆیان بردوە، نەبادا هەواڵیان لێ بدات و گوتی: سەرەتا ئەوانمان بردە پیران، بەڵام دیاربوو حکومەت زوو بەو چالاکییەی زانیبوو، بۆیە ڕوبەڕووی وەجبەی دوایی پێشمەرگەکان بوونەوە و شەڕ دەستی پێکرد، هەرچەندە دکتۆر و من و محەمەد شورتە کە پێشتر بە مەبەستی کەشفی ڕێگە دەرچووبووین، بەڵام کە تەقە دەستی پێکرد،

---

١- عەبدولڕەحمان حاجی ڕەسووڵ ڕۆستایی: ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گرتێك ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چۆمانی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایكبووە، ساڵی ١٩٧٥ خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە ڕایات تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە، ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە و بۆ پارێزگای نەجف و ناحیە کۆفە ڕاگوێزراوە، ساڵی ١٩٧٨-١٩٨٠ مەفرەزەی تایبەت بووە لە گەلی گۆستێ، ساڵی ١٩٨٣ لە لێژنەی ناوچەی باڵەك پێشمەرگە بووە و ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ بەشداریی خولی کادیرانی لە دۆڵی بالیسان سەربە لقی ٢ کرووە و بەشداریی ڕاپەڕین بووە و ساڵی ١٩٩٣- ١٩٩٨ کارگێڕی ناوچەی سیدەکان و ڕەواندز بووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

یەکسەر گەڕاینەوە و هەر یەکێکمان خۆمان لە لایەکی ئەو گردە گەورەیە قایمکرد و بە مووشەکی تاک ئەنداز سەربازەکانم داگرتە بەرێ، سەربازەکانیش بە ئارپێجی لە ئێمەیاندا، من بە تلیشەی پارچە بەردێک زامدار بووم، هێشتا ئاسەوارەکەی لەسەر جەستەم ماوە. دکتۆر کە لە لای ڕاستمەوە بوو، بانگی لێ ڕادێرام و گوتی، خۆ سەلامەتی عەبدولڕەحمان، منیش دەنگم دایێ و گوتم: چ نییە، سەلامەتم.

لەتیف خورشید تەمەرخان[1]، لەبارەی ئەو چالاکییەی گۆڕەتوو، دەگێڕێتەوە و دەڵێ: بەهاری ساڵی ١٩٧٩، بەپێی پلانێکی داڕێژراوی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان، بە مەفرەزەیەکەوە دابەزینە ناو گۆڕەتوو، من و دەروێش محەمەد و دوو پێشمەرگەی دی، لە 'گوندی گرکال ماینەوە و سەنگەرمان گرت، هەر یەک لە دکتۆر و محەمەد شورتە و کاکە ڕەش و ژمارەیەک پێشمەرگەی دی دابەزین و ئەندازیارەکانیان هێنا، بەڵام سەربازی

١- لەتیف خورشید تەمەرخان گەردی: ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی مەزنێ سەر بە قەزای مێرگەسۆری سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٧٦ ئاوارەی ئێران دەبێت، ساڵی ١٩٧٧ لە شۆڕشی گوڵان، جارێکی دی دەبێتەوە پێشمەرگەی کوردستان، بەشداری شەڕەکانی بەرگری دەکات و ساڵی ١٩٨٨ لە داستانی خواکورك بە چەکی کیمیایی بریندار دەبێت و دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان، ساڵی ١٩٩٦ لە زیارەت لە شەڕی ناوخۆ بریندار بووە، ساڵی ١٩٩٨-٢٠٢٢ لە لەشکری تایبەتی یەکدا بووە و ئەفسەری هەواڵگری بەتالیۆنی١٢ بووە و بەشداریی شەڕی تیرۆریستانی داعشی کردووە، دواجار بە پلەی موقەدەم خانەنشینکراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

عێراقی گەمارۆی مەفرەزەکەیان دا و شەڕ لە نێوانماندا تا بانگی مەغریب درێژەی کێشا، دواتر دکتۆر، محەمەد شورتەی نارده لای ئێمە و پێی ڕاگەیاندین کە هەموو پێشمەرگەکان سەلامەتن، ئەندازیارێکیشمان لەگەڵ دایە و پێویستە شوێنەکەتان بەربدەن و پاشەکشە بکەن، ئێمەش لەسەر داوای دکتۆر شوێنەکەمان جێهێشت و ڕۆیشتین، دواجار لە خوار گوندی کۆڵەکا یەکدیمان گرتەوە و بۆ بەیانییەکەی گەیشتینە بن چلوکان لە گەلی گۆستێ و ئەندازیارەکەشمان ڕادەستی هێزەکەمان کرد، بۆئەوەی ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان بیگەیێننە سەرکردایەتی شۆڕش .

شەوکەت حەسکۆ[1] باس لە یادەورییەکی خۆی لەگەڵ دکتۆر

---

١- شەوکەت حەسکۆ: عەبدوڵا حەسەن ئیبراهیم ناسراو بە (شەوکەت حەسکۆ دۆڵەمەری)، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی خوشکان سەر بە قەزای مێرگەسۆر سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، باوکی بەشداربووی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگریکاری کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە. لە تەمەنی لاویەتیدا لە ٩-٥-١٩٧٩ چوویتە ڕیزی پێشمەرگە، ساڵی ١٩٨٨ یەکێك لە مەفرەزە تایبەتەکانی ناوچەی بارزان سەربە هێزی بارزان بووە و بەشداری لە زیاتر لە ٦٠ چالاکی پێشمەرگانەی بچووك و گەورە کردووە، دواتر کراوە بە فەرماندەی سریە و گواستراوەتەوە سوپای بارزان و کراوە بە فەرماندەی فەوجی یەك لە میحوەری یەك. ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی هێزی ١٠٨ی سوپای بارزان. ساڵی ٢٠٠٦ بووە بە جێگری هێزی یەکی فەرماندەی بارزان ، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سەرۆك بارزانی مەدالیای بارزانی پێ بەخشراوە و ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی کەمئەندام بوونی و چەندجار برینداربوونی بە پلەی لیوا خانەنشینە و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش بە خۆی وەك کەسێکی خۆبەخش لە هەموو میحوەرکان بەشدار بووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: شەوێکی ساڵی ١٩٧٩ هاتە ناو گۆڕەتوو و چەند ئەندازیارێکی ڕفاند، کاتێک حکومەت پێی زانی، بە دوایان کەوت و لە ئەنجامدا شەڕ لە نێوان مەفرەزەکەی دکتۆر و هێزەکەی حکومەت ڕوویدا و ئەندازیارەکان بە تەقەی هێزەکەی حکومەت کوژران، بەڵام لەگەڵ خۆیان یەکێکیان دەرباز کرد. هەروەها جارێکی دی چەند ئەندازیارێکی نەمساویان هێنا، لە ڕێگەی پەیوەندییەوە لە لایەن دەوڵەتی نەمساوە بە جەنابی سەرۆک بارزانی، بڕیاری ئازادکردنیان درا و پاشان لەسەر سنوور ئەندازیارەکان ڕادەستی کۆنسوڵی نەمسا لە تورکیا کران.

## چالاکیی دەشتی هەولێر

پێشتر لە دەشتی هەولێر، بە پلانی چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم، چەند پێشمەرگەیێک بەسەر بۆسەیەکی دوژمندا کەوتبوون، لە ئەنجامدا هەموویان شەهید دەبن. دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری، بۆ شەهیدبوونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە زۆر بە داخ بوو، بڕیاریدا بە هەر نرخێک بێت، دەبێ تۆڵەی خوێنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لە دوژمن و چڵکاوخۆرەکانی دوژمن بکاتەوە و تێیان بگەیەنێ کە ڕشتنی خوێنی پێشمەرگە باجەکەی گرانە، مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٩، بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی سەربازی، بەو پێیەی فەرماندەی فەوجە سەربازییەکە برادەری بووە، لەگەڵی ڕێکدەکەوێ پێشمەرگەکانی بۆ دەشتی هەولێر بگوازێتەوە. لەو چالاکییەدا، سەرەتا بڵاوکراوەکانی حزبی گەیاندە ڕێکخستنە نهێنییەکان، دیاربوو دوژمن لە ڕێگەی سیخوڕەکانییەوە بە جموجۆڵی ئەو مەفرەزەی زانیبوو، بۆیە ترس و تۆقێکی زۆری نابووەوە، دوژمنیش ئەو ناوەی بە جاش و جەیش تەنیبوو.

هەر لەبارەی گەیشتنی ئەو مەفرەزەیە بە دەشتی هەولێر، عەبدولڕەحمان

حاجی ڕەسووڵ ڕۆستایی لە گێڕانەوەکەیدا دەڵێ: ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگە بووین کە لە هەریەک لە ئەحمەد برنۆ، محەمەد شورتە، عەبدوڵا شێخانەیی و میرخان شێخانەیی پێکهاتبوو، بە فەرماندەیی دکتۆر عەبدولڕەحمان هاتینە دەشتی هەولێر.

دواتر باسی لە چۆنیەتی یەکەم هەنگاوی مەفرەزەکەی کرد و گوتی: سەرەتا لە گەلی گۆستێ بۆ سەر ڕووباری دەشتی بەرازگر دەستمان بە جووڵە کرد، لەگەڵ هێزێکی سەرباز بوو بە شەڕمان کە ئەوکات ئێمە بەشێکمان لە ڕووبارەکە پەڕیبوونەوە و بەشێکیشمان هێشتا لەناو ئاودا بوون، بەڵام بە شەڕ توانیمان پاشەکشە بە هێزەکەی دوژمن بکەین.

دواتر هاتینە پیران و شێخان و برادۆست، پاشان دامانەوە گەلی بێخمە و شەو ڕووە و دەشتی هەولێر جووڵەمان کرد. سەرەتا سەرێکمان لە گوندەکان دا و ڕێکخستنە نهێنییەکانمان بەسەر کردەوە، پاشان هەڵمان کوتایە سەر ماڵی سیخوڕێک و تەمبێمان کرد. پاش ئەوەی لەگەڵ مەفرەزەکەی سلێمان بیرێژی یەکدیمان گرتەوە، دەستمان بە کۆبوونەوە و دارشتنی پلان کرد، لە ناکاو هێزێکی سوپای عێراق هێرشی هێنا، بەڵام خۆمان لەناو گەنمەکان شاردەوە کە ئەوکات لە بەژنی زەلامدا بوو. هێزەکەی حکومەت تەواوی ئەو ناوەیان پشکنی، بەڵام ئێمەیان نەدۆزیەوە. لە کۆتایشدا بە هەمان ڕێگەی خۆمان بە سەلامەتی گەڕاینەوە گەلی گۆستێ.

حەدۆ حەسەن شێخانەیی[1] باس لەو چالاکییەی مەفرەزەی دکتۆر

---

١- حەدو حەسەن شێخانەیی: عەبدوڵا حەسەن شێخانەیی ناسراو بە حەدو شێخانەیی ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی شێخان قەزای مێرگەسۆر سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ براکانی مستەفا و باقی و سەمەد بووەتە پێشمەرگە لە حاجی

عەبدولڕەحمان دەکات کە خۆی بۆی گێڕاوەتەوە و گوتی: ساڵی ١٩٧٩ بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکان بە مەفرەزەیەکی نۆ پێشمەرگەییەوە سەردانی کەڵەکم کرد، بەڵام کەوتینە بۆسەی سەربازانی ڕژێم، دیاربوو، هەواڵیان لێدابووین، هەر لە سپێدەی بەیانییەوە تا درەنگانی شەو خۆمان لەناو ناوچەکانی دەوروبەری زێی کەڵەک حەشاردا.

## چالاکیی دەڤەری باڵەکایەتی

هاوینی ١٩٧٨، دکتۆر عەبدولڕەحمان بە فەرماندەیی مەفرەزەیەکی نۆ کەسی، بۆ بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکان و دۆزینەوەی دەریچەیەک بۆ جێبەجێکردنی چالاکیی پێشمەرگانە، ڕوودەکاتە دەڤەری باڵەکایەتی، خۆشەوی لە زاری دکتۆر عەبدولڕەحمانەوە دەگێڕێتەوە: دکتۆر عەبدولڕەحمان، لە چۆمان ڕوو دەکاتە ماڵی کۆنە هاوڕێیەکی، سەرەتا ئەو کۆنە هاوڕێیەی زۆر خولقی دەکات، تەنانەت لە گفتوگۆی نێوانیاندا، بۆ دەرخستنی خۆشەویستی خۆی بۆ دکتۆر عەبدولڕەحمان، کچێکی خۆی پێشکەش دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی دکتۆر عاشقی کێو و هەردی کوردستان بوو، بیانوویەک دەدۆزێتەوە و بە هاوڕێکەی دەڵێ: "نامەوێ لەو چیا و چۆڵە کچەکەی تۆ، لەگەڵ خۆم سەرگەردان و بێلانە بکەم، ئەگەر کوردستان ئازاد بوو، بیری لێدەکەمەوە و دڵنیاش بە ئەو مێرخاسییەی تۆم لە بیر ناچێت، بەڵام ئێستا من نۆ پێشمەرگەم لەگەڵدایە، ئەگەر بکرێ کەمێک نانمان بۆ

---

ئۆمەران، ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و ساڵی ١٩٨٥ ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت، ئێستا پێشمەرگەی خانەنشین کراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

پەیدا بکەی، چوونکە دوو ڕۆژە تێر بە سکی خۆمان نانمان نەخواردووە، بۆیە خەمێک لەوە بخۆی، زۆر باش دەبێت". هەروەها گوتی: "ئەو شوێنەشم پێ گوت کە نانەکە بیهێنتە ئەوێ".

دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و ئەو نۆ پێشمەرگەیە لەسەر کانیاوێک لە چاوەڕوانی گەیشتنی نان دانیشتبوون و خۆیان شەلاندبوو، کاتێک هاوڕێکەی دکتۆر دەگاتە لامان زۆر ماندوو و پەشۆکاو دیاربوو، بۆ هەر یەکێکیان یەک مریشکی برژاوی هێنابوو. (بە گێڕانەوەی دکتۆر بۆ خۆشەوی)، بەڵام کە هاوڕێکەی نانەکە دادەنێ، سەر لە بن گوێی دکتۆر دەنێت و دەچرپێنێتە گوێی کە "دەبێ بە پەلە بگەڕێتەوە، چوونکە کارێکی خێری لەبەر دەستدایە و نابێت دوابکەوێ". هەروەها دکتۆر بۆی گێڕاوەتەوە "منیش هەستام و بەڕێمکرد، بەڵام گومانێکم لەو پەلەیەی بۆ دروست بوو، بۆیە دوای نانخواردن بە مەبەستی پشکنینێکی پێشمەرگانەی ناوچەکە، کەمێک هەورازتر ڕۆیشتم و لە دوورەوە هێزێکی زۆری دوژمنم بینی بەرەو شوێنەکەی ئێمە دێن".

لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا لە باسی چۆنیەتی دەربازبوونیاندا گوتی: گردێک لە نێوان ئێمە و هێزەکەی دوژمن هەبوو، ئێمە پێشتر هەموومان خۆمان شەلاندبوو، تەنیا ئەوەندەمان پێکرا ڕەخت و فیشەکی خۆمان هەڵگرین و بڕۆین، بەڵام پێشمەرگەی سەر ڕەشاشەکە بە ڕاکردن خۆی گەیاندە سەر گردەکە و هاواری کرد و گوتی: "دکتۆر ئێوە بڕۆن و خۆتان دەرباز بکەن، من بەرسنگیان دەگرم و ناهێڵم پێتان بگەن". لە سایەی قارەمانی ئەو پێشمەرگەیە، ئێمە ڕۆیشتین و تەواوێک دوورکەوتینەوە، لێ کاتێک دەنگی تەقە نەما، زانیم شتێک بووە، دواتر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانمان بۆم دەرکەوت پێشمەرگەکەمان گوللەی پێ نەماوە، دوژمن

هاتوونەتە سەری و بە برینداری کەوتووەتە دەستیان و شەهیدیان کـردووە و تەرمەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردبووە.

## چالاکیی دۆڵەمەرکێ

دکتـــۆر عەبـــدولڕەحمان، بەردەوام بیـــری لە هەراســـانکردنی دوژمـــن دەکردەوە، وەک خۆشەوی گێڕایەوە، پایزێکی درەنگی ساڵی ١٩٧٩، عەبـدوڵا حەسـەن، خـۆم، مـحەمەد شـورتە و مـام ئەحـمەد هەولێری بە فەرمانـدەیی دکتۆر عەبدولڕەحمان بە چـالاکییەک چـووینە دۆڵەمەرکـێ لە پشـت گونـدی لێرسماق. لەبەرئەوەی چەند شـەو و ڕۆژ بە پـێ ڕۆیشـتبووین، زۆر هـیلاک و مانـدوو بـووین، دکتـۆر هەسـتی بەو هیلاکـیەی مەفـرەزەکە کردبـوو. بـۆیە لەناکاو گوتی: "کێتـان خەوی دێـت"؟ هەمـوو لە وەڵامـدا گوتمـان: "خەومـان نایەت"، بەڵام ڕووی لە من کـرد و گـوتی: "دەزانـم هیلاکـی و خەوت دێـت"، منیش گوتم: نەخێر خەوم نایەت، بەڵام پێداگیری لە قسـەکەی کـرد و گـوتی: "لە خیسەی پێت لەسـەر زەوی دەزانـم خەوت دێـت، ئەوەتە لەبـری ئەوەی شەقاو بهاوێژی، پێیەکان لە دوای خۆت ڕادەکێشی". بۆیە گوتی لە ڕێـگەدا لە شوێنێکی پەنا لا دەدەین و وچانێک دەدەین، دواتر تێهەڵدەچینەوە و درێـژە بە ڕۆیشتنەکەمان دەدەینەوە. لەو ماوەیەی دانیشتین، لەبارەی کـوردایەتی و ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگە بە شێوەیەک قسەی بۆ کـردین، هەموومـانی چەرچ کردەوە و لێکرا گوتمان با بەردەوام بین. پاشان بەرەو پەلاماردانی مـۆڵگەیەکی دوژمن کەوتینە جووڵە کە لەو ناوە ئاستەنگی زۆری بۆ هـاتوچۆی پێشـمەرگە دروست کردبوو.

## چالاکیی گوندی ئەحمێ هەرکی

ئەنجامدانی چالاکیی و هەڵکوتانە سەر مۆڵگەکەنی دوژمن، یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی مەفرەزە پارتیزانەکانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کاکۆ حاجی بایز[١]، هاوسەنگەری دکتۆر عەبدولڕەحمان لە گێڕانەوەیەکەیدا لەبارەی چالاکییەکی دیکەی مەفرەزەکەیاندا کە بە چالاکیی گوندی ئەحمێ هەرکی بەناوبانگە، دەڵێ: جارێک بە مەفرەزە دەرچووین، لە گوندی ئەحمێ هەرکی کەوتینە ناو بۆسەی دوژمن و شەڕ دەستی پێکرد، لەو شەڕەدا، حەمەدئەمین زراری[٢] دژ بە هێزەکەی جاش و جەیش، تا دوا

---

١- کاکۆ حاجی بایز: ناسراوە بە کاکۆ سیدەکان، ساڵی لە ١٩٥٦ لە دۆڵەمەرك لێرسماقی سەر بە ناحیەی سیدەکان لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٣ بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی کردووە و ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئیران بووە و ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵان کردووەتەوە و ساڵی ١٩٨٥ تاکو ١٩٨٩ لە مەنتیقەی پێنجوێن و قەرەداغ و هەڵەبجە چالاکیی کردووە، ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکوڕکی کردووە و لە میحوەری پشدەر و ڕانیە بەشداریی ڕاپەڕینی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ وە بەپلەی موقەدەم لە بەشی جموجوڵی هێزی سیدەکان لە فەرماندەیی هەڵگورد خزمەت دەکات. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

٢- شەهید حەمەدئەمین عەزیز، ناسراو بە حەمەدئەمین زراری، ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی زرارا سەر بە شارۆچکەی پیرمام لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە پێشمەرگە و لە ناو ڕیزی پێشمەرگەدا چەندین بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە و بەشداریی لە شەڕی ساڵی ١٩٦٥ی چیای سەفین کردووە و بریندار بووە، هەروەها بەشداریی لە شەڕەکانی کۆڕەك و هندرێن کردووە و ساڵی ١٩٧٤ وەکو سەرلق ڕۆڵێکی قارەمانانەی لە شەڕی گەورەی دەربەندی کۆڕێ هەبوو، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە کەسوکارەوە ئاوارەی ئێران دەبن. لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی گوڵاندا وەك فەرماندەی مەفرەزە لە سنووری دەشتی

هەناسە شەڕی کرد، دواجار گیانی پاکی پێشکەشی خاکی کوردستان کرد و بە گوللەی دوژمن شەهید بوو.

دوای شـەهیدبوونی حەمەدئەمـین زراری، دکتـۆر دەبێـت بە فەرمانـدەی مەفـرەزە تـایبەتەکە کە لە هەر یەک لە حـاجی سـەعید کەونەگونـدی، مەلا ئەسـعەد، مسـتەفا کـاوانی و مـحەمەد شـورتە و چەنـد پێشـمەرگەیەکی دی پێکهاتبوو.

## چالاکیی قشڵەی سیدەکان

عـومەر حـاجی سـەعید کەونەگونـدی[1]، بـاس لە چـالاکییەکی خۆیـان لە

---

هەولێر و هەریر و شەقڵاوە دەست بە چالاکی پێشمەرگایەتی دەکات. لە ڕۆژی ٢٧-١١-١٩٧٨ کـە دوژمـن و جاشـەکان بە بـوونی ئەو حەسـابوون، بە هێزێکـی زۆرەوە هێـرش دەکەنە سەر گوندەکانی دەشتی هەریر و لـە ئاقـاری سـەرەند زرگـوز کەنـدی کورتـان، دوای بەرگریـەکی پێشـمەرگانەی بێـوێنە شـەهید دەبێـت. ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

١- عومەر حـاجی سـەعید کەونەگونـدی: سـاڵی ١٩٥٥ لـە کەونـە گونـدی سـەربەقەزای مێرگەسۆر لە پارێزگای هەولێر لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٦٨ لـە بارەگـای بـارزانی بـووەتە پێشـمەرگە، دوای نسـکۆی شـۆڕش سـاڵی ١٩٧٥ ئـاوارەی ئێـران بـووە و سـاڵی ١٩٧٦ دەگەڕێنەوە و لە لایەن ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر نەفی ناسریە کراوە. سـاڵی ١٩٧٨ جـارێکی دی پەیوەنـدی بە ڕیزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەکـاتەوە و بـۆ ماوەیەك لە گەڵ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان پێکەوە بوونە، دوای ڕاپەڕین لـە سـوپای بـارزان درێـژە بە پێشـمەرگایەتی دەدات و بەشـداریی لـە شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش

شەوێکی دژواری زستان دەکات کە بە شێوەی پارتیزانی خۆیان گەیاندووەتە بن قشڵەی سیدەکان و دەڵێ: من و شەهید کەریم دێرانەیی مووشەکی ئەندازمان هەڵگرتبوو، هەردوو مووشەکمان بە ئاراستەی قشڵەکە تەقاند، بەڵام یەکێکیان نەتەقیەوە، هەرچەندە فەوجێکی سەربازی لەسەر گردەکەی ناو سیدەکان بوو، بەڵام ئێمە کە لە بیست پێشمەرگە زیاتر بووین، بێ زیان گەڕاینەوە، پاشان لە ڕێگەی هاوکار و دۆستەکانمان بۆمان گەڕایەوە کە دوژمن زۆر بەو چالاکییە شپرزە و پەشۆکاو ببوو و زیانی گیانی و ماددی زۆریان بەرکەوتبوو.

## چالاکیی دیانا

کاتێک هێزەکەیان بارەگاکەی دەگوازێتەوە شنۆیێ، شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بە مەفرەزەوە دەگەڕێتەوە کوردستان. حەمەد نەبی قادر بەمشێوەیە باسی لە داواکارییەکی دکتۆر عەبدولڕەحمان کرد و گوتی: بە بیرم نایەتەوە کە مانگی چەند بوو، بەڵام دەزانم ساڵی ١٩٧٩، لەگەڵ حەسەن خان و کەریم دێرانەیی و ئەحمەد و مەحمود هاتنە لام و گوتی "خاڵ حەمەد ئیشەکی گرنگم هەیە و دەبێ بۆمی بکەی، داوا دەکەم سەردانی دیانا بکەیت و هەواڵێکی تەواوم لەسەر شوێنی ئەندازیارە بیانییەکان بۆ بهێنی، ئێمە لەسەر فلان کانی دەبین و تۆ بگەڕێوە لامان"، هەروەها ئەوەشی گوت "نامەیەک هەیە بیدە دەست مەلا حاجی سەعیدی دێڵزی"، منیش داواکارییەکەم وەرگرت و ڕۆیشتم و شوێنی ئەو ئەندازیارانەم

---

کردووە و ئێستاش بە پلەی عەقید خانەنشین کراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

دۆزیەوە کە لەناو کابینەدا بوون و سۆراغەکی باشم کرد و لە ڕێگەی کەسانی ناسیارەوە کە لەوێ کاریان دەکرد، زانیاری ماقوڵم دەست کەوت و گەڕامەوە لای دکتۆر و پێشمەرگەکان کە لەسەر کانیەک بوون.

حەمەد حاجی سەعید کەونەگوندی[1] باس لەو چالاکییەی مەفرەزەکەیان لە زستانی ساڵی ١٩٧٩، دەکات و دەڵێ: پلانی چالاکی کەندی دیانامان داڕشت، سەرەتا چووینە گوندی دێرانە، سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دواتر شەهید عەبدولڕەحمان و باوکم بۆ تاوتوێکردنی پلانەکە دانیشتن، پاشان ئافرەتێکمان بۆ دیانا نارد، تا سۆراغی بارودۆخی ناوچەکەمان بۆ بهێنێتەوە. دوای گەڕانەوەی ئافرەتەکە، لە کۆنەماریەوە خۆمان گەیاندە بازگەی دێڵیزیان، پاشان بە فەرماندەیی دکتۆر خۆمان گەیاندە ناو دیانا کە پێکهاتبووین لە دکتۆر، من، ڕەشۆ ئەحمۆ شێخانەیی[2]، محەمەد، مەحمود، نامیق، هەروەها

---

١- حەمەد حاجی سەعید کەونە گوندی: ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی کەونەگوندی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، پارێزگای هەولێر لە دایکبووە و لە تەمەنی لاویەتی لە ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری لە شەڕەکانی گەلی عومەر ئاغا و شەڕی سپیلك و گورەز و شیڤان لە قەسرێ دەکات. ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت، پاشان دەگەڕێنەوە و لە لایەن ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر نەفی ناسریە کراوە و ساڵی ١٩٧٨ دەبێتەوە پێشمەرگە و دوای ڕاپەڕین لە سوپای بارزان بەردەوام دەبێت لە سەر ئەرکی پێشمەرگایەتی و هەتا بەشداری لە شەڕی تیرۆریستانی داعش کردووە و ئێستا بە پلەی عەقید خانەنشین کراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

٢- شەهید ڕەشۆ ئەحمۆ شێخانەیی: ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی شێخان سەر بە قەزای مێرگەسۆر لە خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕ لە دایکبووە و باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگریکاری کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵان کردووە و ساڵی ١٩٧٨ بووەتە

حـاجی فەتـاح دێڵیـزیش وەک شـارەزایەک لەگەڵمانـدا بـوو. سـەرەتا پـێمان باشبوو بچینە گۆڕستانی مەسیحیان، چوونکە بۆ خـۆ حەشـاردان بە شـوێنێکی سـەلامەتمان دەبینـی، پاشـان چـووینە کەونە دیانـا، بـۆ مـاوەی نیـو کـاتژمێر دانیشتن و باسمان لە جێبەجێکردنی پلانەکەکرد. لە کۆتاییدا دکتۆر ئامۆژگاری پێویستی دا و گـوتی "کاتێـک تەقە دەسـتی پێکـرد، بە هەمـوو هێزێکتـانەوە شەڕ بکەن، لە کـاتی پاشەکشـە کردنمانـدا، ئەگەر هەر پێشـمەرگەیەک لەبەر هێزی سەرباز نەیتوانی پاشەکشـە بکـات، بەنـاو کەنـدی دیانـا خـۆی دەربـاز بکات، تا دەگاتە ڕووباری باڵەکیان".

کاتێک شەڕ دەستی پێکرد، من و شەهید ڕەشۆ و حـاجی فەتـاح لەوبەری جادەکە بووین، پاشـان لە پشـت سـەربازەکانەوە هـاتینە بـازگەکە، کـاتێکیش چالاکییەکە تەواو بوو، بەو شوێنەدا گەڕاینەوە کە پێشتر پلانمان بـۆی دانـابوو، بەڵام کە یەکدیمان گرتەوە و سەیری خۆمان کرد، شەهید ڕەشۆ نەهاتووە، بـۆ بەیانییەکەی دایکمان بە سـۆراغی ڕەوان کـرد، لە ئەنجامـدا بۆمـان دەرکەوت کە خوێنی ئاڵی پێشکەشی کوردسـتان کـردووە و شـەهید بـووە. وەک دایکـم بـۆی گێـڕاینەوە، هێـزەکەی حکـومەت تەرمەکەیـان بـردووەتە نـاو لیـوا سەربازییەکە .

---

مەفرەزەری تایبەت لەگەڵ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و بەشـداری چەنـدین چـالاکی کردووە. لە ١١ی ئـاداری ١٩٨٠ لـە چـالاکی دیانـا شـەهید دەبێـت. و ئـاوارەی ئێـران و هەروەها دەكاتە برای لیوا سلێمان دێرانەیی کە ئەویش یەکێك لە پێشمەرگەکانی دیاری شـۆڕش و خانەنشـینکراوی فەرمانـدەیی بارزانـە. ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای (پ.د.ك).

باقی شێخانەیی[1]، تایبەت بە چالاکی دیانا، دەڵێ: تازە لە پەلاماردانی ڕەبییەکەی بادلیان گەڕابووە و هاتە گوندەکەی ئێمە، پێی گوتم بڕۆ سەردانێکی دیانا بکە، بزانە چەند سەرباز کوژراون، بە نهێنی چوومە لای ئەحمەد بادیلی و پێی گوتم، "ڕێک نازانم ژمارەی دروستی کوژراوەکان چەندە، بەڵام زانیاریم هەیە کە لەناو کوژراوەکاندا پلەداریش هەیە".

حاجی فەتاح حاجی مستەفا بەگ دێلزی[2]، کە خۆی وەک ڕێنیشاندەر لە

١- باقی حەسەن شێخانەیی: ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی شێخانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ بوویتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت و ساڵی ١٩٧٨ دەبێتەوە پێشمەرگە لە شۆڕشی گوڵان و بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی ئەوکات کردووە و ساڵی ٢٠٠١ لە ئاوارەیی دەگەڕێتەوە کوردستان لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبێت و بە پلەی نەقیب خانەنشین کراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

٢- حاجی فەتاح مستەفا بەگ دێلزێ ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی دێلزیا لە دایکبووە، دەرچووی ٦ی سەرەتاییە، لە ساڵی ١٩٧٠ بەرپرسی قوتابیان و لاوان و بەرپرسی شانە سەرەکی ڕێکخراوی دێلیزیان بووە، ساڵی ١٩٧١ بوویتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری لە سنووری سەرچیا و باڵەکایەتی، ساڵی ١٩٧٧ جارێکی دی پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووەتەوە، دوای شەهید بوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان بوویتە پێشمەرگە لە لقی دوو. ساڵی ١٩٨٣، ئەرکی پێشمەرگایەتی بۆ هێزی بارزان گواستووەتەوە. ساڵی ١٩٨٥ بووە بە کارگێری ناوچەی ڕەواندز لە شۆڕشی گوڵان و جێگری هێزی ٧٣ لە هێزی بارزان، بەشداری ڕاپەرینی لە هەولێر و کەرکووك کردووە. ساڵی ١٩٩٥ بوویتە کارگێری لیژنەی ناوچەی دیانا. ساڵی ٢٠٠٠ گواسترایتەوە بۆ ناوچەی سمیلان بە کارگێری ناوچە. ئێستا ئەندام مەکتەبە لە لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان. ٣ جار بە سەختی بریندار بووە لە کەندی دیانا ساڵی ١٩٨٠، لە سەر پردی دۆلەمەرکێ ساڵی ١٩٨٥. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

گەڵ مەفرەزەکە بوو، بەمشێوەیە باسی لە چالاکییەکە کرد و گوتی: ڕۆژێك شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بە کەسێك پۆستەیەکی بۆ ناردبووە دێلزیا کە سەردانی بکەم، پاشان ڕۆژی ٩-٣-١٩٨٠ چوومە لای، دوای پرسینەوە لە ڕەوشی ڕێکخستنەکانی دیانا، کەسێك لە دیانا هەیە، ناپاکی کردووە و جێی دانیشتنی ئەو کەسەم بۆ بدۆزەوە. ئەوە بوو من و نامیق کەونەگوندی کە جێبەکی هەبوو چووینە دیانا، ئەو ماڵە کە چەکدار بوون، هاتن و گوتیان، ئێوە لێرە چ دەکەن و بە دوای چی دەگەڕێن، ئێمەش پێمان گوت لە دوای ماڵی عەبدوڵا دەگەڕێین و گوتیان کام عەبدوڵا و گوتمان عەبدوڵای برایم تەوریزە. پاشان گەڕاینەوە لای شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان لە دێرانا و پێمان ڕاگەیاند کە ماڵی خیانەتکارەکەمان دۆزییەوە و ڕێگەی چوونیشمان بۆ باسکرد، چونکە جێگاکە زۆر سەختەبوو. دکتۆر عەبدولڕەحمان وێڕای سوپاسگوزاری، ئەوەشی پێ گوتم کە کاتی هات بە دوات دەنێرم، دوای دوو شەو دکتۆر عەبدولڕەحمان بە دوای منی نارد و داوای کرد وەک ڕێنیشاندەر بۆ لای ماڵی خیانەتکارەکە لەگەڵیاندا بچم. سەرەتا هاتینە ماڵی عەبدولڕەحمان لە سەر پردێك کە بازگەیەکی سەربازی لەسەر هەبوو، ئێمەش کە لە خۆم و مەجید خدر و ئەحمەد و حوسێن و حەمەدی حاجی سەعید و سەعید بادیلی و نامیق کەونە گوندی و شەهید ڕەشۆ ئەحمۆ شێخانەیی پێکهاتبوون، دامانەوە پشت جادە و بە کەندکە هاتینە خوارەوە، لە یادمە شەهید ڕەشۆ گوتی، لەبەرئەوەی شارەزا نیم، من تۆ بە جێناهێڵم، پاشان گوتم ئێوە لێرە بن، من دەچمە سەر پردەکە، ئەگەر شتێك ڕوویدا ئێوە بگەڕێنەوە، بەڵام کاتێک ئاوڕم دایەوە، ڕەشۆ لە دوای من دەهات و حەمەد و ئەوانیش لە دوای ئەو دەهاتن و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە و پاشان

بووین بە دوو قۆڵ، قولێك كەوتینە بن جادە و قولێكی تر كەوتینە پشت جادە كە گەیشتینە سەر جادەكە، دوژمن تەقەی كرد، ڕەشۆش شەڕی دەكرد و هەموو عەسكەرەكان تەقەیان بۆ لای من دەكرد، قۆڵەكەی پشتی جادەش، ئەوانیش تەقەیان كرد و پاشان دوو دەبابەش هاتن، هەر دووكیان تەقەیان لە ئێمە دەكرد.

ئێمە دواتر زانیمان، گەورە جاشێكی سنووری دیانا، هەواڵیان بە دوژمن دابوو كە دكتۆر عەبدولڕەحمان بە خۆی و مەفرەزەكەیەوە دێنە ئەو شوێنە، لەو شەڕەدا من بریندار بووم، بەڵام هەر دەستبەجێ برینەكەی خۆم بەستەوە و هاتینەوە هەمان شوێنی كە پێشتر پێیدا هاتبووین، لەو شەڕەدا ڕەشۆ ئەحمۆ شێخانەیی شەهیدبوو، تەرمەكەشی بەجێ ماوە. دكتۆر عەبدولڕەحمان گوتی "دەبێ هەواڵێكی ڕەشۆم بۆ بینی" و بەیانی چوومە سەر جادە، خەڵك دەیانگێرایەوە كە شەوی ڕابردوو نزیكەی١٠٠- ٣٠٠ پێشمەرگە هاتوونە ئێرە، پاشان خزمێكم هات و گوتی پێشمەرگەیەك لە بەر جادە شەهید كراوە و چەندین سەربازی ڕژێم كوژراون و پاشان گوتیان حكومەت هات و دەورەی لەو تەرمەكە دا و لەگەڵ خۆیان برد.

## چالاكیی دەراوا كەزا

لە نووسینەوەی چالاكییەكانی شەهید دكتۆر عەبدولڕەحمان، سەرچاوەی بەردەستمان ئەو دیدارانەیە كە لەگەڵ هاوسەنگەرانی ئەنجاممان داوە، لەوبارەوە مەجید محەمەدئەمین ڕەشۆ[1]، دەڵێ: جارێكیان دكتۆر بە

١- مەجید محەمەدئەمین ڕەشۆ: ناسراو بە زەعیم خەڵكی دەشتی هەریرە، باوكی كەسایەتی و هاوكاری پێشمەرگە لە مەفرەزە تایبەتەكان لە شۆڕشی گوڵان لەگەڵ

مەفرەزەوە هاتبووە گوندەکەمان، ئەوکات سەرباز و جاشیش لەو ناوە هەبوو، سەربازەکان هاتنە ناو گوند، ئەوانیش دەرچوون و بۆ بەرزاییەکە سەرکەوتن، بەڵام لە ڕێگەدا لەگەڵ عەسکەر و جاش کەوتنە بەرانبەر یەکدی. لەو پێکدادانەدا حەوت پێشمەرگەی مەفرەزەی شەهید حەمەدئەمین زراری کەوتنە ناو چەمەکەوە کە پێی دەڵێن دەراوا کەزا، لەبەرئەوەی شوێنێکی سەخت و عاسێ بوو، دەرفەتی دەربازبوون کەمبوو، پێشمەرگەکان دەستگیر کران، بەڵام دکتۆر توانی دەرباز ببێت و لە ترسی ئاشکرابوون و دۆزینەوەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خۆی لە بن پەرچەی ئاوێک حەشار بدات، ڕۆژی سێیەم ماسیگرێکی ناسیاویان بە مەبەستی ماسیگرتن چووبووە سەر ئاوەکە و لەوێ کەسێکی دیبوو، پێی گوتبوو، تۆ کێی؟ ئەویش گوتبووی من دکتۆر عەبدولڕەحمان زراریم لەگەڵ حەمەدئەمین زراری بووم، ئەو ناسیاوەیان یەکسەر هاوکاری دەکات و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە، پاشان بە سەلامەتی بە ڕێی دەکەنەوە.

## چالاکیی ڕووباری دەشتی بەرازگر

لەتیف خورشید تەمەرخان لە گێڕانەوەکەیدا باسی لە چالاکییەکانی خۆیانی کرد و گوتی: جارێک لە گەلی گۆستێوە بەرەو کانیەڕەش و دەشتی بەرازگر و کۆڵەکان بەڕێکەوتین، لە ڕێگەدا تووشی شەڕ بووین، بارەگای فەوجێکی سوپای عێراقی لە کانیەڕەش بوو، کاتێک ئێمە گەیشتینە سەر ڕووباری بەرازگر، سەربازەکانیش گەیشتنە سەر ڕووباری بەرازگر، ئێمە

---

شەهید حەمەدئەمین زراری بووە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

هەندێکمان لە ڕووبارەکە پەڕیبووینەوە و هەندێکی دیکەمان هێشتا هەر لەناو ڕووبارەکە بوون، من بە چاوی خۆم شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانم بینی، چۆن بە ژێسێیەکەی دەستی لەناو ئاو شەڕی دەکرد و یەک لەدوای یەک سەربازەکانی بەردەدایەوە. لە ئەنجامدا چەند سەربازێک کوژران و بە شکستی پاشەکشەیان کرد. ئێمەش لە شوێنی پێشتر دیاریکراودا، هەموومان یەکدیمان گرتەوە و لە ڕێگەی خۆمان درێژەمان بە ڕۆیشتنەکەمان دا.

## چالاکیی بردنی داودەرمانی نەخۆشخانەی بجیل

جیهان سلێمان کە لە کاتی سەردانییەکانیاندا بۆ لای دکتۆر عەبدولڕەحمان لە شاخ بۆ گێڕاوەتەوە، لە چالاکییەکدا هەڵیکوتاوەتە سەر نەخۆشخانەی بجیل و هەرچی دەرمان و دەرزی و پێداویستی دیکەی پزیشکی هەبوو، هەمووی لەگەڵ خۆی بردبوو.

## چالاکیی ترساندنی جاشێک

خاتوو جیهان باسی لەوەش کرد، دکتۆر عەبدولڕەحمان بۆ دایکی گێڕاوەتەوە کە شەوێک بەسەر ماڵی سەرجاشێکی داوە و لە خەودا چووەتە سەر سەری، چەکیشی لەسەر سەری داناوە، بەڵام پێی گوتووە، ئەمجارە ناتکوژم، بەڵکو بەخۆدا بێیتەوە و ڕۆژێک پەشیمان بێتەوە و بێتەوە ناو ڕیزی کوردایەتی.

**چالاکی تەقاندەوەی قەڵای سەربازی دێلزێان**

حـاجی فەتـاح لە گێڕانەوەکەیـدا بەمشـێوەیە باسـی لەو چـالاکییە کـرد و گوتی: شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان هەواڵی بۆمان نارد کە چۆن بتـوانن قەڵا سـەربازییەکەی دێلزیـان بتەقێنیـنەوە، ئـێمەش وەک ئەنـدامانی ڕێکخسـتنە نهێنییەکانی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەو سـنوورە، ڕێوشـونەکەمان بـۆ نارد. مۆڵگەی دوژمن تەنیا لای گۆڕستانی دێلزێان هەبوو و لایەکەی تـر چـۆڵ بوو، پلانی تەقینەوەکەشمان لە گوندی دێرانی لە ماڵی مام سەعید داڕشت.

شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بە خۆی و مەفـرەزە دوازدە کەسـییەکەیەوە هـاتنە نـاو دێلزێـان، دواتـر بە پێـی ئەو پـلانەی داڕێژرابـوو، مەفرەزەیەکـی بچووک بۆمبێکی لە بن قەڵا سەربازییەکە تەقاندەوە. پاشان مەفرەزەکە هـاتنە ماڵی موختاری گوندی دێلیزیان و بە موختاری گونـدیان گـوت، کاتێـک ئـێمە دەڕۆینەوە، تۆش بڕۆ هەواڵ بە حکومەت بدە، موختـاریش بە پـێ بەرنـامەی شەهید دکتۆر عەبـدولڕەحمان چـوویە دیانـا و بە حکـومەتی ڕاگەیانـدکە ڕۆژ بوویەوە، ئەمن و ئیستخبارات و جاش هاتن. ئەو چـالاکییە ترسـێکی زۆری لە لای دوژمن دروست کـرد و هەمووشـیان پەنجەیـان بـۆ مەفـرەزەکەی دکتـۆر عەبدولڕەحمان درێژ دەکرد.

## مەفرەزەی پارتیزانی پێشمەرگە بەرانبەر دوژمن و سیخوڕەکان

لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیدا، بوونی مەفرەزەی پارتیزانی تایبەت کە لە نێوەندە جیهانییەکان بە (هێزی تایبەت، یان هێزی دەستوەشێن) ناودێرە و لە کەسانی زرنگ و چاپوک پێکدێت. لە هەراسانکردنی دوژمن و خۆفرۆشاندا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆیە شوێنێکی جێگیری نییە، بەڵکو گەڕۆکە و ئەندامەکانیشی لە پێشمەرگە دەستەبژێرەکان هەڵدەبژێردرێت، بەپێی جۆری چالاکییەکانیش جلوبەرگ و ڕوخساری خۆیان دەگۆڕن، بەتایبەتی کاتێک دادەبەزنە ناو شار، بە شێوەیەک جلوبەرگ و ڕوخساری خۆیان دەگۆڕن، تا هەست بە جیاوازی نێوان خەڵکی ناو شار و پێشمەرگە نەکرێ.

لەبارەی جموجووڵی مەفرەزە پارتیزانەکانی پێشمەرگەی پارتی و بارزانی، لەتیف خورشید، باس لەوە دەکات کە ئەوان شەو و ڕۆژ لە جووڵەدا بوونە و ڕاوەستانیان نەبووە، وەک کورد دەڵێ "ماری بێ شوێن بوونە"، بۆیە بەردەوام لەم گوند بۆ ئەو گوند، لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ و لەو پێدەشت بۆ ئەو پێدەشت بە هەر چوار وەرزی ساڵ لە جووڵەدا بوونە. لەبارەی خەسڵەتی پێشمەرگانەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان دەڵێ: ئەگەر دکتۆر یەک دیناری لە گیرفان با، ئەویشی بۆ پێشمەرگە سەرف دەکرد، هیچ کاتێک نەیدەهێشت

خوێنی پێشمەرگە بە فیڕۆ بچێت. جارێک بۆی گێڕاینەوە لە تۆڵەی پێشمەرگە بە ئارپێجی لەوانەی داوە کە هەواڵیان لە پێشمەرگە دابوو، هەروەها بەردەوام دەیگوت: "تا لە ژیاندا بم نایەڵم حەقی پێشمەرگە بەسەر کەسەوە بچێت، چوونکە من بڕیاری فیداکاریم لەپێناو ڕێبازی کوردایەتی داوە".

دکتۆر عەبدولڕەحمان بە چالاکیيە بێهاوتا و بوێرەکانی هەموو خەڵکی ناوچەکە و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم، ئەگەر بە ڕوخساریش ئاشنا نەبوون، بەڵام بەناو دەیانناسی. بێگومان جگە لە سەرکردایەتی شۆڕش، بە پشتیوانی خەڵکە نیشتیمانپەروەرەکانی ناوچەکە کە هاوکارییەکی باشیان دەکرد، دەزگاکانیشی بە چالاکییە زەوەندەکانی سەراسیمە و حەپەساو کردبوو. بۆیە دەزگاکانی ڕژێم هەمیشە بۆی لە مەڵاس و فرسەتدا بوون. تەنانەت کەسێکی وەک ڕائید ئەحمەد[1] کە ئەفسەرێکی هەواڵگری ڕژێمی بەعس بوو، بە پشتیوانی سیاسەتی شۆڤێنیانەی بەعس و هاوکاری سیخوڕەکان، ببووە گەورە دڕندەی گیانی هاووڵاتیانی بێ دەرەتان، بەڵام هەترەشی لە ناو و جووڵەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان چووبوو، ئۆقرەی نەمابوو، بۆیە هەموو هەوڵی ئەوەبوو بیخاتە داوەوە، تا بە هاوکاری و

---

١- ڕائید ئەحمەد، ئەفسەرێکی هەواڵگری سەربازیی ڕژێمی سەدام بوو، لە دەزگەی هەواڵگری سەربازیی دیانا کاری دەکرد، بە کەسێکی شۆڤێنی و توندڕۆ و دژە خەڵک و پێشمەرگە ناسرابوو، تەنانەت زیندانی تایبەت بە خۆی هەبوو، چەندجارێک پێشمەرگەکانی پارتی بە مەبەستی کوشتنی بۆی دادەبەزینە ناو شار، بەڵام دەربازی دەبوو، تەنانەت جارێکیان لە شەڕێکدا لە ناوچەی سیدەکان بە دەستی پێشمەرگە بریندار دەبێت، بەڵام لە لایەن جاشە خۆفرۆشەکانەوە ڕزگار دەکرێت و بە هەلیکۆپتەر بۆ چارەسەری دەگەیەنرێتە بەغدا. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

چاوساغی جاشەکان، لە بۆسەیەکیدا شەهیدیان کرد. ئەوکات، لە ناوچەی برادۆست، کەس بوێری سیخوڕیکردنی بۆ دوژمن نەدەکرد، چوونکە دکتۆر بەوە ناسراوبوو، بە هیچ شێوەیەک دەستی لە سیخوڕ نەدەپاراست و چالاکییەکانی خۆشی هەمووی ڕیکۆرد دەکرد و ڕیکۆردەکەشی بەردەوام بە دەست محەمەد شورتەوە بوو.

عومەر حاجی سەعید کەونەگوندی[1]، دەڵێ: ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگە بووین لەگەڵ مەفرەزە تایبەتییەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان، جاش و چڵکاوخۆرەکان هەترەشیان چووبوو، چونکە دکتۆر دەستی لە نۆکەر و سیخورەکان نەدەپاراست، هەمیشە بڕوای وابوو، پێویستە بەر لە دوژمن ئەوانە تەمبێ بکرێن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوانە چاوساغی و دەستکێشی بۆ دوژمن نەکەن، دوژمن ناوێرێ لە پێشمەرگە نزیک بکەوێتەوە و دەستی لێبوەشێنیت شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری، تا سەر ئێسقان ڕقی لەو کوردانە دەبۆوە کە سیخوڕیان بۆ دوژمن دەکرد، ئەوانی بە مەترسییەکی

١- عومەر حاجی سەعید کەونەگوندی: ساڵی ١٩٥٥ لە کەونە گوندی سەربەقەزای مێرگەسۆر پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٨ لە بارەگای بارزانی بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێنەوە و لە لایەن ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر نەفی ناسریە کرایە. ساڵی ١٩٧٨ جارێکی دی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەکاتەوە و بۆ ماوەیەك لە گەڵ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان پێکەوە بوونە، دوای ڕاپەڕین لە سوپای بارزان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات و بەشداریی لە شەڕی تیرۆریستانی داعش کردووە و ئێستاش بە پلەی عەقید خانەنشین کراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

گەورە بۆ گیانی پێشمەرگە هەژمار دەکرد.

حاجی فەتاح حاجی مستەفا بەگ دێلزی لەبارەی چالاکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری دیانا، گوتی: بەهاری ساڵی ١٩٨٠ شەوێك من و خاڵ مەلا سەعید دێلزی چووینە گوندی کەونەگوند، لەوێ چاومان بە شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان کەوتەوە و دوای پرسینەوە لە تەنزیماتی داخلی و ئەرکی پارتایەتی لە سنووری ئێمەدا، ژمارەیەک نامیلکە و وێنەی بارزانیی نەمر و کاك ئیدریس بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی و پەیڕەوپرۆگرامی پێداین و گوتی، دەبێ ئەوانە هەمووی بڵاو بکەنەوە، ئێمەش لە ناو دیانان و دێلزێان تەواوی بڵاوکراوانەمان بڵاوکردەوە و وێنەکانمان لە دیوارەکانی دەدا، جگە لە کاری ڕێکخستنی نهێنی، ڕاپۆرتیشمان لەسەر کەسانی خۆفرۆش و جاشەکان، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکیان ئەزیەت دەدا، ڕەوان دەکرد، هەروەها زۆر بە نهێنی کۆبوونەوەمان دەکرد و خەڵکمان هان دەدا بێنە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە سەردەمی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕێکخستنەکانی پارتی زۆر چالاك بوون.

## خەسڵەتە پێشمەرگایەتییەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان

عومەر حاجی سەعید، لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەیدا، باسی لە بوێری دکتۆر عەبدولڕەحمان کرد و گوتی: ئەو بە بێ ترس لە نێوان سیدەکان و مێرگەسۆر و دەشتی دیانا هاتوچۆی دەکرد، لە هەموو ناوچەیەکیش هاوکار و یارمەتیدەری هەبوو، تەنانەت خەڵکی هێندەیان خۆش دەویست، بێ ئەوەی داوایان لێ بکات، قاتی پێشمەرگایەتی و پێڵاویان بۆ دەنارد. دکتۆر لەبەرئەوەی گیانی خۆی بۆ پارتی و بارزانی تەرخان کردبوو، بە گەشبینییەوە هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت، کورد لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی ڕزگاری دەبێت، من بەو ئاواتە بوومەتە پێشمەرگە، ئەگەرنا، من برینپێچم و دەتوانم بە پیشەکەم ژیانێکی مامناوەندی بۆ خۆم مەیسەر و فەراهەم بکەم، بەڵام هەرگیز بیرم لە ژیانی تایبەتی خۆم نەکردۆتەوە، من ڕێبواری ڕێبازی بارزانیم و ئامادەم لە پێناویدا شەهید ببم، بۆیە ئەرکی ئێمەیە خەبات بۆ ڕزگاریی کوردستان و سەرخستنی ئەو ڕێبازە بکەین. باپیر چەتۆ سەروکانی[1] باس لە یەکەم ناسینی دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و

---

١- باپیر چەتۆ مامەند: ساڵی ١٩٦٣ لە سەروکانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر لە دایکبووە و نەوەی مامەند مەسیح سەرۆکانی، سەرلقی دیاری شۆڕشی دووەمی بارزان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووە، لە تەمەنی لاوێتدا هاوکاری شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بووە لە مەفرەزەی تایبەت و دواتر ساڵی ١٩٧٩ ئاوارەی ئێران دەبێت و دەبێتە

دەڵێ: من و بەدرۆی برام و جەوهەری ئـامۆزام، لە لای خوالێخۆشـبوو پیـرۆز حاجی ئیسماعیلی داپیرم دەژیاین، ئەوکات تەمەنـم دەوروبەری دوازدە سـاڵ دەبـوو، لە ڕێـگەی حەمەد مامەنـدی مـامم، دکتـۆر عەبـدولڕەحمانم ناسـی، چـــوونکە زوو زوو بە خـــۆیی و مەفـــرەزەکەیەوە دەهـــاتنە لای ئـــێمە. لە هاتنێکیدا، ئەگەر هەڵە نەبم مانگی نیسانی ١٩٧٨ بوو، دیاربوو، پێویسـتی بە هەندێ پێداویستی بوو کە لە شار بۆی بهێندرێت و ڕووی لە حەمەدی مـامم کرد و گوتی: کێ دەتـوانێ ئەو پێداویسـتیانەمان بـۆ پەیـدا بکـات؟ حەمەدی مامیشم گوتی: ڕەنگە بـاپیر بتـوانێ ئەوە بکـات. دکتـۆر ڕووی لە مـن کـرد و گوتی: لە خۆت ڕادەبینی و دەتوانی بچی بۆ ڕواندز؟

لە وەڵامدا گوتم: بەڵی، دەتوانم .

گوتی: هیچ مامۆستا لە ڕواندز دەناسی؟

گوتم: بەڵی لەوێ قوتابی بووم، زۆربەی مامۆستاکان دەناسم.

گوتی: هەندێ شتت پێدەدەم، دەتوانی بیگەیەنییە دەست مامۆستا زرار؟

لە وەڵامدا بێ سێ و دوو، گوتم: بەڵێ دەتوانم.

شتەکان کە لە نامە و بڵاوکراوەی پـارتی پێکهـاتبوون، جـوانی پێچـایەوە و لەناو جلوبەرگی من شاردیەوە، بۆیە بە ئاسانی لە بازگەی ئەشکەوتان دەرباز

---

پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان. ساڵی ١٩٨٣ ئەرکی پێشـمەرگایەتییەکەی بـۆ هێـزی بـارزان دەگوازرێتەوە و بەشداریی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کردووە و لە سـوپای بـارزان چەنـد ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەبووە و یەکێك لە بەشداربووەکانی شەڕی تیرۆریستانی داعش بووە، ئێستا بە پلەی موقەدەم لە فەرماندەیی بـارزان لە خـزمەت بەردەوامە. ئەرشـیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

بووم، سەرەتا چوومە ماڵی خاڵی دایکم کە ماڵیان لە کاولۆکان بوو. دوای دوو ڕۆژ، بەپێی ئامۆژگارییەکانی دکتۆر، ئینجا چوومە ڕواندز و ئەمانەتەکەم ڕادەستی مامۆستا زرار کرد. پاشان سەردانی بازاڕی ڕواندزم کرد و پێداویستییەکانی داوای کردبوو، هەموویم یەک جێ بۆ کڕی.

هەروەها لە گێڕانەوەکەیدا ئەوەشی گوت کە زۆر باش ئەوەی لە یادە، کاتێک دوکاندارەکە پرسیاری کڕینی ئەو هەموو شتەی لێ کردووە کە ئەو شتانەت بۆ کێیە؟

یەکسەر گوتم: بۆ پێشمەرگەمە.

دوکاندارەکە بە دەنگێکی نەرم و بەسۆزەوە پێی گوتم، بێدەنگ، لە لای کەس ئەو قسەیە نەکەی.

باپیر ئەوەشی گێڕایەوە و گوتی: لە یادمە (سەد و دە) دیناری عێراقی پێدابووم، سەد دینار بۆ کڕینی پێداویستییەکان و گوتی، دە دیناریش بۆ خۆت و بۆ کرێی ڕێگە.

باپیر لەسەر گێڕانەوەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ساڵی ١٩٧٩ چوومە ئێران، پاشان لەگەڵ حەسکۆی کۆلەکی چووینە تاران بۆ لای لاوکۆ مامەندی مامم، دواتر لە کەرەج چوومە لای خوالێخۆشبوو حەلیمەی پورم، پاشان چووین بۆ لای کاک ئیدریس بارزانی و گوتم هاتووم، دەمەوێ ببم بە پێشمەرگە لای حەمید ئەفەندی. پێی گوتم بۆ دەچیتە لای ئەو، گوتم: من دکتۆر عەبدولڕەحمان دەناسم. چۆنیەتی ناسین و هاتوچۆکانی بۆ لای ماڵی حەمەدی مامم بۆ گێڕایەوە. پاشان کاک ئیدریسی ڕەحمەتی سەیرێکی کردم و دەستێکی خستە سەرپشتم و گوتی: تۆ قارەمانی، تەنانەت کرێی ڕێگەشی پێدام و لەگەڵ ڕێبەر دەسکۆی کوڕە پورم هاتینە شنۆیێ و چوومە بارەگای

حەمید ئەفەندی. سەرەتا لەوێ ڕۆژانە قاپم دەشووشتن، تا ڕۆژێکیان شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان لە بارەگا بە ژوور کەوت کە منی بینی یەکسەر باوەشی پێدا کردم و گوتی: باپیر تۆ لێرە چی دەکەی؟ پاشان بردمیە بازاڕی و سەمینۆفێکی دایە دەستم، نەورۆزی ساڵی ١٩٨٠ بە مەفرەزە هاتمە گەلی گۆستەی و بووم بە پێشمەرگە.

ولی بەگ هاودیانی[1] دەڵێ، یەکەمجار لە شەوێکی زۆر دژواری زستان لە نزیک پیران چاوم بە دکتۆر عەبدولڕەحمان کەوت، دوای چاک و چۆنی یەکسەر داوای لێکردم باسی بارودۆخی گوندەکان و هێزی حکومەتی بۆ بکەم کە لە ناوچەکەدا مۆڵگەیان هەیە، منیش بەپێی بینینی خۆم و توانای هەڵسەنگاندنم بۆ بارودۆخەکە بۆم باسکرد و ئەویش هەمووی لە لای خۆی یاداشت کرد و گوتی: "ئەگەر کەسانی وەک ئێوە نەبن، ئێمە لەناو ئەو دار و بەردە چ دەکەین، چوونکە بێ هاوکاری و یارمەتی ئێوە ناتوانین هیچ چالاکییەک دژ بە مۆڵگەکانی دوژمن بکەین".

لەتیف خورشید تەمەرخان کە هاوسەنگەرێکی دیکەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانە، ئاشنایەتی خۆی لەگەڵ دکتۆر بۆ هاوینی ١٩٧٨ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە یەک مەفرەزە بووین، بۆ خۆمان بارەگایەکمان لە گۆستێ لە بن

١- وەلی بەگ هاودیانی: ساڵی ١٩٤٦ لە هاودیانی سەر بە ناحیەی دیانا لە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٨-١٩٩١ لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاک بووە، دوای شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕێکخراوێکی بەناوی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان دامەزراندووە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٠ لە سوپای بارزان فەرماندەی هێزی هاودیانان بووە و ساڵی ٢٠٠٧ بە پلەی فەرماندەی هێز خانەنشین کراوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

چەلوکا دروست کرد. دکتۆر حەزی بە چالاکیی بوو، هەرگیز نەیدەخواست بێ چالاکیی دانیشێت، بۆیە داوای لە حەمید ئەفەندی کرد، مەفرەزەیەکیش بە من بدەن، ئێمە گەنج و خورت بووین، ئەو داوایەی دکتۆرم زۆر بەلاوە پەسند و خۆش بوو، سەرەنجام بە یەکەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی دەردەچووین .

دکتۆر عەبدولڕەحمان، لە ئەنجامدانی چالاکیی پێشمەرگانەدا، هیچ کاتێک بێ دارشتنی پلانی پێشوەختە و دابینکردنی ڕێگەی گەڕانەوە، هەنگاوی نەدەهاوێشت، ئەو جگە لەوەی پێشمەرگە و برینپێچ بوو، خوێنەرێکی باشیش بوو، بەردەوام پەرتووکی پێبوو، لەو ڕێگەیە و لە ئەزموونی پێشمەرگایەتی لە دەرەوە و لە ناو شار، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە بەڕیوەبردن و فەرماندەییکردنی مەفرەزەی پارتیزانی پەیدا کردبوو.

لەتیف خورشید زیاتر باس لە بوێری و لێهاتوویی دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: بەر لە دەرچووڼمان، هەموومانی کۆدەکردەوە و ئامۆژگاری پێویستی لەبارەی چالاکییەکە و چۆنیەتی خۆدەربازکردنی دەداینێ و دەیگوت: "دەبێ بەردەوام هۆشیار بین و نابێ هیچ پێشمەرگەیەک هاوسەنگەرەکەی جێبهێڵێ و دەبێ پێکەوە بین".

هەروەها باسی لەوەش کرد و گوتی: زۆربەی چوونەدەرەکانمان بە شەو بوو، زۆرجاریش ڕێگەمان دوورودرێژ بوو، بەردەوام دۆست و هەڤاڵەکانمان خواردنیان بۆ دابین دەکردین، بۆیە دکتۆر بەردەوام دەیگوت، "دەبێ ڕۆژێک بێت، بتوانین چاکەی ئەو خەڵکە پێشمەرگەپەروەرە بدەینەوە، کە بە هێنانی خواردن و خۆراک بۆ پێشمەرگە سەرکێشی بەگیانی خۆیان دەکەن". ئەوکات پێشمەرگایەتی چەندە سەخت بوو، هاوکاریکردنی پێشمەرگە سەختتر بوو،

لەبەرئەوەی ئەگەر پیاوەکانی ڕژێم بەوەیان بزانیبا، یەکسەر دەستگیریان دەکرد، ئەگەر هەر لە هەیئەی کەرکووکەوە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە گیان نەسپارد با، یان لە بەناو دادگاکەی شۆڕش، بە سەرۆکایەتی عەواد بەندەر[1]، فەرمانی سێدارەیان بۆ دەرنەچوو با، گرتووخانە بەدناوەکەی (ئەبوغرێب) دەبووە شوێنی ئەبەدیان.

لەتیف خورشید، باس لە خەسڵەتێکی دیکەی پارتیزانی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: ئەگەر بیزانیبا کەسانێک دەستیان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت تێکەڵاوکردووە، بە شێوازی خۆی ئاگاداری دەکردنەوە کە واز لەو کارە خۆفرۆشییە بهێنن، ئەگەر نا دەستی لەو جۆرە کەسانە نەدەپاراست و حەزی بە چارەی خۆفرۆشان نەدەهات و لە سەلامەتی گیانی پێشمەرگە، ئەوانی لە دوژمن بە مەترسیدارتر دادەنا.

---

١- عەواد حەمەد بەندەر ئەلسەعدون (١٩٤٤-٢٠٠٧) لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن سەرۆکی بەناو دادگای شۆڕش بوو، لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی ئەودادگایەدا، چەندین حوکمی لە سێدارەدانی دژ بە هاووڵاتیانی عێراقی بە کورد و عەرەب و تەواوی پێکهاتەکان دەرکردووە. لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٦دا، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا بڕی و ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ بڕیارەکەی دادگای بەسەر جێبەجێ کرا و لە سێدارە درا.

## ڕۆڵی ڕێکخستەکان لە ئەنجامدانی چالاکییەکاندا

لە ئەنجامـدانی چالاکییەکانـدا، دکتـۆر عەبـدولڕەحمان تـا ڕادەیەکـی زۆر پشتی بە ئەنـدامانی ڕێکخسـتنە نهێنییەکـان و هەڤاڵەکـانی دەبەسـت کە لە ناوچەکانی ژێر دەسهەڵاتی ڕژێم دەژیان.

کـاکۆ حـاجی بـایز بـاس لە ڕووداوێکـی مـانگی نیسـانی ١٩٨٠ دەکـات و دەگێـڕێتەوە، دوو مەفـرەزەی پێشـمەرگە، یەکیـان بە فەرمانـدەیی دکتـۆر عەبـدولڕەحمان و ئەویـدی بە فەرمانـدەیی حـاجی فـایەق برادۆسـتی کە هەردووکیـان سـەر بە هێـزەکەی حەمیـد ئەفەنـدی بـوون، بەنیـاز بـوون لە کانیەڕەش بەرەو گوندی شاپان بڕۆین، بەڵام لە پێش گوندی شاپان ڕووبارێـک هەبـوو، بە شـێوەیەک هـاتبوو، بـۆ ئـێمەی پێشـمەرگە وەک دەریـا وابـوو، لەبەرئەوەی هـیچ پردێکیشـی لەسـەر نەبـوو، پەڕینەوەمـان وەزەحـمەت کەوتبوو، جگە لەوەش برسێتی بڕستی لێ بڕیبووین. ناچار هانامان بۆ ماڵێکی موهـاجیر بـرد، تـا بڕێـک نانمـان بگەیەنێتـێ. ئەوانـیش دەمودەسـت بە دەنگـمانەوە هـاتن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان لەوبەر بـوون، ئـێمە لە بەری خواکوڕک بووین، بۆیە نانەکەیان لە پەڕۆ دەپێچا و هەڵیان دەدا، چەنـدینجار ئەو هەڵدانە کورتی دەکـرد و نەدەگەیشـت، یەکسـەر دەکەوتە نـاو ئـاوەکە. واتە بـۆ نـان پەیـدا کـردن، پشـتمان بە خەڵکـی ئاواییەکـان دەبەسـت کە هاوکارانمان بوون.

سیفەتێکی دیکەی دکتۆر ئەوەبوو، ڕاستە لە بەڕێوەچوونی چالاکییەکان و بەرچاوڕوونیەکاندا، ئەندامی ڕێکخستنەکان هاوکار و یارمەتیدەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیدەویست گرفت بۆ ئەوان دروست ببێت، لەوبارەوە نەجیم سەعید گۆج شێخانەیی[1] دەڵێ: جارێکیان لەگەڵ دکتۆر چووینە نەخۆشخانەی باڵەکیان، بەڵام کە نزیک نەخۆشخانە کەوتین، بە منی گوت "تۆ بگەڕێوە، نابێت تۆ تووشی گرفت بیت و ئاشکرا بیت". هەروەها ڕاستە چاوساغیمان بۆ دەکرد، بەڵام هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین کە وریا و هۆشیار بین و تا بۆمان دەلوێ خۆمان لە چاوی پیاوانی حکومەت و چڵکاوخۆرەکانی داگیرکار بە دووربگرین، چوونکە ئاشکرابوونی ئێوە بە تەنیا زیانی کەسی نییە، بەڵکو کاریگەری لە چالاکییەکانی شۆڕش لەناو ئاواییەکانیش دادەنێت و ئاستەنگی سەربارمان بۆ دروست دەکات.

هەروەها مەلا سەعید دێڵزی[2] لەبارەی دوا دیداری خۆی لەگەڵ دکتۆر

---

١- نەجیم سەعید گۆج شێخانەیی: ساڵی ١٩٥٧ لە شێخانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر لەدایك بووە و ساڵی ١٩٧٢ لە حاجی ئۆمەران و دیلمان لە بارەگای بارزانی دەبێتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هێزی بارزان بەشداریی چەند داستانی کردووە و ساڵی ١٩٨٥ ئاوارەی ئێران بووە و بەشداریی شەڕی خواکورکی کردووە لە ساڵی ١٩٨٨ و بەشداریی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کردووە و ساڵی ١٩٩٨ لە ئاوارەیی لە ئێران دەگەڕێتەوە و لە لەشکری بەرخودان دەبێتەوە پێشمەرگە و ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی ڕائد خانەنشین بووە.

٢- سەعید مستەفا سەعید دێلزێ ناسراو بە (خاڵ مەلا سەعید دێلزێ)، ساڵی١٩٥٠ لە گوندی دێلیزیان لەدایکبووە. لە ساڵەکانی ١٩٧٨-١٩٨٠ لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاک بووە و زۆر هاوکاریی دکتۆر عەبدولڕەحمانی کردووە، بەتایبەتی لە گەیاندنی نامەکان و چەندجار دایك و خوشکی دکتۆر عەبدولڕەحمانی بە

عەبدولڕەحماندا، دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دواجار لە "کانی ڕامیسانا" دکتۆر عەبدولڕەحمانم بینی، دواتر لەگەڵی چووینە لێرسماق، شەوێک داوای لێکردم لە شار دوازدە تاخمی بۆ بهێنم، منیش داواکارییەکەم بۆی جێبەجێ کرد و پاشان وێنەیەکیشمان بەیەکەوە گرت، کاتی شەهیدبوونی تەواوی ئەو کەلوپەلانەی بۆم هێنابوو، کەوتنە دەست ڕژێم و بە هۆیەوە ئێمەیان دەستگیرکرد.

موسا شێخانەیی[1] باس لە ناسینی نێوان خۆی و دکتۆر دەکات کە چۆن داوای لێکردووە، کەسانێکی بۆ دەستنیشان بکات کە جێی متمانە بن و گوتی: دەستی من بە ڕێگەی هاوکاری و یارمەتی ئێوە بەسەر دوژمن درێژ دەبێت، منیش ناوی چەند کەسێکی جێ متمانەم لەگوندەکانی کەونەگوند و

---

نهێنی بردووتە لای، دوای شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان و هاوسەنگەرانی چووەتە ئێران و بووەتە پێشمەرگە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بووەتە فەرماندەی هێزی گۆڕەز و پاشان بە پلەی موقەدەم، جێگر لیوای ٦٩ی سیدەکان خانەنشین بووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

١- موسا خدر شێخانەیی، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی شێخان سەر بە قەزای مێرگەسۆر لە دایکبووە و لە تەمەنی لاوێتی و لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٩ دەبێتەوە پێشمەرگە لەگەڵ شەهید سەفەری دۆلەمەری و بەشداریی لە چەندین چالاکی دەکات و بەشداریی لە داستانی خواکوڕك و بەشداریی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە میحوەری سۆران دەکات و لە سوپای بارزان دەبێتە فەرماندەی پەل. ئێستا بە پلەی موقەدەم لە بارەگای فەرماندەیی بارزان لە بەشی جموجۆڵ خزمەت دەکات و بەشداری شەڕی تیرۆریستانی داعشی کردووە. برای شەهید فارس خدر شێخانییە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

شێرۆکیان و لێلوک دایێ.

حەمەد نەبی قادر[1] کە هاوکارێکی دیکەیە، باس لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: هەر کات بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکیی لە ئێران بگەڕەبایەتەوە، دەهاتە لام و داوای دەکرد داواکارییەکانی بگەیەنم بەو کەسانەی لەناوەوە پەیوەندی لەگەڵدا هەبوون، یان بە پێچەوانەوە داواکاری ئەوان بگەیەنمە لای ئەو.

خاتوو کافیە قادر هاودیانی[2] باسی لەوە کرد، لە گەڕانە مەیدانییەکانیدا

---

١- حەمەد نەبی قادر، ناسروا بە (خاڵ حەمەد کەونەگوندی)، ساڵی ١٩٥٢ لە کەونە گوندی سەر بە قەزای مێرگەسۆر لە دایکبووە و ساڵی ١٩٦٦ لە بێشێ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ٢٨-٧-١٩٧٤ لە شەڕی گۆڕەز برینداز بووە و ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە و ساڵی١٩٧٦ گەڕاوەتەوە و دواتر لە لایەن حکومەتی عێراق نەفی کرا بۆ ناسریە، دواتر ساڵی ١٩٧٨ گەڕاوەتەوە گوندی کەونەگوند. لە ساڵی ١٩٨٠ ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، دوای شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان لەگەڵ مامۆستا ئاخیر هاودیانەیی درێژەیان بە چالاکییەکانی ڕێکخستنی نهێنی داوە. دوای ڕاپەڕین لە لیوای ١٠٠ سەر بە سوپای بارزان دەبێتە پێشمەرگە، ئێستا بە پلەی ڕائد خانەنشینە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

٢- خاتوو کافیە قادر هاودیانەیی، ساڵی ١٩٥٣ لە هاودیانی سەر بە ناحیەی دیانا پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٧ هاوسەرگیری لەگەڵ وەلی بەگ سەلیم ئاغا پێکهێناوە، پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی زۆر هاوکاری شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و مەفرەزەکەیان کردووە و ماڵی ئەوان شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە و کادیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵێکی دیاری هەبووە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

هەمیشـە دەهـاتەوە ئێـرە و بە دڵـی ئەوان نانمـان بـۆ دروسـت دەکـردن، لەبەرانـبەر ئەو ئەرکەمانـدا بەرانـبەر پێشـمەرگە، دکتـۆر بە ئـێمەی دەگـوت "براژن ئێمە زۆر ئێوە ماندوو دەکەین". منیش دەمگوت "نا بـراکەم، هەرچـی بۆ ئێوە بکەین، هەر کەمە، ئێمە شانازی بە ئێـوە دەکەیـن و مانمـان بەهـۆی چالاکیی ئێـوەیە". تەنـانەت جـاری وا هەبـووە، لەبەرئەوەی ئەوان هـیلاک و ماندوو بوون، من پاسەوانیم لێ دەکردن، نەبادا کەسێک بێـت، بـۆئەوەی زوو ئاگاداریان بکەمەوە و بە خۆبکەون.

# پێکەوەنانی خێزان و چالاکیی پێشمەرگایەتی

وەک هەر گەنجێک، دکتۆر عەبدولڕەحمان سلێمان قادر زراری، سەرەڕای ژیانی تایبەتی پێشمەرگایەتی و جێگیر نەبوونی لە جێگەیەکی دیاریکراو، بەڵام بیری لە پێکەوەنانی خێزان کردەوە. خاتوو خەجیج حەسەن عەسکەری[1] باس لە یەکەم ناسین و هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات کە ئەوکات لە ئاوارەییدا بوون لە شنۆیێ و دەڵێ: وەک ئەوەی باوکم بۆی گێراوینەتەوە، ئێمە بە ڕەچەڵەک گەردینە، دواتر کەوتووینەتە هەولێر و بووین بە هەولێری. باوکم یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد.

کاتێکیش کۆمار دەڕووخێنرێت، تەنانەت تا سەر گادەریش چووە، دواتر

---

١- خەجیج حەسەن عەسکەری: ساڵی ١٩٦١ لە گوندی ئارنی سەر بە نەغەدەی پارێزگای ورمێ ئێران لە دایکبووە، دەرچووی ٣ ناوەندییە، ساڵی ١٩٧٩ لە شنۆ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری پێکهێناوە کە خاوەن یەك کچە بە ناوی شەرمین، ساڵی ١٩٨٦ لە ئاوارەیدا هاوسەرگیری لەگەڵ سەباح سیرینی دەکاتەوە، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبێت. لە هاوسەرگیری دووەمیدا خاون سێ کچ و دوو کوڕە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

گەڕاوەتەوە شنۆ، هەرچەندە ژن و منداڵیشی لە هەولێر هەبووە، بەڵام بڕیاری نەگەڕانەوەی داوە و لێرە خێزانی پێکهێناوە. باوکمان دوو ژنی هەبوو. یەکێک لە شنۆ و یەکێکیشی لە هەولێر جێهێشتبوو.

## داخوازی و ژنگواستنەوە و ماڵدانان

خاتوو خەجیج باس لە چۆنیەتی هۆکار و یەکەم ناسینی دکتۆر عەبدولڕەحمان و شووپێکردنی خۆی دەکات و دەڵێ: ماڵمان لە نەغەدەوە هاتبووە شنۆیێ، لە خانوویەکی بەکرێدا بووین. برایەکم بەناوی عوسمان کە لە نەغەدە کەبابخانەی هەبوو، لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار ببوو، ماوەی حەوت مانگ لە نەخۆشخانەی تەورێز مایەوە. ئەگەرچی هەواڵ بە ئێمە درابوو کە گیانی سپاردووە، دواتر برایەکی باشووری کوردستان، بەناوی جەمال کە پێشمەرگە بوو، بۆ چارەسەری سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکات، لەوێ براکەی من دەبینێ، ئەویش پێی دەڵێ، بڕۆ لای حەسەن عەسکەری باوکم لە شنۆیێ، هەواڵی مانەوەی منی پێ ڕابگەینە. کاک جەمال هەواڵەکەی بە ئێمە گەیاند و هەر خۆشی بە برینداری براکەمی هێنایەوە ماڵێ، پاشان لە زاری خۆیەوە زانیمان کە بەر بۆمب کەوتبوو، هێشتاش ساچمە لەناو جەستەی مابوون. کاک جەمال گوتی "هەڤاڵێکم هەیە، ناوی عەبدولڕەحمانە، دەستێکی باڵای لە دکتۆری هەیە، دەچم دەیهێنم، بەڵکو چارەسەری کاک عوسمان بکات و ساچمەکانی لەناو جەستەی دەربهێنێ". کاتێک دکتۆر هات و براکەمی بینی، گوتی "من ئەو ساچمانەت بۆ دەردەهێنم"، بە ماوەیەک چارەسەری عوسمانی برامی کرد.

پاشان دکتۆر عەبدولڕەحمان داوای منی کردبوو، ئەوکات تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، هەروەها ئەوەی بە حەمید ئەفەندیش گوتبوو کە بۆی بێتە

داخـوازیم، حەمیـد ئەفەنـدیش بـانگی بـاوکمی کـرد و لە بارەگـای خـۆی لە شنۆیێ بە بـاوکمی گوتبـوو، باوکیشـم گوتبـووی "مـن ئـەو دکتـۆرە ناناسـم و دەزانم پێشـمەرگەیە و سـاچمەی پێـی کوڕەکـەمی دەرهێنـاوە و چارەسـەری کردووە، بەڵام من کچەکەم پێشکەشی حەمید ئەفەندی دەکەم".

دوای ئەوەی دکتۆر عەبـدولڕەحمان بەو شـێوەیە بـراکەی منـی چارەسـەر کرد، ڕۆژێـک داوای بینینـی منـی کـرد، منـیش چـووم بـۆ بینینـی کـە لەگـەڵ عەریف ئەحمەد و سـەباح شـێخانەیی و خالیـد شـێخە و مـوعین و شۆڕشـدا بوون، پێموایە مانگی حوزەیران بوو. لە ناو هەموو دانیشـتووەکان بـە دکتـۆر عەبدولڕەحمانم گوت: ژنت هێناوە؟

ئەویش گوتی: نەخێر.

گوتم: باشە من شـووت پـێ دەکـەم، بەڵام دەبـێ بـاوکم ڕازی بێـت و ئەگـەر باوکم ڕازی نەبوو، ناتوانم داواکەت قبوڵ بکەم.

باوکم هەمیشە ئامۆژگاری دەکردم و دەیگوت "شوو بـە خـەڵکی کوردسـتان بکە، نەك ئێرانییەکان".

لە درێژەی ئەو باسەدا خاتوو خەجـیج دەڵـێ: دواتـر حەمیـد ئەفەنـدی و کۆمەڵێک پێشمەرگە لە شنۆ هاتنە ماڵی بـاوکم، خـەڵك دەیـانگوت ئـەوە لـە شنۆیێ شەڕە، پێشمەرگە دەورەی ماڵی حەسەن عەسـکەریان داوە، چـوونکە نزیکەی ٢٠٠ کەس لە خوارەوە و ٣٠٠ کـەس لـە سـەرەوە بـوون، قـازی مـەلا برایمی شنۆیێ مارەی ئێمەی بڕی. کەسوکاری دکتۆر عەبدولڕەحمان زۆر کـەم هاتبوون، تەنیا پێشمەرگە زۆر هاتبوون، کەسوکارم زۆر هاتبوون و بەشداریان لە ڕێوڕەسمی مارەبڕینی شاهانەی ئێمە کرد.

مـانگی تەمـووز، مـاڵی بـاوکم چـووە گونـدی ئـارنی لـە نێـوان نەغـەدە و

شنۆیێ، دوای یەك مانگ شەڕی کورد و عەجەم دەستی پێکرد، دواتر دکتۆر عەبدولڕەحمان جلوبەرگی بووکێنی بۆ هێنام و لە تەوریز ئافرەتێکی بە ناوی مەهناز هێنایە لای ئێمە و خەڵکی ئەو گوندەیان کۆکردەوە و مەهنازیش منی کردە بووك.

من بوومە خێزانی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و چووینە ماڵی جالەند لە شنۆیێ، یەك هەفتە دواتر، شەڕ دەستی پێکرد و حەوت کەس لەو شەڕە بوونە قوربانی، خەڵکانێکیش هاندرابوون نەوماڵەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان تاڵان بکەن، بەڵام حاجی عەبدولڕەحمان قەنادی نەیهێشت و گوتی "شەش کوڕم هەیە و هەر شەشیان لە سەر خێزانی دکتۆر عەبدولڕەحمان دادەنێم، بۆئەوەی تەنیا ئەو سەلامەت بێت".

پاشان دکتۆر عەبدولڕەحمان ٢٠ پێشمەرگەی بە دوای مندا نارد و منیان دەرباز کرد و بردمیانە بارەگا لە شنۆیێ، بۆ بەیانی منیان بردە ورمێ ماڵی عەبدولعەزیزی قادر بەسێ، ژوورەکیان پێمدا، زۆر بە ڕێزبوون، یەك مانگ لەوێ لەگەڵ ئامینەی هاوسەری خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیزدا بووم و نانخواردنمان یەك بوو، دوای یەك مانگ خانوویەکمان لە دزێ سیاوەش لە ورمێ پێکەوە بە کرێ گرت.

لەوبارەوە خاتوو ئامینە جەوهەر[1] دەڵێ: زستانی ساڵی ١٩٧٩،

---

١- خاتوو ئامینە جەوهەر دورسن، ١٩٥٨ لە ناحیەی سیدەکان سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ لە سیدەکان دەبێتە هاوسەری پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، گوڵان و ڕاپەڕین، عەبدولعەزیز کەریم و ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبن. لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٨٠ لە ئاوارەییدا لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە ورمێ کاری کردووە و دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبن و دەبێتە کادیری

خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز قادری هاوسەرم، گوتی: دکتۆر عەبدولڕەحمان ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئافرەتێک بەناوی خەجیج، کچی مام حەسەن عەسکەری پێکهێناوە، شوێنیان نییە و دێن لەگەڵ ئێمە دەژین.

منیش گوتم زۆر باشە و زۆریشم پێخۆشە.

خاتوو خەجیج باس لە ماوەی هاوسەرگیریان دەکات و دەڵێ: ئەو یەك مانگە کە بەهۆی ژنهێنانەکەی مابوویەوە، هەر خەریکی کاری حزبی بوو، هەروەها بە منی دەگوت "هەموو ئاواتم ڕزگارکردنی کوردستانە و بە سەربەرزی بگەڕێینەوە کوردستان".

مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٠ دکتۆر عەبدولڕەحمان گەڕایەوە شاخ و کوردستان، بەڵام مانگی ئادار جارێکی دی گەڕایەوە، لێ ئەو سەفەرە زۆر لە ماڵ نەمایەوە، ئازادی براشی کە لە عەسکەری ڕایکردبوو ئەویش لای من بوو، دکتۆر بە منی گوت خەجیج، دەبێ بگەڕێمەوە شاخ و کوردستان، چونکە کاك ئیدریس و کاك مەسعود بارزانی بە دوای منیان ناردووە بۆ ئیشێکی تایبەت، لەگەڵ مەفرەزەکەم دەگەڕێمەوە ناو کوردستان.

پێم گوت: تازە گەڕایتەوە.

گوتی: فەرمانە و دەبێ بگەڕێمەوە.

هەروەها لە کاتی ڕۆیشتنەوەی بۆ کوردستان، بە منی گوت پێمخۆشە هەتا زێوە لەگەڵ من بێیت و شەوێ لە ماڵی پلکم خەزم دەبین و بەیانیش بگەڕێوە.

---

ڕێکخراوی ئافرەتان سەر بە لقی ١٠ و خاوەن کچێک و چوار کوڕە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

دکتۆر لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەناوەکانی کاکەڕەش و فەرەیدون و ئـازاد و یەك دووی دیکە گەڕانەوە کوردستان، هەرچەندە پێم گوت، ئـازادی مەبە، بـا لای من بمێنێـتەوە، بـەڵام گـوتی ئـازادیش لـە گـەڵمان دێـت، تـا فێـرە ژیـانی پێشمەرگایەتی بێت.

دکتۆر لەو کەسانە بوو، هەموو ژیان و هزری خۆی بۆ ڕزگاریی کوردستان تەرخان کردبوو، ئەوەتە خاتوو خەجیج شایەتی دەدات و دەڵێ: ڕاستە ساڵێك زیاتر هاوسەری بووم، بەڵام ئەو هەمووی شەش مانگ لای من نەبوو، چونکە هەمیشە بە ئەرکی پارتایەتی و بـە مەفرەزەکـەی لـە نـاوەوەی کوردسـتان لـە سنووری دیانا و مێرگەسۆر و برادۆست چالاکی دەکـرد. هەر لەو ڕێبـازە، دوو ئامۆزای بە ناوی عارف و ئیبراهیم شەهید بوون.

خـاتوو ئـامینە جەوهەر دەڵـێ: لەبەرئەوەی کەسـمان لە مـاڵەوە نەبـوو، عەبدولعەزیزی هاوسەریشم هەر پێشمەرگە بوو. من خۆم هەواڵم بۆ دکتـۆر عەبـدولڕەحمان نـارد، پێویسـتە بگەڕێـتەوە، چـونکە خەجیجـی هاوسـەری دووگیان بوو، ئیـدی ڕۆژێـک دکتۆرمـان لـێ پەیـدا بـوو، دواتـر خـوا کچێکـی پەپولەئاسای بەناوی شەرمین پێ بەخشین.

خەجـــیج لە درێـــژەی ژیـــانی خـــۆی وەک هـــاوژین لەگەڵ دکتـــۆر عەبدولڕەحمان دەڵێ: من کە دووگیان بووم دکتۆر عەبدولڕەحمان، وەسـیەتی خۆی لە لا کردم و گوتی: ئەگەر مردم و منداڵەکەم نەدیت، کچ بوو ناوی لـێ بنێ شەرمین و ئەگەر کوڕیش بوو ناوی بنێ هەڵگورد یان برووسك.

خـاتوو سـورمە نەبـی ئەحـمەد[1] کە دۆسـتایەتی نزیکـی لەگەڵ دکتـۆر و

١- سورمە نەبی ئەحمەد باڵەکی، لە ١-٧-١٩٣٥ لە دایکبـووە، کچـی شـەهیدی شۆڕشـی مەزنی ئەیلوول، نەبی ئەحمەد و هاوسەری قادر بەسێیە کە پێشمەرگەیەکی قـارەمـانی

هاوژینەکەی هەبوو، دەڵێ: دکتۆر عەبدولڕەحمان وەکو کوڕی خۆم وابوو، هەر خۆمان ژنمان بۆی هێنا، ئەو منداڵەی بوویان، من خۆم ناوکیم بڕی. دوای منداڵبوونەکەیان و بەر لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان هاتە لام و گوتی "ماموژن، من دەبێ بگەڕێمەوە کوردستان، شەرمین و هاوسەرم ئامانەتی ئێوە بن".

خاتوو خەجیج درێژە بە گێڕانەوەکانی خۆی دەدات و دەڵێ: مانگی تەمووز کە خوا کچێکی بە ئێمە بەخشی لە نەخۆشخانەی ورمێ و ئەو کات هاوسەرم لە گەڵ مندا بوو، دواتر ناوی کچەکەمان بە شەرمین ناونا، پاشان هاوسەرم چوویە بازاڕ و لانك و جلوبەرگی بۆی کڕی و بە منی گوت "تا لەو سەفەرە دەگەڕێمەوە، کچەکەمان زۆر جوان و قەڵەو دەبێت، دەبێ زۆر ئاگات لێ بێت"، هەتا وێنەیەکیشی گەورە کرد لە دوکانی وێنەگر و بۆ منی هێنایەوە و گوتی "دڵم دەڵێ، لەوانەیە شەهید بم و جارێکی دی

---

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان و ئاوارەی ئێران و سەرکردایەتی کاتی بووە و بەشداربووی ڕاپەڕین بووە. دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بووە و لە سەردەمی شای ئێران لەسەر ئەوەی هاوسەری پێشمەرگەی پارتی بووە، چەندجار بەندکراوە، لە ساڵانی ١٩٧٨- ١٩٨٠ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان لە ئێران لە ماڵی ئەو و عەبدولعەزیز بوو و ئەوان بە کوڕی خۆیان دەزانی و زۆر هاوکاری ئەویان کردووە، ساڵی ١٩٨٨ حەوت پێشمەرگەی سنووری لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە داستانی خواکوڕک بریندار بوون، لە ماڵی خۆی لە ورمێ ڕایگرتوون و هاوکاری تەواویان کردووە، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبن، ڕۆژی ١٩-٩-٢٠٢٢ بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

نەتانبینمەوە" هەروەها بە زەردەخەنەوە گوتی "ئەگەر شەهیدیش بـووم، بـۆ خۆت سەیری ئەو وێنەیە بکە".

هەروەها دەڵێ: ئەوکات ماڵی ئێمە لـە ورمـێ بـوو، تـا شـەرمین تەمـەنی بووە ١٦ ڕۆژ، دکتۆر لای ئێمە بوو، پاشان گەڕایەوە شاخ. بەر لە گەڕانەوەشی دووبارە پێم گوتەوە کە ئازادی برات لەگەڵ خۆت مـەبـە، بـا بمێنێتـەوە، بەڵام ئەو لەسـەر بردنـی سـوور بـوو، دواتـر بە هـاوڕێیەتی ئـازاد و کاکـەڕەش و فەرەیدون کە مەسیحی بوو گەڕانەوە شاخ.

سـورمە نەبـی ئەحـمەد، لە باسـکردنی دکتـۆر عەبـدولڕەحمان بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ڕۆژێک خەجیجی هاوسەری هاتە لام و گوتی "مامۆژن هـیچ هەواڵێکی دکتۆرت هەیە؟".

ڕۆژی پێشتر چەند پێشمەرگەیەک گەڕابوونەوە و گوتیان سبەینێش دکتـۆر و هەڤاڵانی دەگەڕێنەوە، منیش پێم گوت لەم یەک دوو ڕۆژە دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە چەند ڕۆژ پێشتر، دکتـۆر هەنـدێ هەنگوینی ڕەوان کردبـووە، بەڵام من شەو خەونێکم بە دکتـۆرەوە بینـی کە لە شـوێنێکی بەرز کەوتبـووە خوارەوە و بەر بەردێک کەوتبوو، منیش بە لە خۆدان گەیشتمە لایی و گـوتم "دکتۆر چیت بەسەرهاتووە و ئازارت هەیە؟".

لە وەڵامدا گوتی "نا مامۆژن، هیچ ئازارم نییە".

کاتێک بەئاگا هاتم لەبەر خۆمەوە گوتم، خوایە بە خێری بگێڕی.

خەجـیج لە درێـژەی گێڕانەوەکەیـدا دەڵـێ: هـیچ هەواڵـمان لـە دکتـۆر عەبدولڕەحمان نەبوو، عەتیای خوشکم کە ئەوکات گەنج بـوو، لای مـن بـوو، شـەرمینی کچـم تەمـەنی بوویـە دوو مانـگ، هـیچ هـەواڵم لـە دکتـۆر عەبـدولڕەحمان نـەبوو، هەمیشـە مامۆژنـە سـۆرمە و ئـامینەی خێزانـی

عەبدولعەزیز لە لای من بوون و جیرانی یەکتر بووین و هاتووچۆ یەکترمان دەکرد، چونکە هاوسەری ئەویش لەگەڵ حەمید ئەفەندی فەرماندە بوو. دکتۆر دوو مانگ و نیو زیاتری پێچوو، بەڵام ڕۆژێک هاوسەنگەرێکی بەناوی شاکر، برازای حەمید ئەفەندی بوو، هات بۆ لای من و نامەیەك و دوو تەنەکەی هەنگوینی دایە دەستی من و گوتی "دکتۆر عەبدولڕەحمان سڵاوی هەبوو، لە ئەحواڵی ئێوەی دەپرسی و قەرارە ئەویش بگەڕێتەوە"، هەروەها چاکەتێکی بۆ باوکم ناردبوو، گوتی ئەو شتانەی ناردووە بگەینمە دەستی ئێوە و لە نامەکەدا نووسیویە کە چی لێ بکەی. منیش نامەکەم کردەوە و لە تەندروستی من و شەرمینی کچمی پرسیبوو، هەروەها سڵاو ڕێزی بۆ عەتیای خوشکم و ماڵباتیشم هەبوو، لە نامەکەدا نووسیبووی ئەو دوو تەنەکە هەنگوینە بۆ ئێوەیە، یەکێك لەوان بۆ خۆتان و ئەویتریش بۆ ماڵی باوکتە، بەو زووانەش دەگەڕێمەوە. من بە هەواڵی گەڕانەوەی زۆر دڵخۆش بووم، بۆئەوەی جارێکی تر چاومان پێی بکەوێت و پێی بڵێم شەرمین قەڵەو و جوان بووە.

خاتوو خەجیج باس لە یادەوەریەکی خۆی دەکات کە ڕۆژێك لە ورمێ لە ناو باخێکدا بوونە و چۆن دکتۆری لە بەدکاران هۆشیار کردووەتەوە و دەڵێ: گەنجێك هات کە چەکی بە دەست بوو، گوتی دکتۆر هەندێ کەس ئیشیان بە تۆ هەیە، دکتۆر ویستی یەکسەر لەگەڵی بڕوات، من پێم گوت تۆ ئەوانە دەناسی، دەبێ خۆت بپارێزی و کێ دەزانی کە لەگەڵیان بڕۆی دەستڕێژیت لێ ناکەن، لەوانەیە دوژمن بن، پاشان منداڵێکی تریان نارد، ئەو کەسانە هەموویان چەکدار بوون، دواتر بۆی دەرکەوت کە ئەو کەسانە کێ بوون. بە منی گوت ئافەرین ئەو جارە تۆ لە من هۆشیارتر بوویت. شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوەش، هەمیشە قەڵەم و کاغەزی

پێ بوو، هەر ڕاپۆرتی دەخوێندەوە و وەڵامی ڕاپۆرتەکانی دەدایەوە.

شەرمین کچە تاقانەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان کە قسەمان لەگەڵی کرد بە دەم گریانەوە گوتی: پێشمەرگە دێرینەکان زۆر باسی ئازایەتی و چاونەترسی باوکم دەکەن، خوالیخۆشبوو مام عەبدولعەزیز قادر بەسێ و مام حەمید ئەفەندی کە زۆر جار دەچوومە لایان، باسی مێژووی پڕ لە خەباتی مەردایەتی باوکمیان دەکرد، بەڵام من هیچ یادگارییەکی باوکم نییە، تا بۆتانی بگێڕمەوە، لەوەدا بێبەشم و باوکی خۆم نەبینیوە.

## خەمی دایکی پێشمەرگە و لە دەستدانی دوو جگەرگۆشە

کاتێک لە ئاوارەییدا، دکتۆر عەبدولڕەحمان، هەواڵی کۆچی دوایی باوکی دەبیستێت، بەرانبەر ژیان و گوزەرانی دایکی و ئازاد و هەردوو خوشکەکەی زۆر بە غەم دەبێت و ئۆقرەی لێ هەڵدەستێ، چوونکە ئەوەی لە لا جێگیربوو کە کەس نییە چاوی لێیان بێت و سەرپەرشتیان بکات، هەر بۆیە هەمیشە دەیگوت: عەیشەخانی دایکم زۆر ماندوو و بێ کەسە.

هاوکات دایکیشی هیچ کاتێک لە دووری کوڕە گەورەکەی ئۆقرەی نەدەگرت، هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبا، نامە و تۆماری دەنگی بۆ دەنارد کە بەشێکی گریان و لاوانەوە بوون، دکتۆریش هەمیشە بە نامە و تۆماری دەنگی وەڵامی دەدایەوە و داوای لێدەکرد، بێتە دەرەوە و دەیگوت "دایکە گیان وەرە لای ئێمە و ژنێکی باشم هێناوە".

خاتوو خەجیج لە گێڕانەوەکانیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: دکتۆر عەبدولڕەحمان بەردەوام باسی لە بوێری دایکە عەیشەخان و بەتایبەت جیهانی خوشکی دەکرد کە لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر زۆر هاوکار بوونە. بۆیە وێردی سەر زمانی ئەوەبوو "لەم دونیایەدا هیچم ناوێت، تەنیا دەمەوێت کوردستان ڕزگار بێت و ئێمە تێیدا بحەسێینەوە". ئەوە ئاواتی هەرە لە پێشینەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانی هاوسەرم بوو، بە داخەوە خۆی ئەو ئازادییەی نەبینی، بەڵام

ئەو ئـازادییەی ئەمـڕۆ کە ئـێمە لە سـایەیدا دەژیـن، بەری خـوێنی دکتـۆر و گشت شەهیدەکانە.

خاتوو جیهان سلێمان قادری خوشکی شـەهید دکتـۆر عەبـدولڕەحمان، لە گێڕانەوەکەیـدا بـاس لە شـێوازەکانی هێنـانی هەواڵ و دیـدارەکانی خۆیـان لەگەڵ دکتـۆر عەبـدولڕەحمان دەکـات و دەڵـێ: کەسـێکی زراری هەبـوو کە جێبێکی هەبوو، هەواڵی دکتۆری بۆ ئێمە دەهێنا و دەیگـوت دکتـۆر دەیەوێ دایکی سەردانی بکات. ئەوکات من تەمەنم تەنیا سـێزدە سـاڵێک دەبـوو، لە وەرزی هاوین دەچووینە گوندی کەونەگوند و لەوێ دەمـاینەوە، زۆرجـاریش لە ڕێگەی سلێمان ناوێک کە پێش دکتۆر شەهید بوو، بەڵام نـاوی نهێنـی مەلا بوو دەچووینە لای، زیاتر بە شەوان دەگەڕایەوە لای ئێمە. جارێکیان پێمـوایە هاوینی ١٩٧٩ بوو، دیسان لە کەونەگوند بینیمان، دواتر هاتینەوە مێرگەسـۆر، دیاربوو حکـوومەت هەواڵـی ئێمەیـان زانیبـوو، کاتێـک لە مـاڵی مەلا عەلـی ئێـدلبی بـووین، هێزەکـانی حکـوومەت بەسـەر ماڵەکەیانـدا دا و ئێمەیـان دەستگیرکرد و بە دایکمیان گوت: بڕۆ کوڕەکەت بهێـنەوە و خـانوو و پـارەت دەدەینێ.

لە وەڵامدا دایکم گوتی: من هیچ هەواڵی کوڕەکەم نازانم.

دوو شـەو ئێمەیـان لە مێرگەسـۆر هێشـتەوە، دواتـر ئێمەیـان گواسـتەوە هەولێـر، بەڵام بە هەولـی ناسـیاوێک بەنـاوی نەبـی ئاغـای سـپێنداری، دوای چـوار مانـگ ئـازادبووین. جـارێکی دیـکەش کە لای دکتـۆر دەگەڕایـنەوە، دائیرەی ئەمنی دیانا ئێمەی دەستگیرکرد، تا ئێستاش ئەوەم لە بیـر نـاچێتەوە کە ئەمنەکان بە شەق و تێلا لە دایکمیاندا. هەرچەنـدی گوشـاریان لە دایکـم کرد کە بڵێ لە لای کوڕەکەم بوومە، بەڵام دایکم زۆر خۆڕاگر بوو، نکۆڵی کـرد

و گوتی: لە لای کەسوکارم بوومە. شەوێک لە دائیرەی ئەمنی دیانا بووین، پاشان ئێمەیان گواستەوە هەولێر و سێ مانگ لە زیندانی دائیرەی ئەمنی هەولێر ماینەوە.

دایکێک بەو چەرمەسەرییە ڕۆڵەکانی گەورە بکات، دواتر لە یەک ڕۆژدا هەردوو کوڕەکەی شەهید بکرێن، ئەگەر ئافرەتێکی خۆڕاگر و بە ئیرادە نەبێت، زەحمەتە بەرگەی ئەو کۆستە گەورەیە بگرێت، لەوبارەوە فەرحان جەوهەر دەڵێ: عەیشەخان ئازاری زۆربوو، لە کاتێکدا هاوسەری نەمابوو، هاوکات هەردوو کوڕەکەشی شەهید بوون، ئەگەر ئافرەتێکی مەرد و بە بیروباوەڕ نەبا، بەرگەگرتنی ئازاری لە دەستدانی جگەرگۆشە ئاسان نەبوو.

سەرەڕای ئەوەی کوڕەکانی شەهید ببوون، بەڵام ئەو هەرگیز وازی لە کوردایەتی خۆی نەهێناوە و بەردەوام هاتوچۆی ئەو خەڵکانەشی دەکرد کە پەیوەندیان لەگەڵ شۆڕش هەبوو. لە کۆڕ و مەجلیساندا قسەی خۆی دەکرد و بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە کە چۆن خۆی گەیاندووەتە ناو پێشمەرگە.

خاتوو جیهان باس لە دوا دیداری خۆیان لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: شەش مانگ بەر لە شەهیدبوونی سەردانمان کرد و لە کەونەگوند ئەومان بینی، لە ئازادی براشمان پرسی گوتی ئێستا لە شنۆییە. زۆرجار هەواڵەکانی دکتۆر لە لایەن مستۆ زراری ئامۆزای دایکم پێمان دەگەیشت.

لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا باس لە هەندێ چالاکیی دکتۆر دەکات کە هاتووەتە هەولێر و خۆی بەوان نیشان نەداوە و دەڵێ: جارێک بە دایکمی گوت، عەیشەخان سەفەرێک هاتمە ناو هەولێر و ئەرکی خۆم جێبەجێ کرد و گەڕامەوە، دایکم کە گوێی لەوە بوو، یەکسەر دەستی کردە گریان کە چۆن

دەبێ بێیتە ناو هەولێر و هەواڵێکم پێ نەدەی، ئەویش گوتی "دایکە بە شێوەیەک خۆم گۆڕیبوو، ئەگەر بهاتمایەتە بەر دەمیشت منت نەدەناسییەوە، دواتر بۆ سەلامەتی ئێوە هەواڵم پێ نەدان".

خاتوو جیهان باس لە گەیشتنی هەواڵی شەهیدبوونی هەردوو براکەی دەکات و دەڵێ: ئەوکاتە ماڵمان لە گەڕەکی موفتی لە هەولێر بوو، بەسەردان چووبوومە ئۆردوگای بەحرکە بۆ سەردانیکردنی ماڵی کوڕە پورم. خزمەکانمان لە دیانا بەو شێوەیە هەواڵیان بۆ دایکم ناردبوو کە فریادی برای تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، بۆ بەیانییەکەی دایکم و شوکریەی خوشکم هاتنە ئۆردوگای بەحرکە و گوتیان دەبێ بچینە دیانا، چوونکە فریادی خاڵت تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، ماڵی کوڕە پورەکەشم لەگەڵ ئێمە هاتن و بە دوو ئۆتۆمبێل بەرەو دیانا بەڕێکەوتین. کە لە لۆفەکانی مەسیف سەردەکەوتین، هەندێ لە خزمەکانی خۆمان، ئەوانەی دیانا ئێمەیان بینی و ڕایانگرتین و گووتیان: وەرن بگەڕێنەوە. دواتر هەواڵە ناخۆش و دڵتەزێنەکەیان بە دایکم گوت، سەرەتا دایکم باوەڕی نەکرد، بەڵام شەو گوێمان دا ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە هەواڵێکیدا ڕایگەیاند، "شەش پێشمەرگەی قارەمان لە بۆسەیەکدا شەهید کراون" و ناوەکانیشی خوێندەوە. پاشان بە نهێنی پرسەمان دانا و بەهاناوەهاتنی خزمەکانمان بووە سەنەدێک بۆ ئێمە کە بێینەوە سەر خۆمان. دەنا کێ بەرگەی ئەو کۆستە گەورەیە دەگرێت. هەرچەندە زۆر حەزمان لێبوو، سەردانی گۆڕەکانیان بکەین، بەڵام کەسوکار بۆ سەلامەتی ئێمە ڕێگەیان نەدان، چوونکە گوتیان گۆڕەکانیان لە لایەن ڕژێمەوە چاودێری دەکرێت.

بەڵام دایکم دڵی ئۆقرەی نەدەگرت، بۆیە بەناوی سەردانیکردنی ماڵی پیرۆزی کچە خاڵی، بۆئەوەی لە دیانا بتوانێ هەواڵێکی دەست بکەوێ، یان

هەر هیچ نەبێت بۆ سوکنایی و دامرکاندنەوەی ئاگری جەرگی لە دوورەوەش بێت، گۆڕەکانیان ببینن. دواجار سەردانی ماڵی حاجی کوێستانی کرد کە لەگەڵ چەند کەسێکی دی تەرمی شەهیدانیان شووشتبوو .

پێشتر شەهید ئازاد لەسەر باسکی خۆی نووسیبووی" یان کوردستان یان نەمان" حاجی کوێستانی ئەوەی بۆ دایکم گێڕابووەوە کە بەو نووسینە شەهید ئازادی ناسیوەتەوە.

لە کۆتاییدا گوتی: ئەوەی لە شەهید بۆمان ماوەتەوە، کراسێکی پێشمەرگایەتی بە خوێنە کە تا ئێستاش پاراستوومانە.

# چۆنیەتی شەهیدبوونی دکتۆر و پێنج هاوسەنگەرەکەی

لەوەتەی باشووری کوردستان بە عێراقی دەستکردی ئینگلیزەکانەوە لکێندراوە، لە هیچ قۆناغێکدا، ڕژێمە فەرمانڕەواکان کوردیان وەکو هاوبەشی ڕاستەقینە قبوڵ نەبووە، لە بەرانبەریشدا کورد دەستبەرداری مافە نەتەوەییەکانی نەبووە و لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی بەردەوام بووە.

شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥)، لە ڕێگەی داستانە قارەمانیەتییەکانی پێشمەرگەدا دژ بە هێزی دوژمن، تەنگی بە ڕژێمی عێراق هەڵچنیبوو، بۆیە ڕژێمی ئەوسای بەعس، تەنیا بۆ شکستهێنان بە شۆڕشی ئەیلوول لە ڕێککەوتنێکی شەرمەزارانەدا، ملی بۆ خواستەکانی شای ئێران دا و بەشێک لە خاک و سنووری ئاوی عێراقی بە ئێران دا. لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە، یان ڕاستتر ئەو ملدانە بۆ خواستی ئێران، شۆڕش بە شێوەیەکی کاتی وەستا، چوونکە لە هەموولایەکەوە گەمارۆیەکی سەربازی توووند خرایە سەر شۆڕش، تەنانەت گەلی کورد، هەڕەشەی کۆمەڵکوژیشی لەسەر هەبوو، بەڵام هەر چەند مانگێک دواتر، بە ڕەزامەندی مەلا مستەفا بارزانی، ڕابەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ئیرادەی کاک ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و بە پشتیوانی شێرە کوڕانی پارتی و بارزانی، دڕ بەو نائومێدییە درا و هیوای

ڕزگـاریی زینـدوو کـردەوە. لە ٢٦ی گـوڵانی ١٩٧٦ شۆڕشـێک بە نەفەس و ئیرادەیەکی کوردانە بەناوی شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسایەوە و هـاتەوە کـۆڕی خەبــات، هەرزووش ڕۆڵە بە وەفاکــانی ڕێبــازی بــارزانی، چ ئەوانەی لە ئاوارەیی، یان لە ناوەوەی کوردستان بوون پەیوەنـدیان بە ڕیزەکـانی شۆڕشـی گـوڵانەوە کـردەوە. هەرچەنـدە زۆرێـک لەوانەی گەڕابـوونەوە، حکـوومەتی عێراق نەفی ناوچەکانی خوارووی عێراقـی کردبـوون، ڕژێمـی شـای ئێـرانیش، بەهەمان شێوە ئاوارەکانی هەمووی لێک جودا کردبوونەوە و بەشـێکی زۆری بـۆ ناوچەکـانی دیـکەی ئێـران گواسـتبووەوە، بەڵام هـیچ یەکێـک لەو پـیلانە هاوشـێوە و هاوئامانجـانە، نەبـوونە ڕێگـر لەپـێش قوتابیـانی قوتابخـانەی کوردایەتی، بۆیە لە ماوەیەکی کـورت و پێوانەییـدا دەنگـی هەڵگیرسـانەوەی شۆڕش هەموو سووچێکی کوردستانی گرتەوە و خەڵـک ئومێـدێکی نـوێی بـۆ گەڕایەوە کە کـورد زینـدووە و نـانەوێ ئاڵاکەمـان، چەخـماخەی شـۆڕش (کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە) دوژمنی شۆک کرد.

دکتۆر عەبدولڕەحمان سلێمان زراری کە هەر لە منـداڵییەوە لە مێرگەسـۆر و گەڵاڵە بە ڕێبازی کوردایەتی گۆشـکرابوو، لەگەڵ بیسـتنی دەنگـی شۆڕشـی گوڵان، پەیوەندی دەکاتەوە، لەبەر لێهاتوویی و زرنگیەکەی دەبێتە مەفرەزەی تـایبەت، لە تەواوی دەڤەرەکە و دەشـتی هەولێـر بەپێـی توانـا پەلامـاری هێزەکانی دوژمن و خۆفرۆشەکان دەدات، بە شێوەیەک هەترەشـی بردبـوون، هەمیشە خەیاڵیان لەسەر ئەوەبوو کە لە ناکاو لێیان پەیدا دەبێـت، تەنـانەت ئەفسەرێکی هەواڵگری ڕژێم بەناوی ڕائید ئەحمەد زەنـدەقی لە جموجـووڵە نهێنییەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان و هاوسەنگەرانی چووبوو، جارێکیشیان لە بۆسـەیەکدا وایـان بەسـەر ئەو ڕائیـد ئەحـمەدە هێنـابوو، ئەگەر هاوکـاریی جاشەکان نەبا، دەمێک بـوو تـۆڵەی کـردەوە دڕەنـدیانەکانی لێکرابـوویەوە و

شەیتانیش دەستی لێشتبوو. بۆیە لە ڕێگەی جاش و سیخوڕەکانەوە پەنایان بۆ هەموو پیلانێک دەبرد، بە مەبەستی گورزوەشاندن لە مەفرەزەی دکتۆر عەبدولڕەحمان، تا لە پیلانێکی ترسنۆکانەدا، لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا، لە گوندی جەرا، گورزی خۆیان وەشاند و لەگەڵ پێنج لە هاوسەنگەرە چاونەترسەکانی شەهیدیان کرد.

لەبەرئەوەی دوژمن هێندە بە خوێنی پێشمەرگە تینوو بوون، تەنانەت بە مردوویش هەترەشیان لە پێشمەرگە چووبوو، بۆیە لە فڕۆکەخانەی دیانا، تەرمی شەهیدەکان لە هەلیکۆپتەرەوە هەڵدایە خوارەوە.

خاتوو خەجیج باس لە ئامادەکارییەکانی پێشوازیکردن لە گەڕانەوەی دکتۆر عەبدولڕەحمان و بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی دەکات و دەڵێ: لەبەرئەوەی پێشتر هەواڵی ناردبووە کە بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە، منیشماڵم هەموو پاك و خاوێن کردەوە، هەرکاتێک لە دەرگای ماڵێ دەدرا، وامدەزانی دکتۆر عەبدولڕەحمانە، هەموو ئامادەکاریەکمان بۆ گەڕانەوەی کردبوو، خواردن و دۆڵمە و کفتە و هەموو خواردنی خۆشمان دروست کردبوو، دەرگا لێیدا کە چاوەڕوانمان دەکرد خۆی بێت، بەڵام ئەو جارە ژمارەیەک کەس لە پشت دەرگا وەستابوون، وەك مامۆژنە سۆرمێ خێزانی قادر بەسێ و کوڕەکانی بەناوی کەریم و عومەر، ئامینەی خێزانی عەبدولعەزیز و چەند کەسی تر، ئەوان هاتنە ژوورەوە و زانیم کە شتێك ڕوویداوە، ئەوان بە منیان گوت، دکتۆر عەبدولڕەحمان بریندارە و ئازادی براشی شەهید بووە، باوەڕەم نەکرد و گوتم شتی وا نییە دکتۆر شەهید بووبێت، هیچ ئاگام لە خۆم نەما. دواتر ئەوەی بە خەونم دەزانی، بووە ڕاستی و پرسەکەمان لە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی ئابیاری لە شاری ورمێ دانا.

عەبدوڵا هاودیانی لەبارەی پیلانە هاوبەشەکەی جاش و ئیستخبارات لە گوندی جەرا کە تێیدا شەش پێشمەرگەی قارەمان بەناوەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری، ئازاد زراری برای، کاکەڕەش، فەرەیدون، غەفار و ئەبو هاشم شەهید کران، دەڵێ: حکوومەت بە هەموو توانایەکی سەربازی و هەواڵگرییەوە بە دوای دکتۆر عەبدولڕەحمانەوە بوو، چەند مەفرەزەیەکی تایبەتی جاش و ئیستخباراتی ڕژێم بە سەرپەرشتی ڕائید ئەحمەدی ئەفسەری ئیستخبارات، بەرەبەیانی زووی ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠ بە پشتیوانی چەند هەلیکۆپتەرێک بە دابەزینی ئاسمانی تەواوی ناوچەکەیان گەمارۆدابوو. بە پێی زانیارییەکانی ئەوکات، هێزە هاوبەشەکەی جاش و ئیستخبارات بانگەوازیان لە پێشمەرگەکان کردبوو کە چواردەورەتان گەمارۆ دراوە و خۆتان ڕادەست بکەن، بەڵام دکتۆر عەبدولڕەحمان بانگەوازەکەی ڕەتکردبوونەوە و وەڵامی دابوونەوە، "پێشمەرگە کە چەکی بەدەستەوە بێت، چۆن خۆی ڕادەستی دوژمن دەکات"، بۆیە هەموویان بە دروشمی یان کوردستان یان نەمان بە تەقە وەڵامی هێزەکەی دوژمن دەدەنەوە.

عومەر قادر بەسێ بەمشێوەیە باس لە بۆسەکەی گوندی جەرا دەکات و دەڵێ: ئەو ڕۆژەی خاڵ حەمید ئەفەندی و ئەوان بۆ مۆڵەت دەڕۆیشتنەوە، ئێمە لە گەرووی کەچەلە بووین، بەرلەوەی بگەینە قەبری زاهیر، پاشنیوەڕۆکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان و ئەوانیش هاتن. هاوسەنگەرانی بە دکتۆریان گوتبوو هۆشیاری خۆیان بن، نەبادا بکەونە ناو بۆسەی دوژمن، چوونکە هەواڵ هەبوو، دوژمن لە جموجووڵێکدایە. هەرچەندە دکتۆر بۆ خۆی دەیگوت، "لە گوندی جەرا زۆر پشت ڕاست نیم، ناشزانم بۆ وام".

دوژمن، لە شاخە ڕەش دێنە خوارەوە، ئازادی برای بە دکتۆری دەڵێ، برا هەندێک کەس لێرەن، لە وەڵامدا پێی دەڵێ هیچ نییە و خەڵکن بۆ خۆیان

هاتوونەتە دەرەوە. سەرەتا دکتۆر و کاکەڕەش وەپێش دەکەون کە نارنجۆکیان پێبـــووە، فەرەیـــدونیش ڕەشاشـــی پێبـــووە. هەرچەنـــدە دوژمـــن داوای خۆبەدەستەوانیان لێ دەکات، بەڵام ئەوان ڕەتـی دەکەنەوە، بـۆیە هێـزەکەی دوژمن تەقەیان لێدەکەن، لەو شوێنەی ئازاد دکتۆری بـرای لە بـوونی خەڵـک ئاگادار دەکاتەوە، هەر لەوێ ئازاد بە گوللە دەکەوێت و دەمودەست شەهید دەبێـت، دکتـۆر نـارنجۆکەکەی هەڵـدەدا، بەڵام فریـا ناکەوێـت و لەولاوەش کاکەڕەش دەکەوێت، لەو شەڕە تەقەیەدا، دکتۆر بریندار دەبێت، بە برینداری خۆی دەگەیەنێتە لای کەندێک کە ئاوی لێیە. دواتر کە دنیا کەمێک ڕووناکتر دەبێت، دوژمن دەکەوێـتە پشـکنینی نـاوچەکە و تەرمەکـان کـۆ دەکەنەوە و فڕێیـان دەدەنە نـاو هەلیکۆپتەرێـک. دوژمـن کە تەرمـی دکتـۆر نـادۆزنەوە، جـارێکی دی شـوێنەکە تەی دەکەن، ئەمجـارە جاشـێک بە هـۆی چـۆڕاوکەی خـوێنی، دکتـۆر عەبـدولڕەحمان بە بریـنـداری دەدۆزێـتەوە، بەڵام دڵنیـای دەکاتەوە کە قسە ناکات و بەڵێنی پێ دەدات کە بە هیچ کەس ناڵێت، دکتۆر عەبدولڕەحمان پێی دەڵێ، باشـە، بەڵام ئەو تفەنـگەی خـۆتم بـدەرێ، پاشـان جاشێکی دی کە دەچێتە خوارەوە، دەبینێ دکتۆر عەبدولڕەحمان بە برینداری کەوتووە، سەردەستەی جاشەکان داوای خۆڕادەسـتکردن لە دکتـۆر دەکـات و بەڵێنی پێدەدا کە چارەسەری برینەکەی بۆ دەکـات و کارئاسـانی بـۆ دەکـات بگەڕێتەوە ئێران، لەبەرانـبەردا دکتـۆر عەبـدولڕەحمان، لەبەرئەوەی مـتمانەی بە خۆفرۆشان نەبووە، (بـە گێرانـەوەی یـەکێك لـە شـایەتحاڵەکان) ئەوەی بە زاریدا دێت، پێی دەڵێت و بێ منەتیشی دەکات و پێی دەڵێ "من خائین نیم، بۆ چەند دڵۆپە خـوێنێکیش لێـت ناپـاڕێمەوە، ئەگەر خـۆت بە پیـاو دەزانـی، وەرە ڕوبەڕووم ببەوە، نەک بە ترسنۆکانە پیلانم لـێ بگێـڕی. فەرمـوو مەرد بە و ئمکوژە کە بە دیلی کەوتوومەتە دەستی ئێوە".

هەر لەبارەی پیلانە هاوبەشەکەی جاش و ئیستخبارات، عەبدولعەزیز ئەحمەد دۆڵەمەری دەڵێ: هێزی دوژمن بە پشتیوانی هەلیکۆپتەری شەڕکەر گەمارۆی ناوچەکەیان دابوو، ژمارە و چەکی ئەو مەفرەزە قارەمانەی پێشمەرگە، بەراورد بە هێز و ژمارە و چەکی هێزەکەی دوژمن زۆر جیاواز بوو، سەرەتا ئازاد سلێمان زراری شەهید دەبێت، پاشان ئەوانی دی، دکتۆر عەبدولڕەحمانیش بە برینداری دەکەوێتە دەست دوژمن.

دکتۆر عەبدولڕەحمان کەورینی کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە ناسیاوی لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری هەبووە، بۆسەی شەهیدکردنی ئەو شەش قارەمانە بە پیلانێکی نامەردانە و نەک حەرامی ناو دەبات و دەڵێ: بە داخەوە لە گوندی جەرا پیلانیان بۆی دانا، کە بڕیاربووە شەو لەو گوندە بمێننەوە و بەیانییەکەی بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەک دەربچن. لەو گوندە گەروویەک هەبوو، لەناو ئەو گەرووە بۆسەیان بۆی دانابوویەوە، ئەوانیش بێ ئاگا لەوەی بۆسەیان بۆ دانراوەتەوە، دەکەونە ناو کەمینەکە، هەر شەشیان شەهید دەبن.

حەتەم جەلال[1] کە ئەوکات تەمەنی تەنیا دە ساڵ بووە، بەمشێوەیە چۆنیەتی شەهیدکردنی ئەو شەش پێشمەرگە قارەمانەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەوکاتە خەڵکی باسیان لە جاش و هەواڵگری

١- حەتەم جەلال: ساڵی ١٩٧٠ لە دیانا لە دایکبووە و ئێستا لە فەرماندەیی بارزان پێشمەرگەیە، لە سەردەمی شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان تەمەنی ١٠ ساڵانە بووە و بە چاوی خۆی بینووە تەرمی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و هاوسەنگەرانی لە ناو هەلیکۆپتەر هەڵدراونەتە خوارەوە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

عێراقی دەکرد و باشم لە بیرە، هەواڵ لەناو خەڵکی بڵاوبوویەوە کە تەرمی پێشمەرگەکان دەهێنرێتە فڕۆکەخانەی سەربازی دیانا، ئێمە سێ منداڵ لەسەر گردێک دانیشتبووین، ماڵی ئێمە بەرانبەر فڕۆکەخانەکە بوو، بە چاوی خۆمان هەلیکۆپتەرەکەمان بینی و لە بەرزاییی شەش حەوت مەتردا، تەرمەکانیان هەڵدایە خوارەوە، پاشان سەرباز و ئیستخبارات دەورەیان دا و تەرمەکانیان بردە مزگەوتی گەورەی دیانا.

وەلی دۆسکی هاوڕێی نزیکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و هاوسەنگەرانی، باس لە بیستنی هەواڵی شەهیدکردنی ئەو شەش پێشمەرگە قارەمانەی پارتی و بارزانی دەکات کە پێشتر چەندین چالاکیی نهێنیان لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان کردووە و دەڵێ: ئەو ڕۆژە تازە بە ئیجازە لە سەربازی گەڕابوومەوە، لە مزگەوتی گەورەی دیانا گوێم لە بانگەوازێک بوو و دەیگوت، "شەش تەرم لە مزگەوتن و داوا لە خێرخوازان دەکەین بێن و بیانشۆین و بە خاکیان بسپێرین".

دیاربوو خەڵکێک دەیانزانی ئەوانە تەرمی پێشمەرگەن. کاتێک چووم ژمارەیەک خەڵکی دی لەوێ بوون، تەرمەکان زۆر بێسەروبەر کرابوون، چوونکە جگە لەوەی لە هەلیکۆپتەر هەڵیاندابوونە خوارەوە، دیاربوو لەسەر زەویش ڕاکێشرابوون. کاتێک تەرمی دکتۆر و ئازادی برایم شووشت، ڕیشەکانیان پڕ بوو لە گیای سەتری، بە شانەیەک ڕیشەکەم جوان بۆ شانە کردن و خاوێن کردەوە. دوای شووشتن کفنیان هێنا، کەسمان شارەزاییمان لە کفن دوورین نەبوو، بۆیە پێیانم گوت بڕۆن دایکم بهێنن، دایکم هات و کفنەکانی دوورین. پاشان تەرمی شەهیدەکانمان بردە گۆڕستان. شەهید قەشە بنیامین خۆی لێم نزیک کردەوە و گوتی: تۆ دڵنیای ئەوە تەرمی دکتۆر عەبدولڕەحمانە؟ لە وەڵامدا گوتم: بەڵێ بە دەستی خۆم شۆریم.

موعین شێخزادە[1]، هاوسەنگەرێکی دیکەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بەو شێوەیە باسی شەهیدبوونی دکتۆر و هەڤاڵەکانی دەکات و دەڵێ: ئێمە لەگەڵ شەهید محیەدین شێخزادە بووین، بڕیار بوو، ڕۆژی ٩ی ئەیلوول مەفرەزەکەی دکتۆریش بگاتە لای ئێمە لە گەلی شێخزادەکان. ئێمە لە ناو گوندی کۆرمەمکی چاوەڕوانی گەیشتنی مەفرەزەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان بووین، بەڵام ئەوان لە وادەی خۆیان دواکەوتن، پاشان کەسێک هاتە لامان و گوتی، لەناو گوند بڕۆنە دەرەوە، هەلیکۆپتەر بە ئاسمانی ئەو ناوچەیە دەسوڕێتەوە، ئێمەش دەم ڕووبار و دەم ڕووبار، ڕووەو گوندی بەنان

---

١- موعین شێخزادە: موعین شێخۆ ئیبراهیم ناسراوە بە موعین شێحزادە، ساڵی ١٩٥٣ لە پاشپاری سەر بە ناحیەی سیدەکان لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧١ بووەتە پێشمەرگە لە بارەگای بارزانی، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ چووەتە ناوچە ئازادکراوە کانی لای دەشتە هێرتە و بێرگەمە، لە ساڵەکانی (١٩٧٨-١٩٨٠) لە لای شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی لە شەڕی لێلکان کردووە. بەشداریی داستانی خواکورك و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی کردووە، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبێت و لە ماوەی خزمەتی پێشمەرگایەتی چەندین پلە و پۆستی وەرگرتووە و ئێستاش لە خزمەتکردن بەردەوامە. ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك).

ڕۆیشتین، تا گەیشتینە گەلی شێخزادان، لەوێ پێشمەرگەیەکی گەنجی حزبی شیوعیمان بەناوی فاخر بینی کە لە مەفرەزە گەمارۆدراوەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان دەربازی ببوو، گوتی، هەر یەک لە دکتۆر عەبدولڕەحمان، ئازادی برای، کاکەڕەش، فەرەیدون، غەفار و ئەبو هاشم لە بۆسەیەکدا لە گوندی جەرا شەهید بوونە.

وەکو لە گێڕانەوەکان دەردەکەوێ، ناپاکی لە مەفرەزەکەی دکتۆر کراوە، کەسێک بە بیانووی بینینی باوکی ڕۆیشتووە و لە دکتۆریشی پرسیوە لە کوێ بێمەوە لاتان، دکتۆریش پێی گوتووە شەو دەچینە گوندی جەرا و بەیانییەکەشی دەچینە گەلی شێخزادەکان. لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا لەبارەی ئەو ناپاکییە، لە زاری فاخر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتێک هەستاین بەرەو گوندی ناوبراو بڕۆین، وەک ئاماژەیەک دووجار شەوقی لایتی دەستی لە گەرووی گوندی جەرا درا. شەهید فەرەیدون، دکتۆری لەو ئاماژەیە ئاگادار کردەوە کە ئەم لایت لێدانە، جێی گومانە، بەڵام دکتۆر وەڵامی دابوویەوە، لەوانەیە خەڵکی ئاوایی بن، بە دوای ماڵاتەکانیانەوە بگەڕێن. هەرچەندە چاویان بە چەند کەسێکی غەریب لە ناوچەکە کەوتووە، بەڵام دکتۆر پێیانی گوتووە، ئەوانە ناسراون، دوای ئەوەی فاخر دەربازی بووە، ئەوان کەوتوونەتە ناو بۆسە و لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێدەکرێ و شەهید دەبن.

## وەفای سەرۆک بارزانی بەرانبەر کەسوکاری شەهیدی قارەمان دکتۆر عەبدولڕەحمان

مەسعود بارزانی لە بەرگی چوارەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٧٥-١٩٩٠) و لە لاپەڕەی (٢١) دا، لە باسی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان سلێمان زراری نووسیویەتی ((ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٠، هەواڵمان بۆ هات کە لە ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا لە گوندی جەرا قارەمان، دکتۆر عەبدولڕەحمان سلێمان زراری لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی تر بە دەستی دوژمن شەهید بوون، جاشیش یارمەتیی حکوومەتیان داوە، وەک سەعید شێتنەیی و محەمەد تاهیر سەرۆکانی. دکتۆر عەبدولڕەحمان بە برینداری کەوتە دەستی حکوومەت و بە زیندوویی و برینداری لە هەلیکۆپتەرەوە هەڵدرایە خوارەوە. بەم هەواڵە زۆر نیگەران و دڵگران بووم)).

خاتوو خەجیج باس لە ژیانی خۆی و تاقە کچە دوو مانگییەکەی و ماڵی دایکی دکتۆر لە دوای شەهیدکردنی دکتۆر عەبدولڕەحمان دەکات و دەڵێ: دوای شەهید بوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان "عەیشێ" دایکی و "جیهانی" خوشکی، هاتنە شنۆیێ لای ئێمە و جلوبەرگیان بۆ شەرمینی کچەکەمان هێنابوو کە تاکە یادەوەری زیندووی دکتۆر بوو، دواتر چووینە ڕاژان ماڵی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و لەگەڵ خوالێخۆشبوو دایکە حەمایل و

هاوسەری جەنابی سەرۆك دانیشتین، پاشان کاك ئیدریس بارزانی زۆر زۆر بە خێرهاتنی ئێمەی کرد و لە وەزعی ئێمەی پرسی و شەرمینی لە باوەشی کرد، تا نوێژی ئێوارە لەوێ بووین و دواتر بە ئۆتۆمبێلی خۆیان ئێمەیان گەڕاندەوە شنۆیێ.

خاتوو جیهان باس لە سەردانی خۆیان بۆ ئێران و دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی دەکات و دەڵێ: هاوینی ساڵی ١٩٨٢، دوای ساڵیک و نیو زیاتر تێپەڕین بەسەر شەهید بوونی هەردوو براکەمان، من و دایکم سەردانی دیانامان کرد، لەوێوە چووینە ماڵی موختاری کەونە گوند، زۆر یارمەتیان داین، پاشان چووینە گوندی فەقیانی، لەوێ دوو هێستریان بۆ هێناین و چووینە بیرگەم کە بارەگای حەمید ئەفەندی لێبوو، بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، چوونکە ڕێگە نەبوو ئاودیوی ئێران بین. حەمید ئەفەندی کە لەگەڵمان دادەنیشت و باسی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانی دەکرد، لەگەڵ ئێمە دەستی بە گریان دەکرد. دواتر لە بێرگەمەوە ئێمەیان بە ئۆتۆمبێل بردە شنۆیێ، یەکسەر چووینە ماڵی خەجیجی براژنم کە لەگەڵ تاکە کچەکەی شەرمین دەژیا، دوو ڕۆژ لە لای ئەوان ماینەوە. پاشان سەردانی جەنابی سەرۆکمان کرد و سێ شەو لە لای ماینەوە. دواتر قسەی بۆ کردین و دڵی دایکم و خەجیجی براژنم و ئێمەی دایەوە. هەروەها داوای لە دایکم کرد، بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە هەولێر و لای ئەوان بمێنێتەوە.

دوای ئەوەی عێراق شاری ورمێ بۆمباران کرد، ماڵی ئێمەش کە لە ئابیاری لە ورمێ بوو، وەزع زۆر خراپ بوو، چەند مانگێک دوای شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمانی هاوسەرم و ئازادی برای لە ٩-٩-١٩٨٠، خوالێخۆشبوو حەسەن عەسکەری باوکم، سەردانی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی کرد و بە جەنابیانی گوتبوو کە دەیەوێت کچەکەی بباتەوە ماڵێ، جەنابی سەرۆك

بـارزانی فـەرمووی، کچەکـەت بـووکی منـە، ئەگـەر مێردیشـی کـرد، ئاگـادارم بکەنەوە، دوایی لەگەڵ باوکم چوومە شـنۆیێ و بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ هـەر ڕەشپووش بووم.

چەند ساڵ دواتـر، نـامەیەکم بـۆ جـەنابی سـەرۆك بـارزانی نـارد و گـوتم: ئەگەر خەسووم لە گەڵمدا بێت من شوو ناکەمـەوە، بـەڵام دایکـی هاوسـەرم گوتی ناتوانێت خەجیج و شەرمین بە خێو بکات، چونکە خۆی بـێ مـاڵ بـوو. دواتر سەباح سرینی داوای منی لە جەنابی سەرۆك بارزانی کرد و شووم پێـی کرد.

دوای ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩٥ لـە دهـۆك جـەنابی سـەرۆك بـارزانی، مـن و شەرمین و سەباحی هاوسەرمی بانگهێشت کـرد، جـەنابی سـەرۆك بـارزانی و نێچیرڤان بارزانی لە گەڵ ئێمە و شـەرمینی کچـم دانیشـتن و زۆر ڕێزیـان لـە ئێمە گرت.

## شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری
## لە دیدی هاوڕێبازاکانییەوە

چیرۆکی ژیانی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانمان، وشه بە وشـە لە بیردانـی خوشکی و هاوسەری و هاوسەنگەرانییەوە دەرهێناوە و کردوومانەتە ڕسـتە و پەرەگراف، تا ئەم پەرتووکەی لێ وەبەرهات، لەمەودواش ئەرکێـک دەکەوێـتە ئەستۆی دەرهێنەران و سیناریۆنووسەکانی کورد، بـۆئەوەی بە فلـیم چیرۆکـی ژیانی ئەو کەڵەمێرانەی بە خوێنی ئاڵی خۆیان ئەمڕۆیان دروست کردووە، بە نەوەی دوای ڕاپەڕین و نەوەکـانی داهـاتوو ئاشـنا بـکەن کە ئەوەی هەیە بە خـوێن بەدەسـتهاتووە و ئەرکـی هەمووانیشـە، ئەگەر پێویسـتی کـردەوە بە خــوێن بەرگــی لەو ئــازادییە بــکەن کە کردووشــیانە، وەک ئەوەی دژ بە ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش و حەشـدی شـەعبی و هاوکارەکانیـان کـرا. لەبارەی قارەمانیەتی و دڵسـۆزی شـەهید دکتـۆر عەبـدولڕەحمان بـۆ ڕێبـازی بـارزانی و ڕزگـاریی کوردسـتان، هاوسـەنگەر و هەڤـاڵانی بەمشـێوەیە باسـی دەکەن:



**وەلی بەگ هاودیانی:**

نەیدەزانی ماندووبوون چییە، شەهیدبوونی بۆ خۆی دانابوو.



**فەرحان جەوهەر:**

باوکم دەیگێڕایەوە کە دکتۆر عەبدولڕەحمان، بە قارەمانیەتی و چاپوکیی خۆی دوژمنانی تووشی ترس و تۆقین کردبوو.




**شەوکەت حەسکۆ:**

سیخوڕەکان، زراویان لێی ڕژابوو، چوونکە دەیانزانی دەستیان لێ ناپارێزێ.



**موسا شێخانەیی:**

پێشمەرگەیەکی قارەمان و خۆشەویستی خەڵکی دەڤەری بارزان و دیانا بوو.



**حەدۆ حەسەن شێخانەیی:**

پێشمەرگەیەکی قسەخۆش و هوشیاربوو.



**خۆشەوی مستەفا:**

قەڵەم و کتێب دۆستێکی نزیکی دکتۆر بوون و لە خۆی جودا نەدەکردنەوە.



**باپیر چەتۆ:**

مرۆڤێکی ڕوح سووک و چالاک و مێرخاس بوو.



**حەسەن تونیار:**

لە ساڵیادی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩، لە چیای برادۆست لە دوازدە لوتکە ئاگری کردەوە.



**ئامینە جەوهەر:**

کە دەمگوت، ئاگاداری خۆت بە، بەردەوام دەیگوت، ئەگەر لە پێناو کوردایەتی شەهید بم، بۆ من شانازییە.



**وەلی دۆسکی:**

لە چاونەترسی و دڵسۆزی بۆ ڕێبازی بارزانی، قارەمانی وەک دکتۆر عەبدولڕەحمان کەم بوون.



**خەجیج حەسەن عەسکەری:**

مرۆڤێکی دەم بە خەندە و ڕووخۆش بوو، زۆر ڕێزی لێدەگرتم.



**عومەر قادر بەسێ:**

کادیرێکی پڕ لە زانیاری و بە هێبەت بوو.



**جیهان سلێمان قادر:**

تا ماوم کراسە بە خوێنەکەی وەک بیلبیلەی چاوم دەپارێزم.



**سورمێ نەبی:**

مرۆڤێکی ڕاستگۆ و زیرەک و قارەمان بوو.



**حەتەم جەلال:**

لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی ناو شار زۆر چاپووک بوو.




**حەمید ئەفەندی:**

بـــۆ هەڤـــاڵانی و فەرمانەکـــانی ســـەرووی خـــۆی، فەرماندەیەکی ڕاستگۆ و بەوەفا بوو.



**عەبدولعەزیز ئەحمەد دۆڵەمەری:**

کەسێکی دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی بوو.



**عەبدوڵا هاودیانی:**

بە جموجـــووڵە ناوازەکـــانی حکـــومەت و جـــاش و سیخوڕەکانی هەراسان کردبوو.




**جەوهەر خورشید:**

چەندە خۆشحاڵ بووم، کاتێک داواکارییەکـانی ئەوم گەیاندە لای ڕێکخستنەکانی ناو شار.



**عومەر حاجی سەعید:**

لە شەو ڕۆیشتندا هەمیشە لە بەرایی دەڕۆیشت.



**لەتیف خورشید:**

هەمیشــە خــۆی بە قەرزاری خەڵکـی ئاواییەکـانی ناوچەکە دەزانی.



**حەمەد حاجی سەعید کەونەگوندی:**

چالاکییەکانی بە ڕاوێژ و پلان ئەنجام دەدا.



**مەجید محەمەدئەمین ڕەشۆ:**

ئاوات و خەونی ڕزگاربوونی کوردستان بوو.



**حەمەد نەبی قادر:**

بەردەوام لە جووڵەدا بوو.



**مەلا سەعید دێڵزی:**

یادەوەرییەکـــانی خـــۆی دەنووســـیەوە، بەڵام دەفتەرەکەی کەوتە دەست حکومەت.



**نەجیم سەعید گۆج:**

هەرچییەکی داوای بکردابا، بۆمان جێبەجێ دەکرد.



**عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسووڵ:**

هەمیشـــە کـــۆڕ و دانیشـــتنەکانی بە گفتوگـــۆ گەرم دەکرد.



**دکتۆر عەبدولڕەحمان کەورینی:**

کەسێکی چالاک و لێهاتوو بوو.



**کاکۆ حاجی بایز:**

بە ڕاستی قارەمان و کوردپەروەر بوو.



**دکتۆر حەمید دەربەندی:**

کەسێکی بە توانا و لەسەرخۆ بوو.



**موعین شێخزادە:**

لە دانیشـــتنەکاندا بەردەوام باســـی کـــوردایەتی و شۆڕشی بۆ دەکردین.



**عەبدولڕەحمان حاجی ڕەسوڵ:**

فەرماندەیـــەکی وەفـــاداربوو بەرامبـــەر هـــەڤاڵ و هاوسەنگەرانی



**فریاد شێخۆ ئیبراهیم زراری:**

نازنـــاوی گوندەکـــەی ئێمـــەی هـــەڵگرت و لـــەنێو پێشـمەرگە و خـەڵکی دەڤەرەکـە بـە عەبـدولڕەحمان زراری ناسرا.



**شەرمین دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری:**

شـانازی دەکـەم کچـی قارەمـانێکی کـوردم و بـەو بۆنەیەوە لەنێو خەڵکی ڕێزم دەگیرێت.



**حاجی فەتاح حاجی مستەفا بەگ دێلزی:**

لە بەر خۆشەویستی خەڵکانێك کوڕەکەیان بە ناوی ئەو قارەمانە کردووە.

# پێنج شەهیدی هاوسەنگەر

کاتێک لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠، مەفرەزەکەی دکتۆر عەبـدولڕەحمان زرازی لە گوندی جەرا بە پیلانی جاشە خیانەتکارەکان کەوتە بۆسەی دوژمن و خۆی بریندار دەبێت و دواتـر شـەهید دەبێـت، لەگەڵیـدا هەر پێـنج قارەمـانەکەی دیکەی مەفرەزە تایبەتییەکەی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، بەناوەکـانی (کاکەڕەش، ئازاد، فەرەیدوون، غەفار و ئەبو هاشم) شـەهید بـوون، دەسـتەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لەم پەرتـووکەدا بە پێویسـت و ئەرکی خۆی زانی، بەدوای ناسنامە و سەربردەی ژیـانی ئەو پێـنجە شـەهیدە بگەڕێت، تا نەوەی ئێستا بە قارەمانە بوێر و گیـان لەسەردەستەکانی خۆیـان ئاشـــنابن و تێـــبگەن ئەوەی بەدەســـتهاتووە، بە خـــوێنی ڕۆڵە بـــوێر و چاونەترسـەکانی گەلەکەیـان بـووە و لە ڕۆژانێـک خـوێنی خۆیـان کـردووەتە خەڵاتی ئازادیی کوردستان، بۆئەوەی ڕۆڵەکـانی ئەم گەلە دوور لە دەسـەڵاتی داگیرکار لەسەر خاکی نیشتیمان بە سەرفرازی بژین.

- **شەهید دکتۆر کاکەڕەش ئەحمەد حوسێن:**



کاکـەڕەش ئەحمـەد حوسـێن، سـاڵی ١٩٥٢ لـە گونـدی سـیدان سـەر بـە پارێزگـای هـەولێر لـە دایکبـووە، هەر لـە تەمـەنی لاوێتیـدا تێکەڵـی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەبێت. لە یەککاتـدا بـۆ پەیـداکردنی بژێـوی ژیان، هەم کاردەکـات و هەم دەخـوێنی، تـا قۆنـاغی ئامـادەیی تەواو دەکـات. خـاتوو زەکیـا خوشـکی شـەهید کاکـەڕەش لەبـارەی هاوسـەنگی کردنـی بـراکەی لەنێـوان کـار و خوێنـدن و ڕێکخسـتنی پارتایەتی گێڕایەوە و گـوتی: لـە هـەولێر ئەسـعەد و شەهید کاکە ڕەشـی بـرام لـە سـەرووی چوارڕیـانی عـەنکاوە، فڕنـی نانیـان هـەبوو. شـەهید کاکـەڕەش دوای گەڕانەوەی لە قوتابخانـە، دەچـوو لە فڕنـی یارمـەتی براکـانی دەدا، لـە یادمە شەوێك ئەسعەدی برام گوتی: ئەفسـەرێکی ئیسـتخباراتی عێـراق سـەر لەسەرم هەڵناگرێت و زۆرم بۆ دێنێ کە هاوکارییان بکەم و زانیاریـان لەسـەر مـاڵە پێشـمەرگە بـدەمێ، تەنـانەت ئەو ئەفسـەرە کە بە عەقیـد جەعـفەر نـاسراوبوو، کاتێـک هەسـت دەکـات ئەسـعەدی بـرام نـاچێتە ژێـر بـاری داواکارییەکەی، هەڵیکوتابووە سەر ئەسعەدی برام و زۆری لێدابوو.

پایزی سـاڵی ١٩٧٢، کاکـەڕەش لە تـۆڵەی ئەسعەد لـە ترافیکـی عـەنکاوە ڕێگای لەو عەقید جەعفەرە گرت و بە دەمانچـە ئـەو خیانـەتکارەی کوشـت، پاشان کاکەڕەش بە دەمانچەوە دێتەوە ماڵ، خەیاڵ عـەزیزی خوالێخۆشـبووی

دایکم دەمانچەکە لە کاکەڕەش وەردەگرێت و دەیشارێتەوە و پێی دەڵێت، بڕۆ بۆ ماوەیەك خۆت لەوناوە بزر بکە. دواتر حکومەت هاتنە سەر ماڵمان و ئەو ماڵەیان سەراوبن کرد، تەنیا دوو خەنجەریان دۆزیەوە و وێنەی کاکەڕەشیشیان لە گەڵ خۆیان برد. هەروەها دایکیشمانی دەستگیرکرد و نزیکەی ٧ ڕۆژ لە بەندیخانەی هەولێر مایەوە. پاشان کاکەڕەش کە زانی دایکمان دەستگیر کراوە، خۆی چوو دائیرەی ئەمن. دواتر دایکمان ئازاد کرا، هەرچەندە زۆر ئەشکەنجەی کاکەڕەشیان دابوو، تا ئیعتراف بکات، ئەو ئەفسەرەکەی کوشتووە، بەڵام کاکەڕەش نکۆڵی کردبوو کە ئەو ئەفسەری کوشتبێت و ئاگادار بێت. بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەندینخانەی پۆلیس هێشتیانەوە، پاشان ڕەوانەی زیندانی مەحەتە کرا و هەشت مانگیش لەوێ بوو، پاشان بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرا، بەڵام خەیاڵی دایکم چۆکی نەدا و بەردەوام بە دوای کارەکانی کاکەڕەش بوو و تەواوی پەڕاوەکانی کاکەڕەشی بردە بەغدا، لە ئەنجامدا دادگا پێداچوونەوەی بە حوکمەکە کرد و بووە ١٥ ساڵ، پاشان کاکەڕەش گواسترایەوە بەندیخانەی بادۆش لە موسڵ.

کاکەڕەش زیاتر لە ٥ ساڵ لە بەندیخانەی موسڵ مایەوە، سەرەنجام بڕیاری ڕاکردن دەدات، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ جەلال کاکۆ تەها لەگەڵ پاسەوانەکان دەکاتە شەڕ و دەرگا دەشکێنن و ڕادەکەن، لەبەرئەوەی دەیزانی حکومەت بە دوایان دەگەڕی، بۆیە بە پێ بە ٧ ڕۆژ خۆیان دەگەیننە بن قەڵاتی هەولێر، پاشان دەچێتە ماڵی خوالێخۆشبوو عەیشێی پورمان، واتە ماڵی کاك ئەمین سیدانی کە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دوو برای بەناوەکانی  فەتاح سیدانی و ڕەزا سیدانی شەهید بوون.

پاشان عەیشێی پورم هەواڵی بۆ دایکم نارد کە کاکەڕەشی کوڕی گەڕاوەتەوە و لە ماڵی ئەوانە، دایکم چووە گوندی سیدان و کەسێکی هێنا

کە ئۆتۆمبیلێکی جێبی هەبوو، کاکەڕەشی ڕەوانەی ئێران کرد.

خاتوو زەکیا باسی ڕۆژان و بەسەرهاتەکانی دوای دەرچوونی کاکەڕەش دەکات و گوتی: زۆر دەردسەریمان بینی و هەموو جار حکومەت و ئەمن دەهاتنە سەر ماڵمان. جارێکیان باوکمان لە سەر نوێژ بوو و هاتن لە گەڵ خۆیان بردە ئەمن و بە باوکمیان گوت دەبێ شوێنی کوڕەکەتمان پێ نیشان بدەی، باوکم گوتی: تەنیا دەزانم ئەو لە زیندانی موسڵ دایە. حکومەتی بەعس و ئیستخبارات زۆر ئەشکەنجەی باوکمانیدا و هەموو ددانەکانیان بە "کەربەت" دەرهێنابوو.

سەعیدی برا بچووکی کاکەڕەش، ئەوکات تەمەنی نزیکی ١٠ ساڵان بوو لە گێڕانەوەکەیدا باسی لەوە کرد کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ دایکی چووەتە ئێران بۆ سەردانی کاکەڕەشی برای و دەڵێ: لە حاجی ئۆمەرانەوە چووینە خانێ، دواتر چووینە مەهاباد، کاکەڕەش بە بینی من و دایکم زۆر دڵخۆش بوو، پاشان لە مەهاباد ئێمەی بردە ماڵی هاوڕێیەکی، ئەو ماڵە کاکەڕەشیان زۆر خۆشدەویست، وەك کوڕی ماڵ ڕەفتاریان لە گەڵ دەکرد، نزیکی یەك حەفتە لەوێ ماینەوە، کاکەڕەش بە دایکمی گوت لە لایەن پارتییەوە لە مەهاباد خولێکی برینپێچم بینیوە و ئێستا دکتۆرم و پێشمەرگەی پارتیم.

سەعید گوتی: جارێک لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ دایکم چووینەوە ئێران، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەماندا لە بازگەی مەسیف ئیستخبارات دایکمی گرت، دایکم تۆماریکی دەنگی پێشمەرگەکانی پێ بوو، کە دایکمیان گرت، جانتاکەی بە مندا.

زەکیا لە هەندێك لە بیرەوەرییەکانی باسی پەیوەندی نێوان شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و کاکەڕەشی برای دەکات و دەڵێ: ئەو لەگەڵ دکتۆر

عەبـدولڕەحمان پێکـەوە لـە پێشـمەرگایەتی بـوون و هـەتا بـە مـەفرەزەو دەچوونە ناوچەی مێرگەسۆر و برادۆست و دیانا، سەعید دەڵێ: من و زەکیای خوشکم لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان گوێمان لە هەواڵی شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان و ئازادی برا و دکتۆر کاکەڕەش و فەرەیدون و غەفار و ئـەبو هاشم بوو.

- **شەهید ئازاد سلێمان قادر زراری:**



شەهید ئازاد زراری ساڵی ١٩٦١ لە قەزای مێرگەسۆر سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، برای شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانە. ساڵی ١٩٧٤ ماڵیان لە گەلاڵە بووە، کاتێک فڕۆکەکانی ڕژێم گەلاڵەیان بۆمباران کرد، ئەوان چوونەتە ئێران، ساڵی ١٩٧٦گەڕانەوونەتەوە لە لە گەڕەکی موفتی لە هەولێر نیشتەجێ بوونە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگە دەکات. لە ٩-٩-١٩٨٠ لە گەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمانی برای و هەر چووار هاوسەنگەرەکەی لە گوندی جەرا بە پلانی خیانەتکاری شەهید دەبن.

- **شەهید فەرەیدوون وەردە زریا:**



شەهید فەرەیدوون وەردە زریا، ساڵی ١٩٥٢ لە کۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، لە سەرەتای ساڵانی حەفتا لە ناوچەی باڵەکایەتی و گەڵاڵە و بووەتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی ٦ سەر بەهێزی باڵەك، پاشان زستانی ساڵی ١٩٧٤ لە گەڵاڵە دەچێتە لای شەهید فەرەنسۆ هەریری.

پاش نسكۆ ئاوارەی ئێران دەبێت و دەكەوێتە ناوچەی بوشەهر. ساڵی ١٩٧٩ دوای ڕوخسەت وەرگرتن لە فرەنسۆ هەریری دەبێتە پێشمەرگە لە مەفرەزەكەی دکتۆر عەبدولڕەحمان. فەرەیدون ئەو كوڕە بە ئاین مەسیحی بوو، بەردەوام لە پێشمەرگایەتی جامانەی سووری دەبەست.

ڕۆژی ٩-٩-١٩٨٠ لە گوندی جەرا بە پیلانی خیانەتكاری شەهید دەبێت.

- **شەهید غەفار جەمال محەمەدئەمین:**




شەهید غەفار جەمال ناسراو بە (ئامانج) ساڵی ١٩٥١ لە ڕەواندز سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە و دەرچووی ٦ی ئامادەیی بەشی وێژەیی بوو، لە تەمەنی لاوێتی لە ناو حزبی شیوعی بووە، کوڕی جەمال چاوشینە کە لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٦٥ شەهید دەبێت.

شەهید غەفار ساڵی ١٩٧٠ ناوی بۆ زانکۆ لە بەشی ئەدەبیات دەردەچێت و بە هۆی تێکەڵبوونی بە سیاسەت. لە ساڵەکانی ١٩٧٦- ١٩٧٨ چەندجار لە لایەن ڕژێمی بە عسی دەستگیرکراوە.

شەهید غەفار ئامر مەفرەزەی سنووری ڕەواندز و سۆرانی حزبی شیوعی بووە لەگەڵ ئەبو هاشم کە خەڵکی بەغدایە، هەردووکیان لەچوارچێوەی بەرەی جود لەگەڵ مەفرەزەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زرایدا بوون کە پێکەوە ڕۆژی ٩-٩-١٩٨٠ لە گوندی جەرا بە پیلانێکی خیانەتکاران شەهید دەبێت. جێی باسە، سێ برای دیکەی بەناوەکانی مەهدی جەمال ساڵی ١٩٨٢ و ماجد جەمال پایزی ١٩٨٢ و محەمەدسور جەمال ساڵی ١٩٩٨ شەهید بوونە. هەروەها مامێکی بە ناوی فاروق محەمەدئەمین و خاڵێکیان ساڵی ١٩٧٤ شەهیدن.

## • شەهید جەبار فنجان ئەبو هاشم:




جەبار فنجان، ناسراو بە ئەبو هاشم، ساڵی ١٩٤٣ لە خێزانێکی نیشتیمانپەروەر لە بەغدا لە دایکبووە و ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزی لایەنگرانی تشرینی دووەم دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان. بەهۆی ئەوەی ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بوو، لە ساڵانی ١٩٧٠، ١٩٧٢ و ١٩٧٨ لە لایەن دەزگاکانی ئەوسای ڕژێم چەندینجار دەستگیر دەکرێت، هەڤاڵانی لێی دەگێرنەوە کە زۆر چاونەترسانە ڕوبەڕووی جەلادەکان بووەوە. ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لەگەڵ هاوسەنگەرانی دەکەوێتە بۆسەیەکی دوژمن و لە ڕوبەڕوونەوەیەکدا لە گوندی جەرای سەر بە ناحیەی سیدەکان گیانی خۆی پێشکەشی ڕزگارکردنی نیشتیمان دەکات و شەهید دەبێت، تەرمەکەشی لە لایەن خەڵکی خێرخوازی کوردستان لە دیانا بە خاک دەسپێردرێت.

# کۆتایی

دڵنیاین لەم گێڕانەوەیەدا، مافی تەواومان بە ڕوحی پاکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و هاوسەنگەرانی نەداوە، چوونکە هەرچەندە وەک هاوسەنگەرانی دەگێڕنەوە، هەمیشە قەڵەم و دەفتەری پێبووە و ڕۆژانە یادەوەرییەکانی نووسیوەتەوە، بەڵام لە دوای شەهیدکردنی، ئەو یادەوەریانەشی کەوتووەتە دەستی دوژمن، نەبادا ڕۆژێک لە ڕۆژان بکەوێتە دەستی ڕۆڵەکانی کورد و بڵاوی بکەنەوە، تا قارەمانەکانی خۆیان بناسن.

بۆیە لێرەوە ڕووی نووسینمان دەکەینە هەموو ئەوانەی شتێکیان لایە، ئاگادارمان بکەنەوە، بۆئەوەی لە چاپی داهاتوودا، بتوانین بە جوانترین شێوە ژیان و چالاکیی شەهیدەکانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانتان پێ بناسێنین و ڕووی خیانەتکارانیش زیاتر ڕەش بن و شەرم لە کوردبوونی خۆیان بکەنەوە.

دڵنیاین، کاتێک ئێوەی خوێنەر چیرۆکی ژیانی قارەمانێک دەخوێننەوە کە چ ترسێکی خستووەتە دڵی دوژمن، بەڵام بە دەستی خیانەت شەهید دەکرێن، ڕقتان بەرانبەر خاکفرۆش و چڵکاوخۆرانی داگیرکار ئەستوورتر بێت.

هەر لێرەوە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، قوتابخانەیەک، یان سەنتەرێکی ڕۆشنبیری بەناوی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان بکرێت، تا ناوی هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە و خیانەتکارانیش بە خوێندنەوەی ناو و یادگارە زیندووەکانی زیاتر بتلێنەوە.


# ئەلبوومی وێنەکان






شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری





لەمانگی
۸ - ۱۹۷۰
ستوديو گویژه
السليمانيه




ستوديو گويژه
السليمانية




١-٢-١٩٧١
ستوديو گويژه
السليمانيه



ه. چنار. لەزۆر -

١٩٦٠

١ - ٦ -




شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری لە گەڵ
هەڤاڵی شەهید مەجید دەربەندی لە شۆڕشی
مەزنی ئەیلوول




١٩٧٠-٥-١




لە رۆژی ١٧/١١/١٩٧٠ لەگەڵ برادەرانی کاک
و کاک جلال قادر و کاک جمیل محمد احمد و کاک
سلطان محمد و ئەو رۆژە خۆش حاڵ بووم
و لە مصرف الدم
ستوديو رؤوف
سليمانية
١٧/١١/١٩٧٠
مقابل الجامع الكبير




شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و شەهید
ئازاد و جیهانی خوشکە بچووکی لە سەردەمی
شۆڕشی مەزنی ئەیلوول






لە رۆژی ٥-٢-١٩٩٩ ئەم رەسمەم کێشا لەگەڵ
شاکر محمود و مستەفا پۆلیس





لەشاری سلیمانی
بۆ یادگار






٦ - ٥ - ١٩٧١





ڕۆژێک پێش بوونم بە عەسکەر














شەهید ئازاد سلێمان قادر و هەڤاڵێکی لە ئێران

ساڵی ١٩٨٠




شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری ئەوکاتەی
لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی مەهاباد لە کاتی
کارکردن ڕێکەوتی ١١-٧-١٩٧٥



لەلای ڕاستەوە جیهان سلێمان و عەیشە خانی
دایکی و شەهید کەریم ئەبابەکر ساڵی ١٩٨١



لە ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی
٢٤ / ١٠ / ١٩٧٤ ئەم وێنەیەمان
گرت لەگەڵ برادەران لە گوندی
حاجی عومەران



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و شەهید
دکتۆر کاکە ڕەش ئەحمەد حوسێن،

ئێران- مەهاباد ١٢-١٠-١٩٧٧



وەستاوەکان لەلای ڕاست سەباح شێخانەیی و
شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و عەبدولعەزیز
کەریم، دەروێش حەمەدئەمین



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و شەهیدی
فەرماندە حەمەدئەمین زراری لە ساڵی ١٩٧٨



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و خەجیج
حەسەنی هاوژینی

ساڵی ١٩٧٩ شنۆ




شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و خەجیجی
هاوژینی و عەریف ئەحمەد

شنۆ ساڵی ١٩٧٩




فەرماندە حەمید ئەفەندی و شەهید دکتۆر
عەبدولڕەحمان زراری



مەفرەزەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان
لە لای ڕاستەوە عەبدوڵلا شێخانەیی، میرخان
شێخانەیی، بەدرو چەتۆ، شجاع شێخانەیی
لە ڕاست لە خوارەوە ڕەشید شێخانەیی و مستەفا
ئەلیاس. ساڵی ١٩٧٩








دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و ئەحمەد برنۆ



لە ڕاستەوە ئەحمەد برنۆ، نەناسراوە، شەهید
دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری



لە لای ڕاست لە سەرەوە حەمەدئەمین حەسەن گەردی، قادر بەسێ، عەبدولعەزیز کەریم، کەمال تەمەرخان گەردی، لە لای ڕاست لە خوارەوە لەتیف خورشید تەمەرخان، ئیبراهیم برادۆستی و محەمەد حەسەن شوکر مهاجر. ساڵی ١٩٧٧لە هێزی برادۆست



لە ناوەڕاست محەمەد شورتە و لە ڕاست
نەناسراە، شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زرازی لە
ئاوارەییدا لە ئێران



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و پۆلێك پێشمەرگە و
ئەندازیارە ڕفێنراوەکە


ساڵی ١٩٧٩



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و پۆلێك پێشمەرگە
ساڵی ١٩٧٩



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و
عەبدولڕەحمان حاجی عەلی



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و پۆلێك پێشمەرگە
ساڵی ١٩٧٨



شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و عەبدوڵا
ڕۆژبەیانی



لە لای ڕاست شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری و
دکتۆر حەمید دەربەندی و  ئەحمەد عایز ڕۆژانی
ئاوارەیی لە ئێران



شەهید ڕەشۆ ئەحمۆ شێخانەیی لە ١١-٣-١٩٨٠
لە کەندی دیانا شەهید بوو




لە ڕاستەوە جیهان سلێمان و خاڵ مەلا سەعید
دێلزی و عەیشەخان ، خوشك و دایکی شەهید
دکتۆر عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٧٩



عەتیە حەسەن عەسکەر و خەجیج حەسەن
هاوژینی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان و
شەرمینی کچە تاقانەکەیان




مەحمود محەمەد ئینزبات و جیهان سلێمان و
عەیشەخان لە گوندی فەقیان لەکاتی
سەردانکردنی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان،
ساڵی ١٩٧٩




شەهید فەرەیدوون مەسیحی، شاکر ئاڤدەلخان و
عەریف ئەحمەد




شەهید فەرەیدوون مەسیحی و گۆرگیس یەڵدا





مجلس قيادة الثورة
المكتب التنفيذي
قسم الصحة والتعليم
... السيد عبد الرحمن سليمان ...
الملصق صورته في الجهة المقابلة تخرج من
دورة المضمدين الصحيين بصفة مضمد ...
تاريخ الاصدار / ١ / ٤ /١٩٦٨
رقم الشهادة ... ٥٠ ...
[illegible] دورة ... [illegible] ...

بەشی تەندروستی و زانیاری





بڕوانامەی دەرچوون

دەورەی پێنجەمی برینپێچی

ژمارەی تۆمار : ٥٠

ناوی تەواو : عبدالرحمن سلیمان :

| زنجیره | وانەکان | نمرە بە ژمارە | نمرە بە نووسین | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١) | فسلجە و تشریح | ٥٠ | پەنجا | |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | شەست | |
| ٣) | تضمید واسعافات | ٧٢ | حەفتا و دوو | |
| ٤) | دەرزی لێدان | ٧٨ | حەفتا و هەشت | |
| ٥) | صحەی عامە | ٧٦ | حەفتا و شەش | |
| ٦) | صیدلیە | ٥٧ | پەنجا و حەوت | |
| ٧) | شۆڕشی کورد | ٨٩ | هەشتا و نۆ | |
| | هەمووی | ٤٩٢ | چوارسەد و نەوەد و دوو | |

هەڵگری بڕوانامە کە لە سەرەوە ناوی نووسراوە وەکوو دیارە ؛ خوێندنی وانەکانی دەورەی پێنجەمی برینپێچی تەواو کرد و لە تاقی کردنەوەی کۆتایی دا بە (( سابحی )) دەرچووە، بۆیە ئەم بڕوانامەیان لە ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١ دا پێ درا .

بەشی تەندروستی و ڕاهێنان



ختم وتصديق المحافظة

وزارة التربية

مديرية مدرسة ثانوية اربيل

العدد / ٨٦٧

التاريخ ٢٥/١٠/١٩٧١

رقم القيد /

الى / مديرية شرطة مرور اربيل

ان عبدالرحمن سليمان قادر الملصقة صورته اعلاه هو احد طلاب الصف الرابع العام من مدرستنا دخل الامتحان للسنة ١٩٧١ ـ ١٩٧ وكانت نتيجته / ناجح في الدور / الاول

وحاز على الدرجات المدرجة في ظهرها وبناء على طلبه زود بهذه الوثيقة

١ـ قبل بموجب شهادة النقل المرقمة ... الصادرة من مدرسة ...

٢ـ الوثيقة التي زود بها سابقاً

نوع الوثيقة | رقمها | تاريخها | الجهة التي زودته بالوثيقة

٣ـ الصفوف التي رسب فيها وعدد سنوات الرسوب وسبب الرسوب ( المرض او غيره )

٤ـ الدروس التي اكمل فيها .

٥ـ سلوكه وانتظام دوامه .

٦ـ تاريخ تركه المدرسة .


٧ـ هل زود بوثيقة نقل

٨ـ تاريخ التخرج .

ملاحظ / كاتب المدرسة

٢٥ تشرين الاول ١٩٧١

مدير المدرسة



النقيب

او

رئيس الفرع خضير عباس الحداد

الاسم والشهرة عبدالرحمن سليمان قادر

الوظيفة موظف

العنوان الدائم


محل الولادة وتاريخها ١٩٥٢

المحافظة ذي قار

تاريخ الانتماء

السكرتير ميسر عبدالله

رئيس الفرع خضير عباس الحداد



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة الصحة
رئاسة صحة محافظة السليمانية
(الذاتية)
العدد / ١٢٠٠٧
التاريخ / ٨ / ٣ / ١٩٧٠

رواندوز

الى / مديرية تجنيد منطقة السليمانية
م / قبول

في النية قبول السيد ( عبدالرحمن سليمان نادر ) في دورة المضمدين التي تفتح في رئاستنا ومن شروط القبول ان يكون مؤجلا بسبب الاعالة او اكمل خدمة العلم ولا يقبل من كان مؤجلا لاسباب دراسية لذا يرجى اعلامنا برأيكم عنه.

عبدالقادر عبدالرحيم الشالجي
الدكتور كمال عبدالله الخطابي
رئيس صحة محافظة السليمانية

كاتب الصادرة
رئاسة صحة محافظة السليمانية


صورة منه الى /
اللجنة الطبية / يرجى فحصه وبيان رأيكم عن مدى صلاحيته للقبول في الدورة ونحبذ ان تطلع اللجنة على دفتر خدمته العسكرية قبل الفحص.
الادارة والذاتية / مع المرفقات / للتعقيب

محمد / ٣/١١

طبابة العسكرية
B.S.R
رئيس اللجنة
٧٠/٣/١١



گوندی جەرا، شوێنی شەهیدکردنی
شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری



گۆرستانی دیانا، مەزاری شەهید دکتۆر
عەبدولڕەحمان زراری و هەڤاڵانی



پارچە کراسێکی خوێناوی شەهید
دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری، تەنیا
یادگاری شەهید بۆ خێزانەکەی.

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.